تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5718) چوارشەممە 27ی ئادار 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بارەگای بارزانی وەڵامی پیاوە شکستخواردووەکە دەداتەوە

پێشمەرگە بە قارەمانێتیی خۆی پیلانی نەگریسی عەبادی لە گۆڕنا و عەبادیش خۆی باش ئەوە دەزانێت

ئەوانەی تەنسیقیان لەگەڵ عەبادی کرد خائین و نیشتمانفرۆشن

ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە عەبادی هەرگیز چاوی بە مووسڵ نەدەکەوت تا خۆی پێ هەڵکێشێت

نووسینگەی راگەیاندنی بارەگای بارزانی لە وەڵامی چاوپێکەوتنێکی حەیدەر عەبادی، راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی راگەیەندراوەکەدا هاتووە: عەبادی کەسێکی بێ وەفا بوو بەرانبەر پێشمەرگە و گەلی کوردستان، ئەگەر پێشمەرگە نەبا کەسێکی وەک ئەو هەرگیز چاوی بە مووسڵ نەدەکەوت بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتن بەسەر داعشدا لە مووسڵ بۆ خۆی بدزێت و خۆی پێ هەڵکێشێت، هەروەها گوتوشیەتی: ئەوانەی تەنسیقیان لەگەڵ عەبادی کرد ئەوان خائین و نیشتیمانفرۆشن.

ئەمەش دەقی راگەیەندراوەکەیە:

حەیدەر عەبادی سەرۆکی یەکێک لە کوتلەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی دیجلە کە ڕۆژی شەممە 23ی 3ی2019 بڵاوکراوەتەوە، بەداخەوە هەندێ قەزاوەت و قسەی نابەجێی لەبارەی کەرکووک و پێشمەرگە و گەلی کوردستان خستوتەڕوو کە مەبەست لێی تێکدانی ئەو کەشە ئیجابیەیە کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق لەنێوان هەرێم و بەغدا هاتووەتە ئاراوە و بۆ مەرامی تاکەکەسی ئەو قسانەی کردووە.

بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە پێکهاتەکانی عێراق لە هەڵبژاردنەکاندا عەبادی و هەموو ئەوانەی تریان سزا دا کە بەنیازی شەڕی ناوخۆ و تێکدانی پێکەوەژیان بوون و لە بەرانبەر گەلی کوردستان حاقید بوون و پێشێلکاریی دەستووری و تاوانیان لە کەرکووک و دوز ئەنجام دا و لە هەمانکاتدا گەلی کوردستانیش لە هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستاندا پاداشتی پێشمەرگە و بەرگریکارانی کوردستانیان دایەوە.

عەبادی کەسێکی بێ وەفا بوو بەرانبەر پێشمەرگە و گەلی کوردستان. ئەگەر پێشمەرگە نەبا کەسێکی وەک ئەو هەرگیز چاوی بە موسڵ نەدەکەوت بۆ ئەوەی بتوانێ سەرکەوتن بەسەر داعش لە موسڵ بۆ خۆی بدزێت و خۆی پێ هەڵکێشێ.

بەڵای گەلی کوردستانیش ئەو لایەنە کوردیانەی عەبادی بە تونددڕەو وەسفی دەکات دڵسۆز و نیشتیمانپەروەرن و، ئەوانەی تەنسیقیان لەگەڵ عەبادی کرد ئەوان خائین و نیشتیمانفرۆشن. ئەوەی بەڵای ئێمەوە گرنگە ڕای گەلی کوردستانە و هەڵسەنگاندنی خەڵکی حاقید هیچ بەهایەکی نییە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش چۆن خەونی ناحەزان و ڕژێمەکانی پێشووی لەگۆڕ نا ئەوەهایش بە قارەمانێتیی خۆی پیلانی نەگریسی عەبادی لەگۆڕ نا و خودی عەبادی باشتر لە هەرکەس دەزانێ پێشمەرگە چیی بەسەر خۆی و پیلانەکەیدا هێنا.

دەبێ هەموولایەکیش ئەوە باش بزانن ئێستا دۆخێکی تر لە عێراقدا هاتووەتە ئاراوە و دەموچاوی حاقید و خۆپەرست و یاساشکێن نابێ ڕۆڵیان هەبێ. قۆناغی ئێستا قۆناغی بەرپرسیاریێتی و پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و چەسپاندنی شەراکەت و تەوافوق و تەوازونە لە عێراقدا.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی بارەگای بارزانی

عارف ڕۆشدی: یەکێتی هەموو جارێک گۆڕانکاری لە قسە و داواکارییەکانی دەکات



عارف ڕۆشدی ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: پارتی بەهێمنی کاردەکات و تەحەمولی زۆری هەیە، هەروەها دەشڵێت: ئێمە کاتێکمان بۆ ئەو لایەنانە دیاری نەکردووە کە بڵێین ئەگەر تا ئەوکاتە بەشداری حکوومەتتان نەکرد، پارتی حکوومەت پێکدەهێنێت، بەڵام دەڵێین کاتەکە بەکراوەیی نامێنێتەوە، تا پێمان بکرێت و بە ئاسایی بزانین لەگەڵ ئەو لایەنانە کاردەکەین، بەڵام لە هەموو دنیادا وایە خۆ بە ساڵ چاوەڕێی لایەنێک ناکرێت، مانگێک، دوو، سێ، ئەوە بووە نیو ساڵ و ئیتر خەڵکەکە لێمان قبوڵ ناکات. ڕۆشدی دەشڵێت: ئێمە خۆمان لەناو یەکێتی بووین، ئەو حزبە ئاگاداری هەموو وردەکارییەکان بووە و هیچ.

مەسعود حەیدەر بۆ کەبان :

بەشێک لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا کاری پەرلەمانتاریان بۆ دژایەتیکردنی کیانی دەستووری کوردستان بەکاردەهێنن



مەسعود حەیدەر، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت کە بەشێک لە نوێنەرانی کورد لە ڕابردوو و ئێستاشدا کاری پەرلەمانتاری لە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ دژایەتی کیانی دەستووری و سیاسی هەرێمی کوردستان بەکاردێنن بەهۆی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان حاکمی هەرێمە.هەروەها دەشڵێت: ئەو هەوڵەی ئەوانە پاشقول لێدانی سیاسییە کە بەداخەوە لە ڕێگای شەڕکردنی ڕاستەوخۆی قووت و ژیانی خەڵکی هەرێم و ئەمنیەتی ئەم کیانە فیدراڵییەوە شەڕەکە دەکەن و هیچ چوارچێوەیەکی مرۆیی و نیشتمانی و نەتەوەیی بوونی نییە لایان کە ئەم کارە دەکەن.

مەسعود حەیدەر، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق کە بەردەوام لەسەر شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان قسەی هەبووە و هەیەتی، لە لێدوانێکدا بۆ خەبات ڕایگەیاند: بەشێک لە نوێنەرانی کورد لە ڕابردوو و ئێستاشدا کاری پەرلەمانتاری لە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ دژایەتی کیانی دەستووری و سیاسی هەرێمی کوردستان بەکاردێنن لەسەر بنەمای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان حاکمی هەرێمە.

بە کامێرای کوالیتی بەرز و لە سەنتەرێکی کۆنترۆڵ چاودێری هەموو هەوڵێر دەکرێت

4



زانکۆی سەلاحەدین بڕوانامەی دکتۆرای فەخری دەبەخشێتە کۆچەر بیرکار

زیاتر لە لاپەرە 16 بخوێنەوە

ئێران دوو ڕێگەی وشکانی بەناو خاکی کوردستانەوە بۆ سووریا هەیە

2


ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی: هەردوو ڕێگەکە بەو ناوچانەدا دەڕۆن کە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر داگیرکراون



تیرێزا مای


دوایین ڕۆژەکانی لە 10 داوننینگ ستریت بەڕێ دەکات

ماوەیەکە چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا بۆتە یەکێک لە گەرمترین بابەتەکانی میدیای جیهان ، ئەم دۆسیەیە وێڕای ئەوەی ناکۆکیەکی گەورەی لەنێو خودی پارتەکان و خەڵکی بەریتانیاش خولقاندووە، هاوکات ئەندامانی دیکەی یەکێتی ئەورووپاشی دووچاری نیگەرانیەکی گەورە کردووە. لەو نێوەندەشدا چەند ڕۆژێکە باس لە ئەگەری لەسەرکار لادانی تیرێزا مای سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا دەکرێ. **(زیاتر لە ل12 بخوێنەوە)**



مەیادە نەجارِ بۆ کەبان :

مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە و شایستە داراییەکان لە کاتی خۆیدا دەنێردرێت



گەندەڵیی هاووڵاتیان زیان بە کەرتی گەشتیاری دەگەیێنێت

زیاتر لە لاپەرە 14 بخوێنەوە

مەسعود حەیدەر بۆ خەبات :

بەشێک لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا کاری پەرلەمانتاریان بۆ دژایەتیکردنی کیانی دەستووری کوردستان بەکارهێنن

هاوڵاتیان ئەو نوێنەرانەیان بۆ ئەوە نەناردووەتە بەغدا تا لەژێر پەردەی شەرمەزارییەوە هەوڵی موچەبڕینیان بدەن



حزب و نوێنەری کورد هەبوون لە 2018 داوایان لە عەبادی دەکرد موچە نەنێرێت و کیانی هەرێمی کوردستانیش هەڵوەشێنێتەوە

مەسعود حەیدەر، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت کە بەشێک لە نوێنەرانی کورد لە رابردوو و ئێستاشدا کاری پەرلەمانتاری لە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ دژایەتی کیانی دەستووری و سیاسی هەرێمی کوردستان بەکاردێنن بەهۆی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان حاکمی هەرێمە.هەروەها دەشڵێت: ئەو هەوڵەی ئەوانە پاشقول لێدانی سیاسییە کە بەداخەوە لە ڕێگای شەڕکردنی ڕاستەوخۆی قووت و ژیانی خەڵکی هەرێم و ئەمنییەتی ئەم کیانە فیدراڵییەوە شەڕەکە دەکەن و هیچ چوارچێوەیەکی مرۆیی و نیشتمانی و نەتەوەیی بوونی نییە لایان کاتێک ئەم کارە دەکەن.

مەسعود حەیدەر، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق کە بەردەوام لەسەر شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان قسەی هەبووە و هەیەتی، لە لێدوانێکدا بۆ خەبات رایگەیاند: بەشێک لە نوێنەرانی کورد لە رابردوو و ئێستاشدا کاری پەرلەمانتاری لە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ دژایەتی کیانی دەستووری و سیاسی هەرێمی کوردستان بەکاردێنن لەسەر بنەمای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان حاکمی هەرێمە، ئەو دژایەتیانەش کۆنە قینە و هەوڵی لێدانی سیاسییە لە ڕێگەی شەڕکردنی ڕاستەوخۆی قووت و ژیانی خەڵکی هەرێم و ئەمنییەتی ئەم کارە دەکەن.

ئەم کیانە فیدراڵییە شەڕەکە دەکەن و هیچ چوارچێوەیەکی مرۆیی و نیشتمانی و نەتەوەیی بوونی نییە لایان کاتێک ئەم کارە دەکەن.

سەبارەت بە هەوڵی دوژمنکارانەی هەندێ لەو پەرلەمانتارانەی بەغدا، مەسعود حەیدەر گوتی: هاوواڵاتی و موچەخۆر و پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان و گشت چین و توێژەکانی هەرێم ئاگاداری وردەکاری هەوڵی ئەو کەسانە نین کە بەرژەوەندی نیشتمان و ژیانی تاکی هەرێم دەخەنە بەر چەقۆی ئەوانەی لە فرسەتێک دەگەڕێن دژی کورد و کوردستان. ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق، پێیوایە ئەم کار و هەڵوێستانە دەچنە خانەی خیانەتی نیشتمانی و نەتەوەیی لە سەرەتای ساڵی 2014 دەستیپێکرد بە هاندانی بەغدا بۆ بڕینی بوودجەی هەرێم و پاشان ئەم هەڵوێستە مەترسیدارە چووە قۆناغێکی تر و هەوڵی هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندنەوەی کیانی فیدراڵی هەرێمی کوردستان درا. هەروەها داواش دەکات کە لە قۆناغی داهاتوودا کورد یەکدەست و یەکهەڵوێست بێت و ژیان و گوزەرانی خەڵک نەبێتە کەرەستەی دەستی خەڵکی پۆپۆلیست کە دوژمنایەتی ئەو میللەتە دەکەن، خەڵک ئەوانەی نارددووە بۆ بەغدا بەرگریان لێبکەن، نەوەک لە ژێر پەردەی شەرمەزاری سیاسی، هەوڵی موچەبڕینیان بدەن.

مەسعود حەیدەر دەڵێت: حزبی کوردی، نوێنەری کورد لە بەغدا، ساڵی 2018 تکایان لە حەیدەر عەبادی کردووە کە موچەی هەرێم نەنێرێت بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێم بڕووخێت و حکوومەتی رزگاریی نیشتمانی دروستبکەن بۆ خۆیان، حزبی کوردی و نوێنەرەکانی، تکایان لە حەیدەر عەبادی دەکرد کە هەرێمی کوردستان هەڵوەشێنێتەوە وەک هەرێمێکی فیدراڵی، هەموو ئەمانەش پەردەپۆش دەکران لەژێر ناوی بەرگریی لە خەڵک، لە بنەماشدا داوای بڕینی قووتی خەڵکیان دەکر بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییە حزبییەکانیان. بەڵام هەمووی ڕوومادی و لەوێوەش بۆ شارۆچکەی قائیم لەسەر سنووری سووریا. هەروەها ڕێگای دووەم 450 کیلۆمەتر درێژە و لە دەروازەی سنووریی مونزەریە لە سنووری خانەقین دەستپێدەکات و بە شاری کەلارەوە دەچێتە باکووری بەغدای پایتەختی عێراق و دوای تێپەڕاندنی شارەکانی کفری و خورماتوو دەگاتە زنجیرە چیای حەمرین و دواتریش بە سنووری پارێزگای نەینەوادا دەگاتە پارێزگای دێرەزوور لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. بەپێی ئەو زانیارییانەی ڕۆژنامە عەرەبییەکە بێت، هەردوو ڕێگە، بەو ناوچانەدا تێدەپەڕن کە لە پاش خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەرەوە کەوتنە دەست سوپای عێراق و میلیشیا چەکدارەکانەوە.

مایەپووچ دەرچوون و ئامانجە حزبییەکنیان نەپێکا، چونکە خاک و میللەت لە حزب بەهێزتر و مەزنترن و کیانی فیدراڵی هەرێم پارێزراو و موچەی خەڵکی هەرێم بە هۆشیاری و لێهاتوویی سیاسیی سەرکردایەتیی گەلی کوردستان چارەسەرکرا.

هەروەها ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق گوتیشی: لەم قۆناغەدا ئەرکی نیشتمانی و ئەخلاقی نوێنەرانی کورد لە بەغدا موچە و قووتی خەڵکی هەرێم تێکەڵ بە ململانێ سیاسییەکان نەکەن و چاوێکیان لە حکوومەتی بەغدا بێت کە پێنج ساڵ بودجەی هەرێمی بڕیوە و باشترە بیر لە چارەسەری گشتیی مەلەفی ئابووری نێوان هەرێم و بەغدا بکەنەوە نەوەک یاری بە هەست و سۆزی خەڵکی هەرێمەوە بکەن دوای باشترکردنەوەی موچە. گوتیشی: چارەسەرکردنی مەلەفەکانی نێوان هەرێم و بەغدا پێویستی بە خەڵکانێکە پەرپرسیارێتیی قۆناغەکە بگرنە ئەستۆ و لە چوارچێوەی موزایەدە و بەرژەوەندی حزب دەرچن بۆ چوارچێوەی نیشتمانی و خەمی خاک و خەڵک.

ئێران دوو ڕێگەی وشکانی بەناو خاکی کوردستانەوە بۆ سووریا هەیە

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی: هەردوو ڕێگەکە بەو ناوچانەدا دەڕۆن کە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر داگیرکراون

دوو ڕێگای وشکانیی نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و سووریا بە ناو خاکی باشووری کوردستانەوە، ئاشکرا دەکرێن، ڕۆژنامەی (ئەلعەرەبی ئەلجەدید) لە زاری سەرچاوەیەکی ئاگاداری عێراقییەوە بڵاوی کردووەتەوە، کە درێژیی ڕێگاکان 450 و 600 کیلۆمەتر. سەرچاوە عێراقییەکە دوو ڕێگاکەی ئاشکرا کردووە، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستپێدەکەن و بەناو خاکی باشووری کوردستانەوە دەگەنە سنووری پارێزگای دێرەزوور لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و بریتین لە ڕێگای یەکەم/ 600 کیلۆمەتر درێژە لە قەسری شیرین لە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێدەکات، بە خاڵی سنووریی مونزەریە لە سنووری شاری خانەقین لە باشووری کوردستانەوە دەچێتە شارۆچکەکانی ئەبوغرێب و فەللوجە تا دەگاتە سنووری شاری

جێمس جێفری: بە درێژایی سنووری سووریا لەگەڵ تورکیادا ناوچەیەکی ئارام دادەمەزرێنین



ژمارەیەک لە هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی دیاریی نەکراو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەمێننەوە



نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ سووریا، جێمس جێفری لەبارەی کارە هاوبەشەکانی ئەمەریکا لەگەڵ تورکیا دوا و وردەکاریی ناوچەی ئارامی لە سنووری سووریا- تورکیا خستەڕوو و گوتی: ئەو شتەی کە لەگەڵ تورکیادا کاری لەسەر دەکەین، ئەوەیە کە بە درێژایی سنووری سووریا لەگەڵ تورکیا لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا ناوچەیەکی ئارام دابمەزرێنرێت کە یەپەگەی تیادا نەبێت، چونکە تورکیا سەبارەت بە یەپەگە و ئەو پەیوەندییانەی کە یەپەگە بە پەکەکەوە هەیەتی ئێجگار نارەحەتە، لەمە تێدەگەین، بەڵام هاوکات ئەوەشمان ناوێت کە مامەڵەی خراپ بکرێت لەگەڵ هەسەدەی هاوبەشمان کە کوردەکانیشی لە نێودایە. دەمانەوێت پێداویستییەکانی هەموان پڕبکرێنەوە. جێمس جێفری باسی لەوەشکرد کە داوایان لە هاوبەشەکانیان لە هاوپەیمانان کردووە کە لە پشتیوانییەکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی داعش لە سووریا، بەردەوام بن و وەڵامی ئەرێنییان وەرگرتووە و سەبارەت بەو هێزانەی هاوپەیمانانیش کە لە وڵاتەکە دەمێننەوە گوتی: ئێمە هەوڵی دروستکردنی هێزی ئاشتی یان شتێکی هاوشێوە نادەین. داوا لەو سوپایانەی نێو هاوپەیمانان دەکەین کە بەردەوامی بدەن بە ڕۆڵیان لە پشتیوانییکردنی ئۆپەراسیۆنەکانمان لە دژی داعش لە سووریا و ئاستی پشتیوانییەکان بەزر بکەنەوە و تا بڵێی بە ئەرێنی وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ئەرکی یەکەم بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و شکستپێهێنانی داعش. نەوەک ئەوەی لە بوونیان لە هەر ناوچەیەکی ئارامدا هەبێت.



عارف ڕۆشدی: یەکێتی هەموو جارێک گۆڕانکاری لە قسە و داواکارییەکانی دەکات

پارتی پێی باشە لایەنەکان وەکچۆن بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد لە حکوومەتیشدا بەشداربن

هاوواڵاتیان حکوومەت و هەڵی کار و خزمەتییان دەوێت و چیتر لێمان قبووڵ ناکەن



عارف ڕۆشدی ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: پارتی بەهێمنی کارەکات و تەحەمولی زۆری هەیە، هەروەها دەشڵێت: ئێمە کاتێکمان بۆ ئەو لایەنانە دیاری نەکردووە کە بڵێین ئەگەر تا ئەوکاتە بەشداری حکوومەتتان نەکرد، پارتی حکوومەت پێکدەهێنێت، بەڵام دەڵێین کاتەکە بەکراوەیی نامێنێتەوە، تا پێمان بکرێت و بە ئاسایی بزانین لەگەڵ ئەو لایەنانە کارەکەین، بەڵام لە هەموو دنیادا وایە خۆ بە سااڵ چاوەڕێی لایەنێک ناکرێت، مانگێک، دوو، سێ، ئەوە بووە نیو ساڵ و ئیتر خەڵکەکە لێمان قبووڵ ناکات. سەبارەت بە داواکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ بەشداری لە حکومڕانی، عارف ڕۆشدی گوتی: ئێمە ماوەیەکی زۆر لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کارمان کردووە و هەمیشە ئەگەر هیچ لایەنێک بەشداری ڕاستەقینە نەبووبێت، بەڵام یەکێتی بەشداری ڕاستەقینەی هەبووە، سەرۆکی حکوومەتی هەبووە، جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەبووە، لە وەزارەتە سیادیەکان بووە، لە پێشمەرگە بووە، بەڵام یەکێتی نا، چونکە ئاگاداری هەموو وردەکارییەکان بووە، یەکێتی هەموو شتێک بووە هیچ وەختێک یەکێتی لە حکوومەت پشتگوێنەخراوە، هیچ واتایەک بۆ ئەو دەستەواژەیە نییە، بۆیە دەبێ ئێمە چیتر بیانوو بە یەکتر نەگرین بێینە واقیعی عەمەل و قەرەبووی خەڵک بکەینەوە، چونکە خەڵک کاری دەوێت، دۆخی خەڵک چاک بکەین. سەبارەت بەوەی پارتی تا کەی گوێ لە داواکاری یەکێتی ناگرێت؟ عارف ڕۆشدی گوتی: هەر داواکارییەک ڕەوا و ئاسایی بێت، پارتی بەزیادەوە جێبەجێی دەکات و هەمیشە گوێگرێکی باشی بۆچوونی منە کە چیتر وەخت درێژ نەبێتەوە، چونکە سەری ئەم مانگە دەبێتە شەش مانگ بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، ئەو ماوەیە بۆ هەرێمی کوردستان زۆرە بۆ پێکهێنانی حکوومەت. ئەوەشی گوت: ئێمە کاتێکمان بۆ ئەو لایەنانە دیاری نەکردووە کە بڵێین ئەگەر تا ئەوکاتە بەشداری حکوومەتتان نەکرد پارتی حکوومەت پێکدەهێنێت، بەڵام دەڵێین کاتەکە بەکراوەیی نامێنێتەوە، ئێمە دەڵێین تا پێمان بکرێت و بە ئاسایی بزانین لەگەڵ ئەو لایەنانە کارەکەین، بەڵام ئەگەر بزانین لە حەد بەدەر دەبێت، چونکە خەڵک قبووڵ ناکات، خەڵک چاوەڕوانی پێکهێنانی حکومەت و دامەزراندن و هەڵی کار، خەڵک حکوومەتی بۆ ئەوانە دەوێت، بۆیە ئێمە دەڵێین کاتەکە بەکراوەیی نامێنێت، چونکە لە هەموو دنیادا وایە خۆ بەساڵ چاوەڕێی لایەنێک ناکرێت، مانگێک، دوو، سێ، ئەوە بووە نیو ساڵ بەکەن تا لەو ڕێگایەوە خواستی خۆیان جێبەجێبکەن وەکو وەاڵمدەرەوەیەک بێت بۆ خواستەکانی خەڵک، بەاڵم پارتی بەهێمنی کار دەکات و تەحەمولی زۆری هەیە، تا ئێستاش هەروا ڕۆیشتووە و ئومێد دەکەین ئەو دوو لایەنەی تر کە ماون یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامیش کە نیازی بەشداریکردنیان هەیە، وەکو بزووتنەوەی گۆڕان لەگاتی گونجاودا بڕیار بدەن و لەگەڵ پارتی ڕێکبکەون، ئەوکاتەی کە پێیان دراوە درێژتر نەبێتەوە، زیاتر پێش کۆتایی هاتنی ئەم مانگە بڕیاری خۆیان بدەن و لەگەڵ پارتی ڕێکبکەون تا لە سەرەتای مانگی داهاتوو حکومەت پێکبهێندرێت و ئەو یاسایانەی پێویستن هەموار بکرێنەوە.

ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ئێمە پێمان باش نییە بەبێ ئەو لایەنانە هیچ هەنگاوێک بنێین، ئەوە گوتیشی: لە هەموو دونیادا حکوومەت، حکوومەتی خەڵکە، خەڵک بۆ ئەوە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکات تا حکوومەتێک پێکبهێندرێت و خزمەتی خەڵک بکات، لەو سۆنگەیەوە پارتی پێی باشە هەموو لایەنەکان چۆن بەشداری هەڵبژاردنیان کرد بەمجۆرەش بەشداری لە حکوومەتیشدا دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا، سەبارەت بە هەڵوێست و پشوودرێژی پارتی لە پەیوەست بە کێشەکان، گوتی: پارتی بەهێمنی کاردەکات و تەحەمولی زۆری هەیە. هەروەها سەبارەت بە دواکەوتنی حکوومەت و ڕێککنەکەوتنی لایەنەکان داواکارییەکانیان دەکەن، بەشێک لە هۆکاری ئەو گۆڕانکارییانەش لە داواکاری و قسەی یەکێتی بەهۆی کێشە و ململانێی نێوخۆیی یەکێتی خۆیەتی و پارتیش تا ئەو ئاستەی دەرفەت هەبێت، چاوەڕێی یەکێتی دەکات.

عارف ڕۆشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی بەهێمنی ڕەوانەی سەنتەری شاری خانەقین بەڕاستی هەموو جارێک جێگۆڕکێ بە قسە و داواکارییەکانیان دەکەن، بەاڵم ئیتر وەختی ئەوە هاتووە کە بڵێین ئەگەر تا ئەوکاتە بەشداری حکوومەتتان نەکرد، پارتی حکوومەت پێکدەهێنێت، بەاڵم دەڵێین کاتەکە بەکراوەیی نامێنێتەوە، تا پێمان بکرێت و بە ئاسایی بزانین لەگەڵ ئەو لایەنانە کارەکەین، بەاڵم لە هەموو دنیادا وایە خۆ بە ساڵ چاوەڕێی لایەنێک ناکرێت، مانگێک، دوو، سێ، ئەوە بووە نیو ساڵ و ئیتر خەڵکەکە لێمان قبووڵ ناکات. سەبارەت بە داواکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ بەشداری لە حکومڕانی، عارف ڕۆشدی گوتی: ئێمە ماوەیەکی زۆر لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کارمان کردووە و هەمیشە ئەگەر هیچ لایەنێک بەشداری ڕاستەقینە نەبووبێت، بەاڵم یەکێتی بەشداری ڕاستەقینەی هەبووە، سەرۆکی حکوومەتی هەبووە، جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەبووە، لە وەزارەتە سیادیەکان بووە، لە پێشمەرگە بووە، بەاڵم یەکێتی نا، چونکە ئاگاداری هەموو وردەکارییەکان بووە، یەکێتی هەموو شتێک بووە هیچ وەختێک یەکێتی لە حکوومەت پشتگوێنەخراوە، هیچ واتایەک بۆ ئەو دەستەواژەیە نییە، بۆیە دەبێ ئێمە چیتر بیانوو بە یەکتر نەگرین بێینە واقیعی عەمەل و قەرەبووی خەڵک بکەینەوە، چونکە خەڵک کاری دەوێت، دۆخی خەڵک چاک بکەین. سەبارەت بەوەی پارتی تا کەی گوێ لە داواکاری یەکێتی ناگرێت؟ عارف ڕۆشدی گوتی: هەر داواکارییەک ڕەوا و ئاسایی بێت، پارتی بەزیادەوە جێبەجێی دەکات و هەمیشە گوێگرێکی باشی بۆچوونەوەی دوای پارتی و یەکێتی.

لیوایەکی دیکەی سوپای عێراق ڕەوانەی خانەقین دەکرێت

لقی15ی پارتی لە خانەقین: هاتنی ئەو لیوایە جارێکی دیکە پشێوی دروست دەکات



بەرپرسێکی پارتی لە خانەقین ڕایگەیاند، وەزارەتی بەرگریی عێراق لیوایەکی دیکەی سەربازیی ڕەوانەی سەنتەری شاری خانەقین و بڕیاریشە لە بارەگای لقی 15ی پارتی کە داگیرکراوە، جێگیر بکرێن. شێخ جەعفەر مستەفا، بەرپرسی لقی 15ی پارتی بۆ خەبات ڕایگەیاند: بڕیارە 2019/ 4/2 وەزارەتی بەرگریی عێراق لیوایەکی دیکەی سەربازی ڕەوانەی سەنتەری شاری خانەقین بکات، پێشوەختەش ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەو لیوایە و حەشدی شەعبیدا کراوە، بۆ ئەوەی حەشد بارەگای لقی 15یان بۆ چۆڵ بکات و ئەوان بێنە ناو لقەوە . بەرپرسەکەی پارتی ئاشکراشی کرد هاتنی ئەو لیوایە جارێکی دیکە پشێوی دروست دەکات، جیا لەوەش هاتنی ئەو هێزە کارێکی باش نییە. هەروەها بەرپرسی لقی 15ی پارتی ئەوەشی خستەڕوو پێشتر لێژنەیەکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق دروستکراوە، لێژنەکەش ڕاپۆرتی خۆی ئامادە کردووە و ناوچەکانیان دیاری کردووە، بۆ ئەوەی هێزی هاوبەشیان تێدا دابنرێت، کەچی لەوەاڵوە هێزی سەربازی دەنێردرێتەوە، خەڵکی ئێمە داوای گەڕاندنەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەن. ڕوونیشی کردەوە ئێستا هێزەکانی حەشدی شەعبی، بەدر، سەدر و پژلیسی فیدراڵی لەناو خانەقیندا بارەگایان هەیە.

مەیادە نەجارِ بۆ خەبات :

مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە و شایستە داراییەکان لە کاتی خۆیدا دەنێردرێت



ڕۆژنامەی خەبات، ئەو دەنگۆیەی ڕەتکردەوە، ڕایگەیاند: هیچ مەترسییەک لەسەر مووچەی فەرمانبەران و هێزی پێشمەرگەی کوردستان نییە. سەبارەت بەوەی گوایە سیستەمی پاشەکەوتی مووچەش دەگەڕێتەوە بەهۆی نەناردنی شایستە داراییەکانی کوردستان لەلایەن بەغدا، مەیادە نەجارِ، پەرلەمانتاری پارتی ڕایگەیاند: مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرکە هیچ لە کاتوساتی خۆیدا دێت و بەبێ پاشەکەوت دابەشدەکرێت، هەروەها ئەو دەنگۆیەش ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: ئەوەی بڵاوەدەکرێتەوە گوایە مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم لە بەغداوە نایەت، دووڕە لە ڕاستی و لە کاتوساتی خۆیدا شایستە داراییەکان و مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە دەنێردرێت.

مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دروستکرد.

سەبارەت بەو دەنگۆیەی گوایە مەترسی لەسەر نارادنی مووچەی فەرمانبەران و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان نانێرێت و ئەم دەنگۆیەش کاریگەری لەسەر دەروونی هاوواڵتییان و لافاو ناوچەیەکی فراوانی داپۆشیوە و ئاو گەیشتووەتە ژمارەیەکی زۆری ماڵانی پارێزگاکە. نووسینگەی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە بەسرە داوای کردووە پلەی ئامادەباشی لە پارێزگاکە بەرزبکرێتەوە و باری ئەوپەڕی ئامادەباشی ڕابگەیەندرێت. ئەو داوایەی ئەو کۆمیسیۆنە لەکاتێکدایە، کە بەهۆی بارانی بەخوڕەوە، لافاو چەندین ناوچەی پارێزگای بەسرەی داپۆشیوە و ئاستی ئاوی شەتولعەرەبیش بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە. هەروەها تەحسین عەلی ساری، بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانیی بەسرە ڕایگەیاندووە، کە لێژنەی ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانیان پێکهێناوە بۆ پاراستنی خەڵکی دەوروبەری شەتولعەرەب و دروستکردنی خێوەتگە لە شارۆچکەی ئەبی خەسیب و ناوچەکانی باکووری بەسرە. تەحسین عەلی ساری هەروەها ڕاشیگەیاندووە، کە فەرمانی کردووە پردە کاتییەکان دابخرێن و نیشانەی ئاگادارکردنەوەیان لەسەر دابنرێت بۆ دووڕکەوتنەوەی هاوواڵتییان لێیان.



داواى ڕاگەیاندنى ئەوپەڕى ئامادەباشى دەکرێت لە بەسرە

داهاتی مانگی ڕابردووی نەوتی عێراق زیاتر لە شەش ملیار دۆلار بووە
لە بەندەرەکانی بەسرە و بۆڕیی نەوتی کەرکووکەوە بۆ جیهانی تورکی هەناردەکراوە

داهاتی مانگێکی نەوتی عێراق ئاشکرا دەکرێت، کە بەشێکی بە بۆڕیی نەوتی کەرکووک هەناردەی دەرەوە کراوە. دوێنێ سێشەممە عاسم جیهاد، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق بە میدیاکانی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە، تێکڕای فرۆشتنی هەر بەرمیلێک نەوتی عێراق لە مانگی 2ی ئەمساڵ 60 دۆلار 94 سەنت بووە. عاسم جیهاد هەروەها ڕایگەیاندووە، کە لەو مانگەدا، بڕی نەوتی هەناردەکراو لە ناوەڕاست و باشووری عێراق گەیشتووەتە 99 ملیۆن و 120 هەزار و شەش بەرمیل و داهاتەکەشی شەش ملیار و 59 ملیۆن و 96 هەزار و 845 دۆلار بووە. گوتەبێژی وەزارەتی نەوت ئاماژەی بەوەشکردووە، کە ئەو نەوتە لە ڕێی بەندەرەکانی بەسرە و بۆڕیی نەوتی کەرکووک بۆ بەندەری جەیهانی تورکی، هەنارد کراوە و 33 کۆمپانیای جیاجیا گواستوویانەتەوە.

بە کامێرای کوالیتی بەرز و لە سەنتەرێکی کۆنترۆڵ چاودێریی هەموو هەولێر دەکرێت

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لە دیدارێکی تایبەتی ڕۆژنامەی خەبات دا:

کامێرای چاودێری لە 3 هەزار شوێنی هەولێر دادەنرێت



خەبات: کارزان حەیدەر

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (خەبات) ئاشکرای دەکات: " 107 کەسیان لەو تاوانبارانە دەستگیرکردووە کە فەرمانی دەستگیرکردنیان هەبووە و پێشتر بەهەر هۆکارێک دەستگیر نەکرابوون، هاوکات 118قورماخانەیان داخستووە و 76 کەسیشیان بەو تۆمەتەو بە فەرمانی دادوەر دەستگیر کردووە، دانانی کامێرای چاودێریشی لە 3 هەزار شوێنی هەولێر بە هۆکاری کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان زانی. د.تاریق نوری بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند: مانگانە بەداواداچوون بۆ ئامارەکانی ڕێژەی تاوان دەکەن لەشاری هەولێر و هەر کاتێک هەست بەوە بکەن ڕێژەکە بەرز بۆتەوە، هێزەکانیان ڕادەسپێرن دەست بە جموجۆڵی زیاتر بکەن و هاوکاری پۆلیس بکەن بۆ کەمکردنەوەی تاوان.

118 قومارخانەمان لەنێو شاری هەولێر داخست

107 تاوانباری هەڵاتوو دەستگیر کراون

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لەبارەی ئەو تاوانبارانەی کە بەهەر هۆکارێک نەکەوتوونەتە دەست یاسا و هەڵاتوون، ئاشکرای کرد: بە ڕاسپاردەی لیژنەی ئەمنی پارێزگای هەولێر، لە 20ی کانوونی دووەم تا 3ی شوباتی2019 ئاسایشی هەولێر 107 کەسی لەو تاوانبارانە گرت کە فەرمانی دەستگیرکردنیان لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە هەبووە و لەدەستی یاسا هەڵاتوون، دوای دەستگیرکردنیشیان تەسلیم بە لایەنی پەیوەندیدار کران، د.تاریق نوری دەڵێ: دوای دەستگیر ئەو تاوانبارانە، تۆمەتباری دیکەش خۆی ڕادەستی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکان کرد، بۆیە ئێستا کەسێک یان گروپێک ناتوانێ لە چنگی یاسا ڕزگاری بێت ئەگەر تاوانێک ئەنجام بدات.

زیاتر لە 40 ئامێری ڕۆڵێت تێکشکێندران

لە پێناو ئەوەی ڕێژەی تاوان لە شاری هەولێر کەم بکەنەوە، ئاسایشی هەولێر هەڵمەتێکی بۆ داخستنی قومارخانەکانی هەولێر دەستپێکرد، وەک د.تاریق نوری بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێریش ئاماژەی بۆ کرد، لە مانگی شوباتەوە تاکو ئێستا 118 قومارخانەیان لەهەولێر داخستووە، سەبارەی ئەوەی زیاتر لە 40 ئامێری ڕۆڵێتیان دەست بەسەرداگرتووەو تێکیان شکاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە شوێنی ئەو قومارخانانە ڕێگەیان پێنەدراوە بکرێتە شوێنی کاری دیکەش.

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر دەڵێ: هەستمان بەوە کردبوو قومارخانەکان دەبنە هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی تاوان، ئەوانەی یاریەکە دەکەن و دەدۆڕێن، بۆ دەستکەوتنی پارەی زیاتر دەست بۆ کاری دزی و تاوانکاری دەبەن، لەگەڵ هەموو ئەوانە، قومارکردن لە هەرێمی کوردستان بە یاسا قەدەغەکراوە، دەشڵێت: هەوڵ دەدەین هاوکاری پۆلیس بکەین بۆ ئەوەی ڕێژەی تاوان نزیک بکەینەوە بۆ سفر.

لە نەورۆز کەمترین تاوان کرا

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر دڵنیایی دا هاوڵاتیانی شاری هەولێر کە ماڵ و سامان و گیانیان پارێزراوە بە هەرێمی کوردستان کەمترین تاوان ئەنجامدراوە کە دزینی ئۆتۆمبێلێکی پیکاب بووە، لەگەڵ چەند دوکانێکی فرۆشتنی خانووبەرە کە نەتوانراوە هیچ شتێکی لێ بدزرێت.

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دووپاتی کردەوە کە شێوازی کارکردنی هێزەکانی ئاسایشی چاوکراوەیی پیاوانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و گوتی: لە ڕۆژانی نەورۆزدا کەمترین تاوان ئەنجامدراوە کە دزینی ئۆتۆمبێلێکی پیکاب بووە، لەگەڵ چەند دوکانێکی فرۆشتنی خانووبەرە کە نەتوانراوە هیچ شتێکی لێ بدزرێت.

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دووپاتی کردەوە کە شێوازی کارکردنی هێزەکانی ئاسایشی بەشێوەیەک پێشکەوتووە کە لە ماوەی کورتدا دەتوانن زانیاری زۆر ورد بەدەست بێنن،وەک ئەو نمونەی کە لە ڕۆژی نەورۆزدا ڕوویدا لە کاتی ونبوونی منداڵێکی سێ ساڵان لە دایک و باوکی لە کاتی گەشت و سەیراندا،توانرا بە وەرگرتنی چەند زانیارییەکی کورت لە منداڵەکە،فایلی زانیاریەکانی خانەوادەکەی لە نزیکترین کاتتدا دەربهێندرێ و بەزاندرێت هی چ کەسێکە،هەرچەند پەیوەندی بە دایک و باوکی منداڵەکە کرا بۆ ئەوەی منداڵەکەیان ببنەوە لەلای هێزەکانی ئاسایش،کەچی هێشتا پێیان نەزانیبوو کە منداڵەکەیان ونبووە.

لە سەنتەرێکی کۆنترۆڵ چاودێری هەموو هەولێر دەکرێت

د.تاریق نوری بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ئاشکرای دەکات: دەستیان بە پرۆژەی دانانی کامێرای چاودێری کردووە لە 3 هەزار شوێنی شاری هەولێر،گوتیشی: لە سەنتەرێکی کۆنترۆڵدا بە24 کاتژمێر چاودێری تەواوی ئەو کامێرایانەو شار دەکرێت.

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ئاماژەی بەوە کرد کە کامێراکان بە کوالێتی زۆر بەرزن و کاریگەریان لەسەر کەمبوونەوەی ڕێژەی تاوان هەیە لە شاری هەولێر.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر پێویستیمان بە شوێنی چارەسەری هەیە

هەرچەند ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا 516 ئاڵودەبوو و بازرگانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون و ڕۆژانە 4 تا5 کەس دەستگیر دەکرێت لە تەمەنەکانی 16 و 17 و 18تا دەگاتە 25 ساڵی،

د.تاریق نوری بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر بەندکردن بە تاکە چارەسەر نازانێ بۆ ڕێگری کردن لە ماددەی هۆشبەر، بەڵکو کۆنترۆڵکردنی زیاتری سنوورەکان لەگەڵ ناوەڕاست و باشووری عێراق و بوونی شوێنی تایبەت بۆ دادەدانی ئەوانەی ئاڵودەبوون بۆ پێدانی چارەسەری پزیشکی پێیان بەتایبەت ئەوانەی دەگەنە حاڵەتی بەکارهێنانی ماددەی کریستاڵ،لەپێناو ئەوەی جارێکی دیکە نەگەڕێنەوە سەر حاڵەتی خراپی جارانی خۆیان.

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ئاماژە بە بوونی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر دەکات کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشە و دەڵێ: ئەرکی سەرەکی ئەوان چارەسەرکردنی دیاردەکەیە کە لە حاڵەتەوە گۆڕاوە، بە پێویستی زانی سنوورەکان زیاتر کۆنترۆڵ بکرێن.

د. تاریق نوری: 107 کەسمان لەو تاوانبارانە گرتووە کە فەرمانی دەستگیرکردنیان هەبوو

سیاسەتی دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان و بڕینی قووتی خەڵک لەلایەن بەغداوە کۆتایی پێهاتووە

د.بەشیر حەداد تایبەت بۆ خەبات: دەنگۆی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ڕاست نییە



خەبات- بریار کەریم

لەمیانەی لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (خەبات)، د. بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دەنگۆی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە ڕەتکردەوە و جەختیشی لەوە کردەوە کە ناردنی مووچە بەردەوام دەبێت.

چەند ڕۆژێکە دەنگۆی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە لەنێو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بڵاوبووەتەوە و لەمبارەیەوە د. بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: "دەنگۆی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ڕاست نییە و مووچەی فەرمانبەران لە بودجەی 2019ی عێراق پەسەندکراوە و هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش بەردەوام دەبێت و ئەو بابەتە تێکەڵی مللانێی سیاسی ناکرێت".

ڕاشیگەیاند: " پێویستە بابەتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە مللانێ سیاسییەکان دەربهێندرێت هەر وەک چۆن لە یاسای بودجەی گشتی عێراقدا بۆ ساڵی2019 تواندرا مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە لە مللانێ سیاسییەکانی عێراق دەربهێنین، ئەگەر گرژییەکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان ڕووبدات، نابێت ببێتە هۆی ئەوەی خەڵکی بخەنە دڵەڕاوکێوە".

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە لێدوانە تایبەتەکەیدا بۆ(خەبات)گوتیشی: "پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە یاسا کراوە و ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، ئەوا لە دادگای ئیتیحادی سکاڵای لەسەر تۆمار دەکرێت. خەڵک دڵنیا دەکەمەوە و وەزیری دارایی عێراقیش دوێنێ گوتوویەتی، مووچە ئیستیحقاقێکی دەستوورییە بۆ هەموو خەڵکی عێراق".

د. بەشیر حەداد پێیوایە کە"ئەو سیاسەتی دژایەتیکردنەی هەرێمی کوردستان و بڕینی مووچە و قوتی خەڵکی کوردستان لەلایەن بەغداوە کۆتایی پێهاتووە و ئێستا قۆناغێکی تازە و سیاسەتێکی تازە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان هەیە و بە پێچەوانەوەش سیاسەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەغدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە".

ناوبراو دڵنایی زیاتری دایە هاوڵاتیان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەگەر ڕادەستنەکردنی نەوت ببوایە بە هۆکارێک بۆ نەدانی مووچەی فەرمانبەران، کە سێ مانگە نەوت ڕادەستنەکراوە، دەبووایە حکومەتی عێراق ئەو سێ مانگە پارەی ڕەوانە نەکردبایە. لەبەرئەوەی ڕەوانەنەکردنی نەوت کێشەنابێت و ئەمە لە یاسای بودجەی عێراقدا جێگیرکراوە.



لە عێراق مەترسیی لافاو لەئارادا نییە

خەبات: بەغدا

وەزیری سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی عێراق، جەمال عادلی دەنگۆی بوونی مەترسی لافاو لەسەر شاری بەغدای پایتەخت و شارەکانی باشوور بەدرۆخستەوە بە هۆی ئەو شەپۆلەی باران بارین کە ماوەیەکە ناوچەکەی گرتووەتەوە.

وەزیری سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی عێراق، جەمال عادلی دەنگۆکانی بوونی مەترسیی لافاوی لەسەر شاری بەغدای پایتەخت و شارەکانی باشوور بەدرۆخستەوە بە هۆی ئەو شەپۆلەی باران بارین کە ماوەیەکە ناوچەکەی گرتووەتەوە.

جەمال عادلی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لەبارەی ئەو دەنگۆیانەی باس لەوە دەکەن کە لە ئەنجامی ئەو شەپۆلە بارانەوە ناوچەکەی گرتووەتەوە، بەغدا و ناوچەکانی باشووری عێراق لەڕێر مەترسیی لافاودان گوتی: بانگەشەکان لەبارەی مەترسیی لافاو لەسەر بەغدا و ناوچەکانی دیکە بە هۆی ئەو بارانەی هەفتەیەکە بەردەوامە، بێ بنەمایە".

وەزیری سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی عێراق، جەمال عادلی ڕاشیگەیاند، شارەکانی عێراق بڕی پێویست بەندئاو و ژێرخانیان هەیە کە بارانا گلبدەنەوە و گوتی: "بەندئاوی مووسڵ توانای گلدانەوەی 10 ملیار مەترسێجا و زۆنگاوەکانی باشووریش توانای گلدانەوەی ملیارەها مەترسێجا ئاویان هەیە".

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/3/27 ژمارە (5718)

کاردانەوەی وڵاتان لەبارەی ناساندنی جوڵان وەک خاکی ئیسرائیل لەلایەن ئەمەریکاوە



حەسەن روحانی: پێشکەشکردنی بەرزاییەکانی جوڵان بە زایۆنیستەکان لە لایەن ئەمەریکاوە، داگیرکارییە

یەکێتی ئەورووپا: دان بەسەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جوڵاندا نانێین



کرملین: واشنتۆن هەنگاوێکی دیکەی ناوە کە یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکردووە

هەنگاوێکی دیکەی ناوە کە یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکردووەو لەوبارەوە زۆر نیگەرانین.

روحانی: تەرەمپ یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکردووە

هەروەها ئێرانیش لەدژی بڕیارەکەی تەرەمپ هاتە دەنگ و بڕیارەکەی بەپێشێکاریی یاسا نێودەوڵەتییەکان لەقەڵەم دا. لەمبارەیەوە ئاژانسی هەواڵیی IRNA بڵاویکردەوە، حەسەن روحانی لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ ژمارەیەک لە وەزیران و بەرپرسانی بااڵی ئێران لە تاران، ڕەخنەی لە بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ گرتووە لەبارەی بەرزاییەکانی جوڵان. سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی ڕایگەیاندووە، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ بەو هەنگاوە یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکردووە و گوتی: هیچ کەس بیری نەکردەوە کە لە ئەمەریکا کەسێک پەیدا ببێت و خاکی وڵاتێک وەک مافی وڵاتێکی دیکە ڕابگەیەنێت کە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانە. هەوڵی پێشکەشکردنی بەرزاییەکانی جوڵان بە زایۆنیستەکان لە لایەن ئەمەریکاوە، داگیرکارییە.

نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپاش هاتنە دەنگ

لەلایەکی دیکەشەوە هەریەک لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپاش، بڕیارەکەی تەرەمپیان ڕەتکردەوە. ستیفان دوجاریک وتەبێژی بە ناوی نەتەوە یەگرتووەکانەوە ڕایگەیاند: دۆخی بەرازییەکانی جوڵان، هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە و سیاسەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بەرزاییەکانی جوڵان، بەپێی ئەو بڕیارانە دەبێت کە ئەنجوومەنی ئاسایش لەو بارەیەوە داویەتی و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت. هەروەها یەکێتیی ئەورووپاش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە: هەڵوێستی یەکێتییەکە، گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و ئەوان دان بەسەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جوڵان و ئەو ناوچانەدا نانێن، کە لەساڵی 1967 داگیرکراون.

سعوودیە: پێشێلکارییەکی ڕوونی یاسا نێودەوڵەتییەکانە

سعوودیە و بەحرێن ئیدانەی واژووکردنی ئەو بڕیارنامەیەی سەرۆکایەتییان لە لایەن سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپەوە کرد کە دان بە سەروەریی ئیسرائیل لە بەرزاییەکانی جوڵاندا دەنێت. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە ناژانسی فەرمی هەواڵیی سعوودیە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە سعوودیە بەرزاییە داگیرکراوەکانی جوڵان وەک خاکی سووریا دەناسێت. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە بڕیارەکەی ئەمەریکا لەبارەی بەرزاییەکانی جوڵان، جێگەی قبوڵکردن نییە و هەوڵەکانی دڕووستکردنی دیفاکتۆیەک نابێتە هۆی گۆڕینی ڕاستییەکان و تیایدا هاتووە "ڕێکارەکەی ئیدارەی ئەمەریکا، پێشێلکارییەکی ڕوونی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکانە. لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامی نەرێنی لەبارەی ئاسایش و سەقامگیریی لێدەکەوێتەوە".

کوێت: بڕیارەکە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە

هەروەها کوەیت بەداخەوەیە بۆ بڕیارەکەی ئەمەریکا سەبارەت بە دانپێدانانی دەسەاڵت ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جوڵاندا و داوای کرد ڕێز لە یاسا نێودەوڵەتییەکان بگیردرێت. وەزارەتی دەرەوەی کوەیت لە بەیاننامەیەکدا گوتی: ئەم بڕیارە پێشێلی یاسای نێودەوڵەتی و بڕیارە یاساییە نێودەوڵەتییەکانە. کەنەدا دۆستێکی بەهێزی ئیسرائیلە. لایەنگری ئیسرائیلیان و داکۆکی لە مافی ژیانی بەئاشتی و ئارامی لەگەڵ دراوسێکانیدا دەکەین".

هاوکات سەرۆک وەزیرانی ڕۆمانیا فیوریکا دانسیۆلا ڕایگەیاند: ڕۆمانیا بالیۆزخانەی خۆی لە تەلئەبیبەوە دەگوازێتەوە بۆ قودس، پێوستە سەرۆکی وڵات کلاوس یوهانس ڕەزامەندی لەسەر ئەم بڕیارە بنوێنێت.

لەبەرانبەریشدا کلاوس یوهانس سەرۆکی ڕۆمانیا دەڵێت: جارێکی دیکەش سەرۆک وەزیران نەزانی و کەمشارەزایی خۆی لە سیاسەتی دەرەوە دووپاتکردەوە، کە پەیوەیستن بە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ڕۆمانیا.

مایک پۆمپیۆ: پێم ناخۆش بوو بەڵام سەرم نەسوڕما

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، مایک پۆمپیۆ لەبەرامبەر کاردانەوەکانی وڵاتان و ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە،"داگیرکردنی خاکێک بە بەکارهێنانی هێز بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان قەدەغەکراوە. گۆڕینی هەر سنوورێک بە شێوەیەکی تاک لایەنە، پێچەوانەی بنەما یاساییە نێودەوڵەتییەکانە. کەنەدا دۆستێکی بەهێزی ئیسرائیلە. لایەنگری ئیسرائیلین و داکۆکی لە مافی ژیانی بەئاشتی و ئارامی لەگەڵ دراوسێکانیدا دەکەین".

کەنەدا بڕیارەکە ڕەتدەکاتەوە

وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا بڕیارەکەی ئەمەریکای لەبارەی بەرزاییەکانی جوڵانەوە ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، کەنەدا دان نانێت بە حوکمی دریژخایەنی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جوڵاندا. وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا لەبارەی بڕیارەکەی ئەمەریکاوە ڕاگەیەندراوێکی باڵوکردەوە. لە دەقی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، کەنەدا دان نانێت بە حوکمی دریژخایەنی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جوڵاندا. هەڵوێستی کەنەدا لەوبارەوە ماوەیەکی زۆرە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە". هەروەها لە گۆڕانکاریی بەسەرداهات. پێشنیازەکە بە گۆڕانکارییەوە دەنگی لەسەردرا و بە 327 دەنگ بەرامبەر 300 دەنگ پەسەندکرا.

لە بەریتانیا بەپێی یاساکان حکوومەت دەسەاڵتی دەستنیشانکردنی ڕۆژەڤی پەرلەمانی هەیە، بەاڵم دوای ئەو پڕۆژە بڕیارەی ڕۆژی چوارشەمە لە باڵی خوارەوەی پەرلەمان پەسەندکرا، بە دەستپێشخەریی سەرۆکی باڵی خوارەوەی پەرلەمان، جۆن بێرکاو چاوەڕوان دەکرێت جێگەی ڕۆژەڤی حکوومەت بگرێتەوە.

جۆن بێرکاو لە قۆناغی بڕێکسیتدا پێشتریش لە ڕێگەی بۆچوونەکانیەوە سەبارەت بە نەریتەکان لە دژی حکوومەت، ببووە بابەتی ڕۆژەڤ.

بەپێی ئەو داواکارییەی کە پەسەندکراوە، پەرلەمانتاران ڕۆژی چوارشەمە، چەند سیناریۆیەکی جیاواز دەخەنە دەنگدانەوە. چاوەڕوان دەکرێت لەنێویاندا تورکیا لەهەمبەر ناساندنی بەرزاییەکانی جوڵان وەک سەروەریی ئیسرائیل لەلایەن ئەمریکاوە ڕایگەیاند،" پێم ناخۆشە بەڵام سەرم نەسوڕما". پۆمپیۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییدا کە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەنجامی دا وەاڵمی پرسیارەکانی دایەوە. لەبەرامبەر پرسیارێکدا کە ئایا چۆن دەڕوانە کاردانەوەکانی تورکیا، نەتەوەیەکگرتووەکان و کەنەدا کە لەبەرامبەر بڕیاری بەرزاییەکانی جوڵان نواندوویانە؟ پۆمپیۆ گوتی،" پێم ناخۆش بوو بەڵام سەرم نەسوڕما." پۆمپیۆ لەدرێژەدا گوتی،: "ئەوکاتەشم بیرە کە بڕیاری گواستنەوەی باڵیۆزمان دا بۆ قودس. لەهەمو بابەتێکدا ئێمە ڕاستیەکانی مەیدان لەبەرچاو دەگرین و وڵاتانی تریش هیوادارم کە تێبگەن لە گرنگی دۆخەکە و بەشداریمان بکەن. لەگەڵ ئەم مشتە وڵاتەی باسی دەکەین چاوپێککەوتنەکانمان بەردەوام دەبێت." لەبەرامبەر وەاڵمی پرسیارێکدا کە ئایا وڵاتانی بەهێز سەرەڕای یاسا نێودەوڵەتییەکان دەتوانن ئەو خاکانە وەرگرن کە دەیانەوێت؟ پۆمپیۆ گوتی،"بەهەمو شێوەیەک نەخێر، بەاڵم ئەمە دۆخێکی تەواو جیاوازە. ئیسرائیل بەرگری لەخۆی دەکات."

بەریتانیا.. کۆدەتای پەرلەمان بەسەر حکوومەت لەبارەی بڕیگزێت



پەرلەمانی بەریتانیا داواکاریی حکوومەتی بۆ تەرخانکردنی ڕۆژێک بۆ دەنگدان لەسەر بژاردەکانی بڕیگزێت پەسەندکرد

لەکاتێکدا پارتی پارێزگاران لە دەنگدانەکەدا وەک فراکسیۆن بڕیاری دەنگی "نەخێر"ی دابوو، هەریەکە لە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست، ئالیستەیر بورت و وەزیری ئابووری و پیشەسازی، ریچارد هارینگتۆن بە "بەڵێ" دەنگیاندا و دواتر دەستیان لەکارکێشایەوە.

لە باڵی خوارەوەی پەرلەمانی بەریتانیا دەنگدان لەسەر داواکاریی حکوومەت بۆ تەرخانکردنی ڕۆژێک بۆ بژاردەکانی بڕیگزێت بەڕێوەچوو و لە ئەنجامدا بە 329 دەنگ بەرامبەر 302 دەنگ داواکارییەکە پەسەندکرا.

هاوکات بەم دەنگدانە پێشنیازی حکوومەت لەنێو ئەو بژاردانەی کە دەنگیان لەسەر دەدرێت، گشتپرسیەکی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی بڕیکسیت هەبن. لە حاڵەتێکدا کە هەریەکێک لەو پێشنیارانە لە لایەن زۆرینەیەکی بەرچاوەوە پشتیوانیی لێبکرێت، گوشاری سیاسیی لەسەر حکوومەت بەرزدەبێتەوە.

ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە حاڵەتی بەرزبوونەوەی ژمارەی دەست لەکارکێشانەوەکاندا ڕەنگە کاریگەریی لەسەر لەرزاندنی کورسییەکەی سەرۆکوەزیران، تێرێزا مای هەبێت.

ڕێککەوتنەکەی تێرێزا مای کە سەبارەت بە بڕیکسیت لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپادا ئەنجامیدابوو لە دوو دەنگدانی ڕۆژانی 15ی کانوونی دووەم و 12ی ئادارەدا بە زۆرینەی دەنگ ڕەتکرابوویەوە.

بەرپرسێ لقێ 9: چارەسەرکرنا هەر ئاریشەیەکا جڤاکی لدویڤ یاسایێ ئەم ب ئەرکێ خۆ دزانین



خەبات- سالح محەمەد تەیرۆ: بەرپرسێ راگەهاندنا نڤیسینگەها بەرپرسێ لقێ9 بۆ خەبات گۆت : لدرێژەدان ب چارەسەرکرن و بنبر کرنا ئاریشەیێن جڤاکێ لدڤەڕێ ، ل هولا بارەگایێ لقێ 9 و ب سەرپەرشتیا سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9 و ب بەرهەڤبوونا کارگێریا لقێ و نڤیسینگەها کومەلایەتیا لقێ9 و جابر محەمەد ئەمین بەرپرسێ لیژنەیا ناوچا بجیل و فەرهاد ڕێڤەبەرێ ناحیا بجیل ئاریشەیەکا جڤاکی دنێڤبەرا دوو مالباتان ل سنورێ ناحیا بجیل یا سەر ب دەڤەرا سورچیایەتیێ ڤە هاتە چارەسەر کرن ، پشتی پەیڤا بخێرهاتنێ پەیڤەک ژ لایێ بەرپرسێ لقێ ڤە هاتە ئاراستە کرن و تێدا ئاماژە دا هندێ کو هەردەم دوژمن و نەحەزێن گەلێ کوردستانێ هەولا بارەگایێ لقێ 9 و ب ئاریشەیان و دووبەرەکیێ دنێڤبەرا جڤاکێ کوردستانێ دا دایە کو ئەڤێ ژی مەرەمێن خو یێن چەپەل پێ هەبوویە ، لێ هەردەم پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازا پیروزا بارزانی خوە ل چارەسەرکرنا ڤان ئاریشەیان کری یە خودان و هەولا چارەسەرکرنێ دایە لدویڤ یاسایێ کو ل هەر ل پشتی سەرهلدانا بهارا سالا 1991ێ و هەتا ئەڤرۆ ب سەدان ئاریشەییێن جڤاکی ل سنورێ لقێ 9 هاتینە چارەسەرکرن و بەرنامە ژی دێ بەردەوام بیت بۆ نەهێلانا هیچ ئاریشەیەکێ ل دەڤەرێ وئەم باش گرنگیا چارەسەرکرنا ڤان ئاریشەیان دنێڤ جڤاکی خۆدا دزانین و ئەم ب ئەرکێ خۆ یێ ئەخلاقی و ئایینی و نەتەوی ونیشتیمانی ژی دزانین ، لدویاهیێ بەرپرسێ لقێ9 سوپاسیا نڤیسینگەها کومەلایەتیا لقێ 9 و لیژنا ناوچا بجیل و ڕێڤەبەریا ناحیا بجیل و تەڤایا وان کەس ولایەنان کر ئەوێن بوویە هاندەر و پشتەڤان بو چارەسەرکرنا ڤێ ئاریشێ و سوپاسیا هەردووک مالباتان ژی کو لدویڤ داخوازیا وان هاتین بۆ ژ بنبرکرنا ڤێ ئاریشێ و هەردوو مالباتان ژی سوپاسیێن خوە ئاراستەیی لقێ 9 و نڤیسینگەها کومەلایەتیا لقێ و لیژنەیا ناوچا بجیل و ڕێڤەبەریا ناحیا بجیل و تەڤایا کەس ولایەنان کرن کو بوویە هاریکار و پشتەڤان بو چارەسەرکرنا ئاریشەیا وان یا جڤاکی و سوزدان ژی کو ل ئەڤرۆ پاشڤە وەکو برا پێکڤە بژین .

ل زاخو... هەژمارەکا هونەرمەند و ڕۆژنامەڤان و نڤیسەر هاتنە خەلاتکرن

خەبات / زاخو: ڕێڤەبەریا ڕەوشەنبیری و هونەری ل پاریزگەها دهوک چالاکیەک بناڤێ " شەڤا زاخو" ببەشداریا هەژمارەکا بەرچاڤ ژ هونەرمەند و نڤیسکار و ڕۆژنامەڤانێن دەڤەرا زاخو سازکر.

دلخواز موسا ڕێڤەبەرێ ڕێڤەبەریا ڕەوشەنبیری و هونەری ل زاخو دیارکر ، کو ئارمانج ژ ڤێ چالاکیێ ئەوە پتر ڕولێ ڕەوشنەبیر و هونەرمەند و ڕۆژنامەڤانێن دەڤەرا زاخو بەرچاڤ بکەین و ڕێزی ل وان بگرین و هەروەسا دڤێ چالاکیێ دا یاکو هەژمارەک بەرپرس وکەسایەتێن دەڤەرا زاخو تێدا ئاما دەبوین چەند برگەیێن هونەری و ڕەوشەنبیری و دیروکی یێن پەیوەندی ب شارێ زاخو ڤە هەنە هاتنە پێشکێشکرن وهەروەسا هەژمارەکا کەسایەتی وڕێکخراوێن ngo و هونەرمەند و نڤیسکار و ڕۆژنامەڤانێن دەڤەرا زاخو هاتنە خەلاتکرن.

ژبو هایداربون لسەر ڕەوشا باژێری و ژیانا هاوڵاتیان بەرپرسێ لقا ئێک سەرا وان خست



ژبو هایداربون لسەر ڕەوشا باژاری و ژیارا ڕوژانە یا هاوڵاتیان بەرێز(سەربەست تروانشی) ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک سەرا هند دوکانێن گوشت فروشییێن سەنتەرێ پاریزگەها دهوکێ کر و بنێزیکی هایداری چاوانیا کرین و فروتن و بهایێ وان بو ، ئەڤە و بەرپرسێ لقێ ئاماژە دا وی ئێکێ کۆ هوین دشێن هاریکار و پشتەڤان بن دگەل خەلکی نەخاسمە یێن هەژار و کێم دەرامەت دیسان هەوڵ بدەن باشترین گوشت بینە دناف بازاریدا و ب نرخێن گونجای بفروشن و دڤێت مەرجێن ساخلەمی ژی لبەر چاڤێن وەبیت ، پاشان بەرپرسێ لقێ گوهداریا داخاز وگازندێن وان خودانێن دوکانێن گوشت فروشییا گوشتێ ماسیا و پەزی کر.

چەند زانیارییەک لەبارەی پڕۆژەی دانەوەی قەرزی فەرمانبەران ئاشکرا کرا

دوێنێ ئەنجومەنی پاریزگای هەولێر کۆ بووەوە و تێیدا بڕیار درا کە جگە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم جارە پڕۆژەی گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران ئاراستەی پەڵەمانیش بکرێت بۆ ئەوەی بەیاسایی بکرێت و لە ڕێگەی یاساوە پاشکەوتی مووچەی فەرمانبەران بگەڕێندرێتەوە. سەرۆکی ئەنجومەنی پاریزگای هەولێریش دەڵێ، حکوومەت پاشکەوتی لە 33 مووچە کردووە و حەوت مووچەشی نەداوە. خانزاد مام وسوو، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی پاریزگای هەولێر، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: "دوێنێ ئەنجومەنی پاریزگای هەولێر کۆ بووەوە و تێیدا بڕیار درا کە جارێکی دیکە پڕۆژەی دانەوەی قەرزی فەرمانبەران لە پاشەکەوتی مووچە ئاراستەی حکوومەت بکەن و جگە لەوەش، ئاراستەی پەڵەمانیش بکرێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی یاساوە پاشکەوتی مووچەی فەرمانبەران بگەڕێندرێتەوە، چونکە ئەوە مافێکی سروشتیی فەرمانبەرانە." خانزاد مام وسوو گوتیشی: "ئێمە دەمانەوێت لە ڕێگەی ئەو پڕۆژەیەوە حکوومەت قەرزی هاوڵاتییان بداتەوە و هاوڵاتیش قەرزی حکوومەت بداتەوە، وەکو پێشینەکان و قەرزی ئاو و کارەبا و هەندێک باجەکانی سەر هاوڵاتییان کە لە کاتی قەیرانی دارایییدا هاوڵاتییان نەیانتوانیوە ببەدنەوە، بۆیە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پڕۆژەکە ئاراستەی حکوومەت و پەرلەمان دەکەن." سەرۆکی ئەنجومەنی پاریزگای هەولێر، عەلی ڕەشید، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "ئێمە دەمانەوێت حکوومەت وەکو هەنگاوی یەکەم ئەو قەرزانەی وەکو پشینەکانی خانووبەرە و هاوسەرگیری و کشتوکاڵ و قەرزی بچووک کە لای هاوڵاتیانە لە مووچەیان نەبڕێت و لە پاشەکەوتی مووچەیان ببڕێت و دوای ئەوە ئەگەر هاوڵاتییان پارەیان لای حکوومەت ما بیانداتەوە ئەگەر کەمیش بوو لە مووچەیان ببڕێت و ئەوانەی قەرزیان لەسەر نییە حکوومەت مانگانە بڕێک پارەیان بداتەوە." عەلی ڕەشید باسی لەوەش کرد: "حکوومەت پاشکەوتی مووچەی لە 33 مووچە کردووە و حەوت مووچەی بەگشتی نەداوە." عەلی ڕەشید گوتیشی: "بەپێی پڕۆژەکە هەموو قەرزەکانی حکوومەت لەسەر هاوڵاتیان دەگێتەوە جا هەر جۆرە قەرزێک بێت."

لە ڕۆژی 4/1ەوە کارەبای نیشتیمانی زیاد دەبێت



خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: ئەندازیار محەمەد ئەمین هەورامی گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا دەربارەی زیادبوونی کارەبای نیشتیمانی ڕوونیکردەوە: ئەو ماوەیە سەرما و سۆڵە و باران بارین ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد و کاریگەری کردە سەر زیاد بەکارهێنانی کارەبا بۆ خۆگەرم کردنەوەو داواش لە هاوڵاتیان دەکەین کە دەست بەکارەباوە بگرن و ئامێرە کارەباییەکان کەمتر بەکاربهێنن بۆ ئەوەی بتوانرێ کارەبای زیاتریان پێ بدرێت سەبارەت بە زیادبوونی کارەبا گوتەبێژەکەی وەزارەتی کارەبا ڕوونیکردەوە: هەوڵەکانی وەزارەتی کارەبا بۆ زیادبوونی کارەبا بەردەوامی هەیەو بڕیارە تا سەری مانگ کارەبای نیشتیمانی زیاد بکات ئەویش لە ڕۆژی 4/1 بەدواوە هاوڵاتیان کارەبایان بۆ 20 کاتژمێر بۆ زیاد بێت لە شەوو ڕۆژێکدا.

هۆشیار، ژیان لەگەڵ مین و تەقەمەنیدا بەسەر دەبات

هۆشیار عەلی ماوەی 33 ساڵە کاری هەڵگرتنەوە و پووچەڵکردنەوەی مین و تەقەمەنییە و لە پێناو پاراستنی گیانی کەسانی تردا چەندین جار ژیانی کەوتووەتە مەترسییەوە و لە مەرگ نزیک بۆتەوە. هۆشیار عەلی ناسراو بە هۆشیاری مین و تەقەمەنی ماوەی 33 ساڵە کاری هەڵگرتنەوەی ئەو مین و تەقەمەنییانەیە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و سنووری هەڵەبجە بەتایبەتی لە سەردەمی جەنگی عێراق و ئێراندا لە ساڵی 1980-1988 چێندراون، ئەو ژیانی خۆی کردووەتە قوربانی لە پێناو پاراستنی گیانی کەسانی تر و هەردوو قاچی لەو پێناوەدا لەدەستداوە.



هۆشیاری تەمەن 56 ساڵان تاوەکو ئێستا سەدان هەزار پارچە مین و تەقەمەنی لە ناوچە جیاجیاکانی هەڵەبجە و هەرێمی کوردستان پووچەڵکردووەتەوە و لە زۆر ناوچەشەوە داوایان لێکردووە بۆ پاککردنەوەی ناوچەکەیان لە پاشماوەکانی جەنگ و ئەو مین و تەقەمەنییانەی چێنراون. مامەڵەکردن لەگەڵ مین و تەقەمەنییەکان کارێکی مەترسیدارە و هەزاران کەسی لە هەرێمی کوردستان کردووەتە قوربانی، هۆشیار وەک خۆی دەڵێت چەندین جار لە مەرگ گەڕاوەتەوە و هەردوو قاچی بەو هۆیەوە لەدەستداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاسوودەیە بەوەی لە پێناو پاراستنی گیانی کەسانێکی تردا خزمەت دەکات.

هۆشیار لە بارەی چیرۆکی ژیانی و چۆنێتی دەستکردن بە هەڵگرتنەوە و مەترسییەکانی کارەکەیەوە گوتی: "ئەو کارەی من دەیکەم کارێکی مرۆڤایەتییە و تەنها لە پێناو خودا و دواتر مرۆڤایەتیدایە، بەرلە 33 ساڵ دەستم بەم کارە کردوو ئەوکات کە پێشمەرگە بووم لە شاخ چاوساغی پێشمەرگەکانی تر بووم ، دوای بینینی خولێکی مەشق و ڕاهێنان لە شاری ئەهوازی ئێران لەسەر چۆنێتی هەڵگرتنەوە و پووچەڵکردنەوەی ماین و تەقەمەنی توانیم لەو کارەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنم و لە هەموو ناوچەکانی هەرێم کاری پاککردنەوە و هەڵگرتنەوە و پووچەڵکردنەوەی مین و تەقەمەنیم کردووە".

ئەو گوتی: "لە میانی ئەو 33 دەڵێت بەرامبەر ئەو کارەی لە هەزار پارچە مینم هەڵگرتووەتەوە 540 هەزار دۆنم زەویم پاککردووەتەوە لە مین و تەقەمەنی و 160 کەسم لەناو کێڵگەی مین و تەقەمەنی ڕزگارکردووە، سەرەڕای ڕزگارکردنی سەدان سەر ئاژەڵ".

هۆشیار بە هۆی کارەکەیەوە خۆشەویستی لە لای خەڵک پەیداکردووە و وەک خۆی لە ناوچەیەکی پێنجوێن قوتابخانە و نەخۆشخانە و مزگەوت و بنکەی پۆلیس و مەرزێکیان بەناوی ئەوەوە کردووە، ئەو گوتی:" تەنها لەو ناوچەیەی پێنجوێن کە ناوچەیەکی سنووریە لەگەڵ ئێران و شوێنی جەنگ بووە زیاتر لە یەک ملیۆن و 300 هەزار پارچە مینم هەڵگرتەوە".

هۆشیار لە مینانی هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنیدا چەندینجار ڕووبەڕووی مەرگ بووەتەوە و لە ساڵی 1989 لە بناری بەمۆ لە نزیک دەربەندیخان بە هۆی مینێکی ئیتاڵییەوە قاچێکی لەدەستداوە، هەروەها قاچەکەی تری لە ساڵی 1994 لە ناوچەی پێنجوێن و بە هۆی تەقینەوەی مینێکەوە لەدەستدا و جەستەی شوێنی چەندین بریندی پێوەیە و حەوت گۆڕی هەیە کە پارچەکانی لەشی تیادا ناشتووە.


ئەو تا ئێستاش بەردەوامە لە کارەکەی و دڵخۆشە بەوەی بتوانێت گیانی کەسێک لە مەترسی لە هەر ناوچەیەک ڕزگار بکات لە میانی شەڕی داعشیشدا چووەتە بەرەکانی جەنگ و کاری پووچەڵکردنەوەی بۆمب و تەقەمەنییەکانی کردووە.

هۆشیار دەڵێت "پەشیمان نیم لە دەستکردن بەو کارە و سەربەرزم پێی، لەناو خەڵکدا ڕێز و خۆشەویستی زۆرم هەیە لە دوای داعش لە مووسڵ و داقوق و ناوچەکانی تریش گیانی هەزاران پێشمەرگەم لە مردن ڕزگار کردووە".

هۆشیار لەنێو مامۆستایەکی و ئۆتۆمبێلەکەشی کە چەند ساڵێکە تابڵۆی ئۆتۆمۆبێلەکەشی کردووە بە ژمارە یەکی هەڵەبجە، سەدان جۆر مین و تەقەمەنی پووچەڵکراوەی داناوە و لە لای خۆی پاراستونی، ئەو بەنیازە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە جۆرە جیاجیاکانی پاشماوەی جەنگ و مین و تەقەمەنییەکان بکاتەوە .

ئەو بە هۆی کارەکەیەوە لەسەر ئاستی جیهان خەڵاتی تایبەت کراوە و لە ساڵی 1993 بۆ چارەسەرکردن سەردانی ژاپۆنی کردووە و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی وەرگرتووە.

لەنەخۆشخانەی ئاشتی لە سۆران نەشتەرگەریەکی ناوازە بۆ منداڵێک کرا



خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: فاخیر کرمانجی گوتەبێژی تەندروستی هەولێر ڕوونیکردەوە: لەچوارچێوەی ئەو نەشتەرگارییانەی کە لە نەخۆشخانە حکومیەکان ئەنجام دەدرێت دوێنێ نەشتەرگەری جوانکاری و ڕێککاری بۆ پەنجە گەورەی دەستی ڕاستی منداڵێک لە هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی ئاشتی لە سۆران ئەنجامدرا کە بەهۆی یاری ئاگرینەوە ئەو منداڵە پەنجەکەی لەدەست دابوو. شایانی باسە ئەو نەشتەرگەریە لەلایەن ستافێکی پزیشکی بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراو لە ئێستادا باری تەندروستی ئەو منداڵە باشتر بووە.

بەرپرسێ لقێ یەک پێشوازیا ل بەرپرسێ نقێسینگەها رزگارکرییێن ڕەقاندییێن ئیزدی کر



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک پێشوازیا حسێن گورقائید بەرپرسێ نقێسینگەها رزگارکرییێن ڕەقاندییێن ئیزدی کر ، ئەڤەو دڤێ هەڤدیتنێدا بەرپرسێ لقێ گوهداریا وی کر ل دور وان بزافێیێن لێگەریننا نقێسینگەها رزگارکرییێن ڕەقاندییێن ئیزدی ئەوێن کو کەفتینە دەستێن تیرورستێن داعش کۆ ب تێرو تەسەلی باسێ لێگەرینا ل دور بەرزەبوییێن کوردێن ئیزدی کر و گوت هەیا نوکە ئەم شیاینە (3422) کەسان ڕزگار بکەین کۆ ئەڤا هەنێ ژی ب پالپشتی و پشتەڤانیا ڕاستەوخویا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بویە و لێگەرین یا بەردەوامە ل دور ییێن ماین، ئەڤە و بەرپرسێ لقێ دەستخوشیا نقێسنگەها هان کر لدور لێگەرینا وان بو ونبوییێن کوڕ و کچێن ئیزدیان ئیزدی کر و گوت هەیا نوکە ئەم شیاینە (3422) کەسان ڕزگار بکەین کۆ ئەڤا هەنێ ژی ب پالپشتی و پشتەڤانیا ڕاستەوخویا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بویە و

جوتیارانی کورد لە خانەقین خۆپیشاندانیان ئەنجام دا



ژمارەیەک جوتیاری کورد لە قەزای خانەقینی پارێزگای دیالە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، دژی هەوڵی بەرپرسانی پارێزگاکە بۆ لێسەندنەوەی زەویە کشتوکاڵیەکانیان و پێدانیان بەو عەرەبە هاوردانەی کە لەساڵی 2003ەوە ناوچەکەیان جێهێشتووە. عەدنان کاکەیی یەکێک لە جوتیارە خۆپیشاندەرەکان، ڕاگەیاند"لەساڵانی هەفتاکان بەعس زەویەکانمانی داوە بە عەرەبی هاوردە، دوای ڕووخانی بەعس لە ساڵی2003 گەڕاینەوە سەر زەویەکانمان، کەچی تائێستا گرێبەستی زەویەکانمان بەناوی عەرەبی هاوردەوەیە. وتیشی"کۆمەڵێک دەسەڵاتداری دیالە نوسراو دێن و دەیانەوێت زەویەکانمان لێوەربگرنەوە، بۆیە خۆپیشاندانمان ئەنجامدا. جوتیارە کوردەکان ڕۆیشتنە بەردەم بینای قایمقامیەتی خانەقین و نارەزایەتیان ئەنجامدا، بەو پێیەی نوسراوێک لەدیالەوە ئاراستەی ئەو فەرمانگە حکومیە کراوە بۆ وەرگرتنەوەی زەوی لە جوتیارە کوردەکان. حەمدان شامار یەکێکی تر لە جوتیارە خۆپیشاندەرەکان، ئاماژەی بەوەکرد ئەمڕۆ بەڵێنیان لە قایمقامی خانەقین و بەرپرسی بەشی یاسایی پارێزگای دیالە وەرگرتووە، کار بە نوسراوەکانی سەردەمی بەعس نەکرێت، وتی"پێمان وتن ئەمجارە بەشێوەی ئاشتیانە گردبووینەتەوە، جارێکی تر پەنا بۆ ڕێوشوێنی تر دەبەین.

شاندی باڵای نەوت و گازی کوردستان دەچێتە بەغدا

جێگری سەرۆکی لێژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان باس لە بوودجەی گشتیی عێراق دەکات و دەڵێت، بۆ دڵنیابوون لە پرسی ناردنی بوودجە شاندێک دەچێتە بەغدا.

هیڤیدار ئەحمەد، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: "لە دواکۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز کە کاک نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی حکوومەت و قوباد تاڵەبانی وەک جێگری سەرۆکی حکوومەت و ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان و ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی و عەلی سندی، وەزیری پلاندانان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانیش تێیدا ئەندامن، بڕیاریان داوە لە نزیکترین کاتدا سەردانی بەغدا بکەن. ئامانج لە سەردانەکە پرسی نەوت و پشکی بوودجەی کوردستانە کە لەوێ گفتوگۆی ورد بکرێت، ئەوەش کە باس دەکرێت گوایە ئەگەر هەرێمی کوردستان نەوت ڕادەست نەکات، بەشەبوودجەی کوردستان دەبڕدرێت ڕاست نییە، چونکە سەنەدێکی یاساییی بەهێز هەیە ئەویش بوودجەی یاسای 2019 بەپێی یاساش کەس ناتوانێت ئەوە هەموار بکات کە باس لەوە دەکات بەغدا مولزەم کراوە بە پێدانی بەشەبوودجەی کوردستان، ئەمەش بەپێی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا کراوە کە سەرۆک بارزانی و عادل عەبدولمەهدی و بەم دواییانەش کاک نێچیرڤان بارزانی ئەنجامیان داوە".

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان خانەوادەی لێخۆشبوو عەزیز حاجی حەسەنی لۆکە

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی، پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و کادیری دڵسۆزی پارتیمان، خوالێخۆشبوو (عەزیز حاجی حەسەنی لۆکە) مان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی بنەماڵە کوردپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت وگیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان خانەوادەی لێخۆشبوو جەمال بەگ

خەمباربووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی مەزنی ئەیلول و گوڵان، خوالێخۆشبوو (جەمال محەمەد ئەمین عەباس بەگ) ناسراو بە (جەمال بەگ).

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و بنەماڵە شۆڕشگێڕ و کوردپەروەرەکەتان و سەرجەم خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

لەبارەی ڕێگای پردی دەرەدۆین هاتوچۆی گەرمیان ئاگادارییەک بڵاو دەکاتەوە

بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی گەرمیان، ئاگادارییەکی لەبارەی پردی دەرەدۆین کە دەکەوێتە سەر ڕێگای کەلار- دەربەندیخان بڵاو کردەوە.

دوێنێ سێشەممە 2019/3/26 بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی گەرمیان ئاگادارییەکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووک) بڵاو کردەوە، تێیدا ئاگاداری شۆفێران دەکاتەوە کەوا ڕێگای پردی دەرەدۆین کە دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان کەلار- دەربەندیخان کراوەتەوە و شۆفێران دەتوانن ئەو ڕێگایە بۆ هاتوچۆ بەکار بهێنن".

هاتوچۆی گەرمیان دەڵێ: ڕێگاکە لەسەر پردەکە یەک ئاڕاستەیە و پێویستە شۆفێران بە وریاییەوە بەکاربهێنن، و هاوکاریی تیمەکانی هاتوچۆ و شۆفێرەکانی بەرامبەریان بکەن".

ڕۆژی دووشەممە 2019/3/25 بەهۆی بارانبارینی بەردەوامەوە، پردی (دەرەدۆین) کە دەکەوێتە سەر ڕێگای دەربەندیخان - کەلار داڕووخا و بە تەواوی پەکی کەوت.

لە ئێوارەی شەممەی ڕابردووەوە 2019/3/23 شەپۆلێکی بارانبارین ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، لەبەیانی ڕۆژی دووشەممەوە کاریگەریی ئەو شەپۆلە بارانە لەسەر هەرێمی کوردستان زیاتر بوو و بارانێکی بەخوڕ باری، بەو هۆیەشەوە لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی هەرێمی کوردستان، ئاستی ئاو بەرز بووەوە و چەند شەقامێکیش بەهۆی ئەو بارانەوە داخران.

گوتاری ڕق و کینە و کاریگەری لەسەر پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاشتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی



بەئامادەبوونی پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین و یاریدەرانی سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی و زانستی و قوتابیان و ژمارەیەک لەڕاگری کۆلێژەکان و مامۆستایانی زانکۆ لەسەنتەری ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەدین یەکەمین کۆنگرەی زانستی نێودەوڵەتی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوی (الحکما العراق) لەژێر ناونیشانی "گوتاری ڕق و کینە و کاریگەری لەسەر پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاشتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی" لەنێوان 26-28 ئازاری 2019ساز دەکرێ، لەسەرەتای کۆنگرەکەدا خولەکێک وەستان بۆ مارشی نیشتمانی عێراق و مارشی هەرێمی کوردستان لێدرا، لەپاشان چەند ئایەتێک لەقورئانی پیرۆز خوێندرایەوە، هەروەها سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین وتارێکی پێشکەشکرد و لەنێودەوڵەتی قسەکانیدا جەختی خستە سەر هەموو ئەو خاڵانەی کە هۆیەک بوونە بۆ هێنانەئارای ڕق و کینە کە ڕەنگی داوتەوە لەسەر هەموو کایەکانی ژیانی لەعێراق، ئێستاش لێرەدا بەهەوڵی هەموو لایەک چەندین توێژینەوە سەبارەت بەهەموو هۆکارەکان دەخرێتە ڕوو، تا بتواندرێ لەداهاتوودا هەموو لایەنەکان و ڕەنگدانەوە و قەیرانەکان بەشێوازێکی لەبار بخرێتە واری چارەسەر هاوکات باسی لەو توێژینەوانە کرد کە بەهاوکاری زۆرێک لەئەکادیمیانی کوردستان و عێراق دەخرێتە ڕوو. هەر لەنێودەندی وتارەکاندا د.خالد بن ناجی ڕێکخەری ڕێکخراوی (الحکما العراق) وتارێکی پێشکەشکرد تیایدا هەموو لایەنەکانی توند وتیژی و ڕق و کینەی خستە ڕوو کە لەلایەکی دیکەوە زیاتر باس لە هۆکارە پەروەردەییەکان دەکاتەوە کە کۆڵگەیەکە بۆ زیاتر هۆشیاکردنەوەی کۆمەڵگە و نەوەکان، هەروەها کۆنگرەکە جەختی لە توێژینەوە یاسایی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکاتەوە بۆ بەرچاوڕوونی و چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی هەموو کاریگەری و ترسناکییەکان، لەتەک بەرچاوڕوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەبارەت بە کاریگەری ڕق و کینە و چۆنیەتی نەهێشتنی تا کۆمەڵگە هەموو ڕۆشنبیری پێکەوە ژیان لەلایان کاریگەر بێ.



بەسێ حەسەن ئیسماعیل نموونەی ئافرەتی ماندوونەناس

لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردستاندا، زۆر ئافرەتی ماندوونەناس و تێکۆشەر هەن کە ژیانیان لە پێناوی گەلدا بردووەتە سەر. خاتوو بەسێ حەسەن نموونەی یەکێک لەو ئافرەتە ماندوونەناسانەیە، کە لە ژیانیدا دوو هاوسەری هەبووە و هەردووکیان لەپێناوی کوردستاندا ژیانیان بەختکردووە. ئەم ژیاننامەیە لەلایەن خانەوادەی خوالێخۆشبوو بۆ خەبات هاتووە:



بەسێ ئیسماعیل حەسەن پاش نسکۆی 1975دەستی بە کاری رێکخستن بۆ پارتی کردووە و کۆڕەکەشی لەگەڵ حەمید ئەفەندی و شەهید حەسەن نەجار بوویتە پێشمەرگە و چەندین عەمەلیاتی سەربازیان لە ناوچەی سیدەکان و دیانا کردووە. کۆڕەکەی چەندین جار لەلایەن رژێم دەستبەسەر کراوە و بە لێبوردن بەردراوە.خۆیشی خێزانی شەهید زیندانیکراوە بە تۆمەتی بەشداری لە رێکخستنی پێشمەرگە بە خۆی و بە کۆڕەکەی و دوو کچەکەی لەگەڵ حەمید ئەفەندی و رەمەزان دۆسکی و شەهید حەسەن و دکتۆر سەعید و قەت ئیعترافی نەکردووە. بەردەوام بوو لەکاری خەباتی نەهێنی لەسەر رێبازی پارتی و بارزانی و چەندین جار بە سەختی بریندار بووە و گیراوە. لە هەموو سنورەکانی سیدەکان و مێرگەسۆر و دیانا خەباتی بەرچاویان هەبووە بۆ رێبازە پیرۆزەکەی پارتی و بارزانی، خێزانی شەهید (بەسێ) رێزێکی تایبەتی هەبوو لای کاک ئیدریس بە شێرە ژن ناوی دەبرد لە ناوچەی قەسرێ و دیلمان راستەوخۆ دەچووە لای و رێزی لێدەگرت و کۆڕەکەشی تاکو ئێستا هەر کادیری پارتییە. لەسالی 1991لە سنوری سۆران بەشداری کاریگەری هەبووە لە راپەڕین لە سۆران تاکو کەرکوک و ئاکرێ. لەسالی 1992ئەندامی ناوچەی چۆمان بووە ئەندامی کۆنگرەی (11)ی پارتی بووە و پێویستە ئەو خێزانانە ئاورێکی جیدییان لێبدرێتەوە. بەسێ ئیسماعیل حەسەن رەحمەتی لە شۆڕشی گوڵان کادیرێکی پێشکەوتووی رێکخستن بووە لە سالی 1975ز نەسکۆی شۆڕش چەک و تەقەمەنی حەشار داوە بۆ شۆڕشی ئەو کاتی گوڵان 26ی گوڵان پاشان ئەم هەموو سیلاحانەی رەوانە کردووە بۆ بیرکەم بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی بە دەستی خۆی بردوویەتی لەگەڵ چەند هەڤاڵ و کادیری پێشمەرگە. چەندین پێشمەرگەی پێگەیاندووە و قەت سەری بۆ دوژمن شۆڕ نەکردووە. لە ناوچەی سیدەکان خۆبەخشانە دەرمان و فیشەک و گوللەی بۆ دابینکردوون. ناوی دایکی پێشمەرگەی لێنرابوو. لەسەر حیسابی خۆی خواردنی بۆ پێشمەرگە دابین دەکرد و بۆی دەبردن لە گوندی (ژووژیلە، بێسێو، هێردن، سۆریا، گوشینە، تەلان، بۆرێ، دێرێ، گلەڕەش). چەندەها بەرپرس لەوێ بوون بە گەورە و گچکەیانەوە، حەمیدەفەندی، شەهید حەسەن نەجار، شەهید قادرە سۆر، عبدولڕحمان مەلا رەسوڵ، مەلا وسو گەزنەیی، عەریف حەمەد رەحمەتی، موشیر گوانی، ئەمانە هەموو شاهیدی بۆ ئەمەن کە چ خزمەتێکی گەیاندووە بە شۆڕشی پارتی و بارزانی نەمر.بە شێرەژن و دایکی پێشمەرگە لە مەنتیقەی سیدەکان ناسرا بوو. لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی لە نێو جەماوەر هاواری دەکرد هەر کەسێک دەنگ بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان و جەنابی سەرۆک نەدات ئەوە کوردیە لە بەهار و نەورۆزدا پێمواندیە تەنها وەرزێک یان بۆزەیەک یان کاتێکی دیاریکراو ببێتە هێمایەک بۆ پۆشینی جلی کوردی بە پێچەوانەی ئەمە جلی کوردی بەدرێژایی ساڵ و تەمەن مۆرکی کورد ایەتیمان بێت بە تایبەتی ئافرەتی کورد دەتوانێت وەکو دایک هەم وەکو رەگەزی مێ لەم پرسەدا دەورێکی سەرەکی ببینێت لە پەروەردە و فێرکردن و راهێنانی رۆڵەکانی بە کادیری پێشکەوتووی پارتی بوو لە رێکخستنەکانی ناوچەی سیدەکان و مێرگەسۆر تا هەولێر و لێپرسراوی میوانخانەی شۆڕش بوو لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، هەروەها لای کاک نێچیرڤان بارزانی رێزی تایبەتی لێدەگیرا، دایکی پێشمەرگە و دایکی شەهیدان بوو، شەهیدانی فەرمانبەر (حەسەن نەجار، رەمەزان دۆسکی، قادرە سۆر رۆستایی، عادل موهاجر، عەبدلواحد نێرویی، میرخان بێدۆدی، عەبدوالله عەزیز خان موهاجر، جەمیل خەلیل بەگ، فەتاح کەورینی، شەوکەت رەمەزان دۆسکی، عوسمان پیرانی، نوری مەلا بۆڵەیی، دکتۆر عەبدولڕحمان، عەبدلحەسۆ کانیەلەنجی، سەفەری دۆڵەمەڕی، محەمەد ئەحمەد مستەفا کانیەلەنجی، چاوشین میرخان، چاوشین بەی دۆدۆلەمەری) هەروەهاخوشکی ئەم فەرماندانە بوو لە شۆڕشی ئەیلوول و گولان (حەمید ئەفەندی، مستەفا نێرویی، ئەحمەد مستەفا کانیەلەنجی، کاکە ئەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی، کاک فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی، کاک کەریم سنجاری وەزیری ناوەخۆ، بیلال محەمەد سەدیق نێروەیی، عەلی شکاک، سەعید ولی بەگ، دکتۆر سەعید ئەحمەد نادر،حەسۆ میرخان دۆڵەمەری، عەزیزخان موهاجیر، حاجی کانەبی موهاجیر، شێخ کەوکەس موهاجیر، عیزەت سلێمان بەگ دەرگەلیی، دلاوەر محەمەد عەلیش ئاغای بێشوک، میرخان میرگەسۆر، عومەر عوسمان میرگەسۆر، علی عەونی لێپرسراوی لقی (10)، ئەحمەد بەگ سادقبادلیان، حاجی بێرۆخی، عریف یاسین دۆسکی، حەمید بیری، مەلحەمدری، نجمەالدین گۆرۆنی، مامۆستا عەبدوالرحمەن مەلا رەسوڵ، فەرزندە ئەفەندی سیدەکەیی، عریف ئەحمەد رۆستایی، ئەحمەد برۆنۆ رۆستایی، مشیرگوانی، مەلا وسوو گەزنەیی، بگەکەونەگوندی، حاجی ئاغای کەورینی، دکتۆر عەبدوالرحمەن کەورینی، کەریم حەیزەران موهاجیر، حاجی جاسم موهاجیر، حەسەن سۆر موهاجیر، مولود جادردریی) بەسێ ئیسماعیل حەسەن رێزێکی تایبەتی هەبوو لە شۆڕشی ئەیلوول و گولان لە ناوچەی سیدەکان. هەروەها بەسێ ئیسماعیل حەسەن لای بنەماڵەی شێخ سەید تەهای نەهری رێزێکی تایبەتی لێدەگیرا. (شێخ داروجان، شێخ پۆشۆ، شێخ کەوکەس، شێخ سەید ئەحمەد، شێخ دینۆ، شێخ شوش، شێخ پەرویز، شێخ موهاجیر، شێخ ئیسامی، شێخ نوردین، شێخ ئیسماعیل، شێخ سلێمان، شێخ عەگید) لای ئەوانە رێزێکی تایبەتی هەبوو چونکە لە ناوچەی سیدەکان خزمەتێکی زۆری کردبوو و بەردەوام بوە لە شۆڕش و خزمەتی گەلی گورد تا دڵە کوردپەروەرەکەی لە لێدان وەستا.

بۆ زیندووکردنەوەی جلوبەرگی کوردی با واز لە لاساییکردنەوەی پۆشاکی بیانی بهێنین





1

ڕێپۆرتاژ/ سەید مەجید بەرزنجی

پۆشاکی کوردی تەنها پۆشاکێک نەبووە، بەڵکو بەلای کوردەوە پێناسەیەک بووە بۆ کوردایەتی و هەمیشە لەگەڵ ناوهێنانی سیمای پێشمەرگە و ئافرەتی شۆڕشگێری هێناوەتە هزری ئەوانەی کەوا لێی دەدوێن. ئێستا بە پێی بۆچوونی زۆربەی زۆری تاکەکانی کورد پۆشینی جلوبەرگی کوردی تەنها تایبەت کراوە بە ڕۆژانی سەیران و بەهار و نەورۆز. بێشک مانەوەی هەر میللەتێک پەیوەستە بە زیندوو هێشتنەوەی کلتور و هەر بۆیە پێویستە گرنگییەکی زیاتر بەو بابەتە بدرێت. چەند رایەک لەو بارەوە وەردەگرین:



نەدا مێرگەسۆری

نەدا مێرگەسۆری پەرلەمانتاری پێشووی عێراق و شرۆڤەکاری سیاسی دەڵێت: بیرم دێت کاتێک لە ئاوارەیی بووین لە وڵاتێکی بێگانە، قەت دایکم و خوشکەکانم لە نێو ماڵ و ئاهەنگ و مەراسیمەکان بە جلی دیکەوە نەبینیوە و هەمیشە بە جلی کوردی بینیومن. جلی کوردی پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە و مۆرک و نیشانەی نەتەوەی کورد و ناسنامەی نەتەوەیانە هەر وەک چۆن نەورۆز جەژنێکی نەتەوەییە، ئەوا پێویستە مۆرک و نیشانە کوردییەکەی پێوە بێت و بەوە بناسرێتەوە کە هەر دووکی واتە جەژنی نەورۆز و جلی کوردی پێکەوە ڕەسەنایەتی نەتەوەیی کورد دەپارێزن و بە جیهانی دەرەوش پیشان دەدرێت کە نەتەوەی کورد هێشتاش تووشی زوڵم و زۆرداری و سڕینەوەی ناسنامە و مۆرکی نەتەوایەتی خۆی دەبێتەوە. ئێمەی کورد دەبێت بە هەموو شێوەیەکەوە پارێزەری زمان و کلتور و جلوبەرگی خۆمان بین بۆئەوەی دوژمن بە ئاسانی نەمان سڕێتەوە. هەر وەک هێندە ساڵە لە هەموو پارچەکان بە بەرنامە و سیاسەتەوە هەوڵی لەناوبردنی ئێمەیان داوە و هێشتاش هەر تامەزرۆی لەناوبردنی ئێمەن.

ناسک سەعید ماستەر لە میدیا و کلتور و ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیتی ئافرەتانی کوردستان دەڵێ: هەر کلتورێک لە جیهاندا بە تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە کە جیاوازە لە کلتوری کۆمەڵگەکانی دیکە، کلتور هەڵگری شوناس و سیمبولی ئەو کۆمەڵگەیە کە لە چوارچێوەی نەریت و رێسای تایبەتی ئەو کۆمەڵگەیە دادەنرێت کە لەسەر بنەمای ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دروست دەبێت. پۆشاک بە یەکێک لەو پێوەرانە دادەنرێت کە نەریت و کلتوری کۆمەڵگەیەک دیاری دەکات و دەستنیشانی دەکات، بۆیە هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی ژینگەی جوگرافیا و هۆز و تیرەکان ئەم کلتورە پشتاوپشت بە ئەمانەتەوە بەرپرسیارانە بیگوازنەوە. ئەوەی کە پێویستە لە ئێستادا بخەینە بەر باس و تیشک خستنە سەر پۆشینی جلی کوردی کە خاوەن کلتور و نەریتی تایبەت بەخۆیەتی هەتا هەنوکە توانیویەتی بە باشی پارێزگاری لە جلوبەرگی ردسەنی خۆی بکات و کەمتر گۆڕانکاری تێیدا ڕووداوە بە تایبەت پۆشاکی پیاوان. بۆ ئافرەتان هەندێکجار مۆدێلی نوێمان بەرچاو دەکەوێت بەڵام خۆشبەختانە شێوازە ردسەنەکەی هەر وەک خۆی ماوەتەوە، ئەگەرچی ئێستا مۆدێلی نوێی جیهانی زۆر لەئارادایە بەڵام ئافرەتان بە گرنگییەوە هەوڵی پاراستنی پۆشاکی کوردی دەدەن و لە فەوتان رزگاریان کردووە و لەبۆنە تایبەتەکاندا دەیپۆشن.




ناسک سەعید

پەیمان شێروانی پەرتووبەری بەرتووبەرایەتی چاودێری کەم ئەندامانی هەولێر بڕچونەکانی بۆ خوێنەران بەمشێوەیە خستە ڕوو: نەتەوەی کورد هەر لە سەرەتای پارچە پارچە بوونیەوە بەشێک بووە لە وڵاتێک لە هەر چوار پارچەکەدا، بۆیە هەمیشە تا ئاستێک لە ژێر کاریگەری کلتور و نەریتی ئەو وڵاتە بووە کە بەشێک بووە تێیدا. هەرچەندە گەلی کورد وەک هەر نەتەوەیەک خاوەنی کلتور و نەریت و زمان و ناسنامەی خۆیەتی و هەمیشە پارێزگاری لێکردووە، بۆیە بەدەر نییە لە ریزبەندی نەتەوەکانی جیهان و و مۆرکی کوردایەتی لە هەر تاکێک بەدیەکرێت لە تەواوی دونیادا. جا لێرەدا ئەگەر تیشک بخەینە سەر کوردانی باشوور کە هەریمەکەی ئێمە دەگرێتەوە کە بەشێکین لە کۆماری عێراق بۆیە کەم و زۆر لێرە و لەوێ بارگاوی بوویین بە ئەلفاز و کلتور و نەریتی ئەو وڵاتە بە تایبەتی لە ڕووی جل و بەرگ و تێهەڵکێشی کردن لەنێوان دەستەواژە بەکارهاتووەکانی زمانەوانی لەگەڵ ئەوەشدا تا ئاستێکی زۆر باش کلتوری خۆمان پاراستووە. جائەوەی بە پێویستی دەزانم ئەرکی ئێمەی کوردە بەتایبەتی ئافرەتی کورد پابەند بین لە پۆشینی جل و بەرگی کوردی رەسەن بۆ پاراستن و مانەوەی ئەو کلتوورە جوانە بۆ نەوەکانی یەک لە دوایی یەک بە پێی شوێنی جوگرافیا و هۆز و تیرەکان ئەم کلتورە پشتاوپشت بە ئەمانەتەوە بەرپرسیارانە بیگوازنەوە. ئەوەی کە پێویستە لە ئێستادا بخەینە بەر باس و تیشک خستنە سەر پۆشینی جلی کوردی لە بەهار و نەورۆزدا پێمواندیە تەنها وەرزێک یان بۆزەیەک یان کاتێکی دیاریکراو ببێتە هێمایەک بۆ پۆشینی جلی کوردی بە پێچەوانەی ئەمە جلی کوردی بەدرێژایی ساڵ و تەمەن مۆرکی کوردایەتیمان بێت بە تایبەتی ئافرەتی کورد دەتوانێت وەکو دایک هەم وەکو رەگەزی مێ لەم پرسەدا دەورێکی سەرەکی ببینێت لە پەروەردە و فێرکردن و راهێنانی ڕۆڵەکانی بە کوردی لە بەهار و نەورۆزدا پێمواندیە تەنها وەرزێک یان بۆزەیەک یان کاتێکی دیاریکراو ببێتە هێمایەک بۆ پۆشینی جلی کوردی بە پێچەوانەی ئەمە جلی کوردی بەدرێژایی ساڵ و تەمەن مۆرکی کوردایەتیمان بێت بە تایبەتی ئافرەتی کورد دەتوانێت وەکو دایک هەم وەکو رەگەزی مێ لەم پرسەدا دەورێکی سەرەکی ببینێت لە پەروەردە و فێرکردن و راهێنانی ڕۆڵەکانی بە کوردی لە بەهار و نەورۆزدا پێمواندیە تەنها وەرزێک یان بۆزەیەک یان کاتێکی دیاریکراو ببێتە هێمایەک بۆ پۆشینی جلی کوردی بە پێچەوانەی ئەمە جلی کوردی بەدرێژایی ساڵ و تەمەن مۆرکی کوردایەتیمان بێت بە تایبەتی ئافرەتی کورد دەتوانێت وەکو دایک هەم وەکو رەگەزی مێ لەم پرسەدا دەورێکی سەرەکی ببینێت لە پەروەردە و فێرکردن و راهێنانی ڕۆڵەکانی بە



پەیمان شێروانی

پۆشینی جلی کوردی و پارێزگاریکردن لەم کولتورە. ئەگەرچی ڕۆژی ١٠ی٣/ هەموو ساڵێک دەست نیشان کرابێت وەک ڕۆژی جلی کوردیە لە بەهار و نەورۆزدا پێمواندیە تەنها وەرزێک یان بۆزەیەک یان کاتێکی دیاریکراو ببێتە هێمایەک بۆ پۆشینی جلی کوردی بە واتایەکی تر کوردپۆشی گشتی لە هەمو سێکتەر و جومگەکانی کار و فەرمان تەنانەت لە دەوامی فەرمیش کەوا ئەمەش دەلالەت لە یەک دەنگی و یەک ڕەنگی گەلی کورد دەکات، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ تەنها یەک بەروار ڕێگە پێدراو بێت بۆ کورد پۆشی بەڵکو پێویستە پەیڕەوکردنی ئەم کلتورە لەگەڵ بەرێکردنی ڕەوتی ژیان بەردەوامی هەبێت و سنوردار نەکرێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە شارنشینەکان ڕەنگ کالیەکیان پێوە دیارە لە پۆشینی جلی کوردی وەک لە گوندنشینەکان و دانیشتوانی دەرەوەی شارەکان دەبیندرێت ئەمەش دەگەڕێنمەوە بە زیاتر ئالودە بون و ئاشنا بوونی شارنشینان بە تەکنەلۆژیای سەردەم و خۆبەدوورگرتن لە ناوێتەبوون بە فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی، جا بۆ ڕێگە گرتن لە کالبوونەوە و پاراستنی کلتوری کوردپۆشی و مۆرکی کوردایەتی بەبێ دیاریکردنی وەرز و بۆنە و کات و شوێن هەمووان بەرپرسیارانە ڕۆڵ بگێڕین هەر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا و لە ناو خێزانەکان و قوتابخانەکان و میمبەری مزگەوتەکان تا دەگاتە تێکڕای هاونیشتمانیانی کورد ئەم پرسە بە گرنگ وەربگرین کە پۆشینی جلی کوردیە بۆ پارێزگاریکردن لەم کلتورە نەتەوەییە.



بێگەرد محەمەد

مامۆستا بێگەرد محەمەد مەلا شارەزای بواری پەروەردە لە بەرتووبەرایەتی پەروەردەی خەبات ڕایوایە: ئافرەتی کورد لە تەواوی ناوچەکانی جیهان و بە تایبەتی کوردستان بە هەر چوار پارچەکەیەوە نمونەیەکی جوانی کوردەواری و سیمایەکی تایبەتی ڕەگەزی مێیە، کە هەمیشە بووەتە جێی سەرنج بۆ هونەرمەند و شاعیران ڕوخساری جوانی ئافرەت و پۆشینی جل و بەرگەکەی بەشێکە لە بەرهەمەکانیان. ئافرەتی هەر ناوچەیەک لە کوردستان جل و بەرگەکەی تایبەتمەندی ئەو ناوچەی پێوە دیارە لە کۆنەوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە، بەڵام کەمتر لە جاران دەیپۆشن سەرەڕای جوانی و هەرزانییەکەی بەهۆی سەرقاڵ بوونیان بە کار و ئەرکی ڕۆژانەیان وەک پێویست گرنگی بە کڕین و لەبەرکردنی جلی کوردی نادەن. مرۆڤ چەند دڵخۆش دەبێت ئافرەتێکی بەتەمەن دەبینێت کراسێکی بە باخەڵ و کلاو و چارۆگەیەکی لەسەر شان بێت و کەوایەکی شۆڕ، دوو بسکی سپی جوانی لەژێر سەر و کلاو دەرهێنابێت ، هەرچەندە پۆشینی جل و بەرگی کوردی پەیوەست نییە بە تاکە ڕۆژێک یا خود چەند ڕۆژێکی جەژنی نەورۆز، بەڵام مرۆڤ خۆشحاڵ دەبێت کاتێک دەبینێت سروشتی جوانی کوردستان تێکەڵ بە ئاڵ و والای ڕەنگی جل و بەرگی ئافرەتانی کورد دەبێت.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/3/27 ژمارە (5718)





دەرقە و داناانا نەحشە و پلان و راستە وەغەرا بارزانیێ نەمر

بارزانیێ نەمر سیمبولا ب دەست ڤەئینانا مافێن مللەتێ کوردە



شێروان سەلیم بەروشکی

وەکی دیار بارزانێی نەمر د چاڤێ پتریا گەلێن جیهانێ دا وەکو سمبول و ناسناما گەلێ کورد دهێتە نیاسین ژبەرکو هەر ل دەمێ قوناغا زاروکینیێ دا بەرپرسیارەتیا نیشتیمانی وەرگرت و خو گەهاندە دلێ کێشا کوردی و خوە بەرپرسیار زانی هەمبەر دوزا مللەتەکێ ستەملێکری و د دەمەکی دا دوزا ملەتێ کورد بتنێ وەکو نەمامەکا بچوک بوو، لێ بارزانی چاڤدێری لێکر و ب زیرەکی و شەهرەزاهیا خو یا بێ وێنە ئەڤ نەمامە جوان و مەزن و گەش کر و نەهێلا بمریت.

ژبەر کو ل دەمێ بارزانی دەست دایە چەکێ خەبات و شورەش و بەرخودانێ هەر هینگێ بریاردا بوو کو دەست بەرداری خەبات و تیکوشانێ نەبیت تا مافێن مللەتێ کورد ب دەست خوڤە بینیت، لەورا بارزانیێ نەمر زێدەتر ژ نیڤ چەرخی خەبات و تێکوشان و بەرخودان کر زێدەباری دیتن و ژیان د کاودانێن نەخوش و دژوار دا پێ خەمەت ب دەست ڤەئینانا مافێن مللەتێ کورد , هەژی گوتنێ یە بارزانیێ نەمر ئەوێ ناسیار ب سمبولا هیڤی و ئومێدان بو گەلێ کورد شورەش ل دووڤ شورەشێ بەرپاکر هەمبەر دوژمنی و شورەشا هەرە مەزن و کاریگەر دیروکا گەلێ کوردا شورەشا (11ئەیلولێ سالا 1961) بوو ، دڤێ شورەشێ دا پێشمەرگە شیان ب سەروکاتیا بارزانیێ نەمر مەزنترین داستان وەکو (داستانا گەلیێ زاویتە و لومانا ..هتد) هەمبەر دوژمنی تومواریکەن و دوژمنی توشی خوسارەتی و شەرمزاریەکا هەرە مەزن بکەن هەروسا بارزانی شیا ژ ئەنجامێ شورەشا ئەیلولێ دوژمنی نەچار بکەتن دانپێدانەکا یاسایی ب مافێن گەلێ کورد بکەتن لەورا ل رێکەفتی 11ئازارێ ل سالا 1970گرنگترین رێکەفتنامە هاتە گرێدان دناڤبرا حکومەتا عێراقێ و سەرکردێ مللەتێ کورد (بارزانیێ نەمر) و دڤێ رێکەفتنامێ دا مافێ ئوتونومی بو کوردان هاتە دەرکرن ، هەروەسا بارزانی ب مافێن مللەتێ کورد ، هەروەسا بو دەسپێکەک بو لایەنێن دیترکو دانپێدانەکا یاسایی ب مافێ مللەتێ کورد بکەن).

پشتی (بارزانیێ نەمر) پشتگیریەکا مەزن یا هێزێن پێشکەفتنخوازێت ناڤ وەلاتی ب دەست خوڤە ئینای و هەروەسا هژمارەکا زور یا وەلاتێن جیهانی دگەل وەلاتێن روژهەلاتا ناڤێن ترس و دوو دلی و نیگەرانیەکا مەزن ل دەف دەستهەلاتدارێن دەولەتێن (تورکیا و سوریا و ئیرانی) دروست کر و هەروەسا ژبەر مایێتیکرن و گڤاشتنێت لایەنێ ب مافێن مللەتێ کورد ، هەروەسا بو دەسپێکەک بو لایەنێن دیترکو دانپێدانەکا یاسایی ب مافێ مللەتێ کورد بکەن).

پشتی (بارزانیێ نەمر) پشتگیریەکا مەزن یا هێزێن پێشکەفتنخوازێت ناڤ وەلاتی ب دەست خوڤە ئینای و هەروەسا هژمارەکا زور یا وەلاتێن جیهانی دگەل وەلاتێن روژهەلاتا ناڤێن ترس و دوو دلی و نیگەرانیەکا مەزن ل دەف دەستهەلاتدارێن دەولەتێن (تورکیا و سوریا و ئیرانی) دروست کر و هەروەسا ژبەر مایێتیکرن و گڤاشتنێت لایەنێ فیلێن رژیمێ بەعس ییێن بەردەوام د ئەنجام دا رێکەفتناما 11ئازارێ هاتە تیکدان ژلایێ رژیمێ بەعس ڤە ژ ئەگەرێ شەرو گرێدانا رێکەفتناما جەزائیر ل سالا (1975) ب مەرەما ژناڤبرنا شورەشا ئەیلولێ ، ب گرێدانا ڤێ رێککەفتنامێ شورەشا ئەیلولێ هاتە ژناڤبرن لەورا بارزانیێ نەمر دگەل دەیان هەڤالان سەرەدانا کوردستانا ئیرانێ کر و پاشان ژ ئەگەرێ نەخوشیەکا گران سەرەدانا نەتەوێن ئێکگرتی کر بو مەرەما وەرگرتنا چارەسەریێ لێ زور ب مخابنی ڤە پشتی تێکوشینێ دگەل نەخوشیا گران ل رێکەفتی (1979 \ 3 \ 1) ل نەخوشخانا (جورج واشنتون) وەغەرا داوێ دکەتن و بو جارا دوماهیکێ خاترا خو ژ مللەتێ خو د خوازیت ، راگەهاندن و حکومەتا عێراقێ بو ئیکەمین جار دانپێدانەکا یاسایی ب مافێن گەلێ کورد کر و هەژیە بێژین ئەڤە دەسپێکەک بوو بو لایەنێن دەرقە ژی کو دانپێدانەکا یاسایی ب مافێن گەلێ کورد بکەن هەروەکی شروڤەکارێ سەربازی یێ بریتانی (میجەر ئەدگار ئۆبلانس) د پەرتوکا خویا بناڤێ (شۆرشا کوردا)، سەبارەت (بارزانیێ نەمر) دبێژیت (مستەفا بارزانی شیا ئێکەمین دانپێدانا یاسایی ب مافێن مللەتێ کورد ل عێراقێ ب دەستخوڤە بینیت، و ئەڤە ئێکەمین دانپێدانا هەرێمی بوو ب مافێن مللەتێ کورد ، هەروەسا بو دەسپێکەک بو لایەنێن دیترکو دانپێدانەکا یاسایی ب مافێ مللەتێ کورد بکەن).



لە بەرگریەوە بۆ ئارامیی و ئاوەدانی

شێروان بەوزانی


پارتی دیموکراتی کوردستان خودان مێژوییەکی پڕ سەرەری و بەدیهێنەری دەستکەوت گەلێکی نیشتمانی و نەتەوەیی یە، هەمیشە پارتی بەکردەوە سەلماندویەتی کە دڵسۆز و خەمخۆری گەل و نیشتیمان بووە ، هیچ کات لە بەرامبەر پرسە نەتەوەیەکان سازشی نەکردووە و نایکات، سەرەکی ترین پرسێک کە لە کارە هەرە پێشینەکانی بووە جگە لە بەرگری کردن لە مافە نەتەوەییەکان دابینکردنی کەشێکی ئارام و سەقامگیر بووە بۆ خەڵکی کوردستان ، ئارامی و سەقامگیری ئەمنی و سیاسی کلیلی سەرکەوتن و پێشکەوتنی هەر وڵاتێکە لە گشت بوارەکاندا.

ئەگەر ورد تر لەسەر ڕووداوەکان بدوێین و بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوی سیاسی لەم هەرێمەدا ئەوا دەبینین گەلی کوردستان قۆناخی زۆر سەخت و ناهەمواری تێپەڕاند وەو زۆر جار یش ڕووبەڕوی شکستی گەورەی شۆرشەکانی بۆتەوە بەڵام هەمیشە هەستاوەتەوەو هەمیشە دەستی پێ کردۆتەوە و سەرکەوتنی بەدەست هێناوەتەوە ، ئێستا کە قۆناغی دوای سەرکەوتنی شۆرش و خەباتی چەکداریە ، ئێستر ئەوەی بۆ خەلکی کوردستان گرنگ بێت ئاسایش و ئارامیە ، ئاسایش و ئارامی خەڵکیش ریشەیەکی کۆن و مێژوودی هەیە و لە دێر زەمانەوە مرۆڤ هەستی بە گرنگیەکەی کردوە و پێش سەیری دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بکەین لە ئێستادا و بمانەوێ واقیعیانە هەڵوەستە بکەین ئەوا کەشی ئارام و سەقامگیری سیاسی بونی هەیە ، سەرە ڕای ئەو دۆخە نەخوازراوەی کە دوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠/ ٩ ەوە دروست بووە لەسەر تەشکیل کردنی کابینەی نۆهەمی حکومەت بەڵام ئارامی تارادەیەکی باش بوونی هەیە. ئەگەرچی ناکۆکیە سیاسی یەکان کە بە ڕای ئێمە "ینک" لیی بەر پرسیارە و ئامادە نەبوونی سیاسییان بۆ تەشکیل کردن و بەشداریان لە حکومەت وای کردووە کە نیگەرانیەک لە شەقام دروست بێت ، بەڵام ئەم خۆراک و بژێوی ڕۆژانەی خستووە و هەمیشە بەدوای شوینی ئارامیدا گەڕاوە هەتا ئاسایشی ژیانی دابین بکات ، لێرەوە دەمانەوێت بگەینە ئەو دەرەنجامەی حکومەت لە دابین کردنی ئاسایشی خەڵک و بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان بەرپرسیارە و دەبێت هەوڵی گرنگیەکەی کردوە و پێش نیگەرانیە وای نەکردوە کە نا ئارامی سیاسی و کۆمەلایەتی دروست ببێت .

پارتی دیموکراتی کوردستان دۆخی سیاسی هەرێم بەهەند وەردەگرێت و پێش ڕازی کردنی هەر لایەنێکی دی بیر لە بژێوی ژیانی خەڵک دەکاتەوە و لەهەوڵی ئەوەدایە حکومەتێکی بەهێز بونیاد بنێت کە حکومەتی خزمەتکردنی خەلک بێت و لە بەرژەوەندی خەڵکدابێت. پارتی پێ ی باشە و دەخوازێت هاوسەنگی هەبێت لە بەڕێوەبردن و بەشداری پێکردنی لایەنە سیاسیەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت ، هەر ئەم خواستەش وای کردوە کە زۆر چاوەڕێ ی یەکێتی بکات و نازی بکێشێت و نەفەسی درێژ بێت لەگەڵیدا و لەهەوڵی ئەوەدابێت کە بەهەر نرخێک بەشداری پێ بکات لە حکومەت و پرۆسەی سیاسیدا ، ئەگەرچی زۆر ڕاوەستان لە سەر هاتنی "ینک" بۆ ناو حکومەت کۆی پرۆسەی حوکمڕانی دەخاتە ژێر پرسیارە و مانایەک بۆ هەڵزاردن و پرۆسەی سیاسی ناهێلێتەوە بەڵام ئیتر ئەوە لەبەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندایە لەم کاتەدا ، ئەوەشی لەبەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا بێت پارتی ئەوەی لەهەموو بژاردەیەکی دیکە پێ باشترە .

گرنگە بۆ دۆخی سیاسی و سەقاگیری وڵات بەشدار بن بەڵام ناشکرێ لەسەر هژماری دەنگی پارتی بێت ، هەر وەک چۆن ناکرێت جولەی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان تێکەڵ بە ملمانێ سیاسیەکان بکرێ بەڵام پێویستە پەلە بکرێت و ئەم دۆخە تێپەڕێنن و بەرەو تەشکیل کردنی حکومەتێکی بەهێز هەنگاو بنرێت ، هەوڵەکانی داهاتوی حکومەت دەبێت بۆ بەهێزکردنی ئابووریەکی باش بێت لە دۆخێکی ئارامدا ، هەوڵی بونیاد نانی ژێر خانێکی ئابوری بەهێز بدرێت چونکە لە چەند ساڵی ڕابردودا حکومەت و خەڵکی کوردستان بە دۆخێکی ناسەقامگیری ئابوری دا تێپەڕین ، مەترسیەکان بۆ سەر هەرێم زۆر بون شەڕی داسپاوی داعش و هێرش و هەڕەشەکانی ناوەند و داخستنی سنوورەکان بە ڕووی کوردستاندا سەلمێنەری ئەم ڕاستیە بوون کە ئاستەکانی گەشەی ئابووری و وەبەر هێنان و باشتر بوونی ئاستی گوزەرانی هاوڵاتی بەندە بە حکومەتێکی بەهێز کە تێیدا ژیان و گوزەرانی خەڵک بکرێتە ئەولەویەتی کار ، پێشوەچوونەکانی هەرێمی کوردستان و ئەو گەشە ئابووریە سەرجەم گومانەکان دەڕەوێنێتەوە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ، ئاوەدانی و ئارامی و کوردستانێکی بەهێز بەڕێوەیە و مۆژەی باشتر کردنی گوزەران و خزمەتگوزاری لە گشت سێکتەرەکان چاوەڕێ دەکەین .. کابینەی ڕووبەڕوو بونەوەی ئازایانەی قەیرانەکانمان بەرێ کرد، ئیتر پێویستە کابینەی داهاتوو کابینەی بونیاد نان و بوژانەوە و دابین کردنی خۆشگوزەرانی بێت بۆ خەڵکی کوردستان ، ئێمەی پارتیەکان دەنگمان بۆ وەها کابینەو حکومەتێک کۆکردەوە و ماندو بوین و زەحمەتی زۆرمان بینی بۆیە دڵنیاین کە ئەوەی ئێمە کارمان بۆ کرد و بۆی ماندو بوین ئەوە بەدی دێت چونکە ئەو ئومێدە لە سەرۆکی کابینەکەدا دەبینین.

نەورۆز دژی خواستی کوردان نووسراوەتەوە



دڵشاد میراودەلی

زەمانێکە گەلی کورد لە ژێردەستیدا ژیاوە، بۆیەش هەمیشە تینووی شۆڕش و ئازادی بووە.

نەورۆزیش بەهەمان مەفهوم لای کوردان وەرگیراوە، ئینجا چیرۆکی ئەم مێژووە، چ ئەفسانە بوبێت، یاخۆ ڕاستەقینە، گەلی کورد، وەک سەرهەڵدانی شۆڕش و بڵێسەی ئاگری نەورۆزی بە تێگەیشتنی ڕزگاربوون لە جەورو ستەم وەرگرتووە.

لەم پێوانگەشەوە، تا ئەم ساتەوەختە، دەتوانم بڵێم، پرسیاری جدی، لەبارەی نەورۆزەوە نەکراوە، بۆیەش کورد کاری بەوە نەبووە، کاوە، فارس بووە، یاخۆ کورد،

هەرچەند، وێنەکە، بەمەفهومی کاوە کورد و زووحاک خوێن مژ وەرگیراوە، لێ، پرسیاری جدی ئەوەیە، چۆن و بەچ ڕەنگێک، ئەم مێژووە، پێچەوانەکراوەتەوە، چۆن فارسەکان توانیویانە، وێنەکە بەراوژوو نیشانی گەلی کورد بدەن؟

ئایا کورد، لەو سەردەمەدا، مێژوو نووسی نەبووە؟

خۆم کە ڕەگەزی کوردم خوێندۆتەوە، لەوە تێگەیشتووم خاسیەتەکانی گەلی کورد، هەندێکیان بریتین لە ئاشتیخوازی و ئەسپسواری و ئاژەڵداری و ڕەشماڵ و چیخ و کوێستانکردن، لە میزۆپۆتامیای سەروو، موکریانی پایتەختی کوردانی ئەوکات. شوێن و جوگرافیاو مەوتەنی ئەوکات بوون.

هەنوکە، کە پرسار لەسەر نەورۆز زۆرن، زۆربەی تیۆرەکان، تەکید لەسەر دروستکراوی ئەم مێژووە دەکەنەوە کە فارسەکان دروستیان کردبێت، وەکو هەڵگەڕانەوەیەک دژ بە مێژوو شوناس و خواستی کوردان.

گومان لەوە نییە کە فارسەکان، لە ڕێگەی ژن و ژنخوازی توانیویانە، زەفەر بە دەوڵەتی سەدو پەنجا ساڵەی ماد بەرن.

ئەمەش مەغزای ئەوەیە کە نەیارانی گەلی کورد، هەموو ڕێگەیەکیان تاقیکردۆتەوە، بۆ لەناو بردنی ئەم گەلە ناخ جوان و بێگەردەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەخاکی خۆی و لەسەر مافی خۆی سەدان ساڵە دەچەوسێندرێتەوە.

زۆر هزو فیکر، هەن لەبارەی ئەم مێژوەوە بەدیدی من، گرینکترینیان، وەرگرتنی دامەزراندنی دەوڵەتی ماده، کە مێژووەکەی بۆ 700ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە.

دەکرێ، یاساییانە، نەتەوەییانە، حکومەتی هەرێم و پەڕلەمانی کوردستان، بەڕەنگێکی دیکەو بە دیدێکی دیکە، بەپرنسیپێکی کوردانە، سود لەڕووداوەکان ببینێ و سەرلەنوێ دایان بڕێژێتەوە، بەلەبەر چاوگرتنی، ئاشتی نەتەوەیی و ئاشتی گەلان، ئەم ڕووداوگەلە مێژوویانە، بەیاسا بکات و دایانبڕێژێتەوە.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤٢٢١٠١ بەروار ٢٠١٨/١٠/٢٨ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی جواد احمد محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

فقدان

الجنسیە العراقیە باسم نوریە محمد لفتالی فتالی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە ٩٩٠٥ بەناوی یحیی ادیب یحیی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١٤٧٨/٦

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥

بۆ/ قەرزار بارمتە دەر ابوبکر محمدامین احمد

پێراگەیاندن

قەرزاری بارمتەدەر لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستات نادیارە بریارماندا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەپێراگەیاندنت بەپێی ماددەی ١/١٦٧ لەیاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە سەبارەت بەقەرزی (بانکی الاتحاد العراقی/ فرع اربیل) بەپێی بارمتەدانراو لەسەر مولکی ژمارە (٨/٣٩٤٤ ك ٩٣ حصارۆك) کە زەوی بەتاڵە بۆ پێدانی بری قەرزەکە کە دەکاتە تەنها (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار عراقی کە لەڕێکەوتی ٢٠١٤/١١/٧ ڕێکەوتی دانەوەی (تاریخ الاستحقاق) قەرزەکە هاتووە.

پێویستە لە ماوەی پانزە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم پێراگەیاندنە سەردانی بانکی الاتحاد العراقی/ فرع اربیل بکەیت بەپێچەوانەوە دەست دەکرێت بە ڕێکارەکانی فرۆشتنی بەئاشکرا (المزایدە) مولکی سەرەوە کە تۆمارە بەناوت لە بە ر ێو ە بە ر ا ی ە تیە کە مـ ا ن .

هێور محمد احمد

بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١٤٧٧/٦

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥

بۆ/ قەرزار بارمتە دەر جمعە محمود محمد

پێراگەیاندن

قەرزاری بارمتەدەر لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستات نادیارە بریارماندا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەپێراگەیاندنت بەپێی ماددەی ١/١٦٧ لەیاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە سەبارەت بەقەرزی (بانکی الاتحاد العراقی/ فرع اربیل) بەپێی بارمتەدانراو لەسەر مولکی ژمارە (٢١/٢٨ ك ٤٤ وارش) کە خانووە لەگەڵ پێکهاتەکەی بۆ پێدانی بری قەرزەکە کە دەکاتە تەنها (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار عراقی کە لەڕێکەوتی ٢٠١٤/١١/٧ ڕێکەوتی دانەوەی (تاریخ الاستحقاق) قەرزەکە هاتووە.

پێویستە لە ماوەی پانزە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم پێراگەیاندنە سەردانی بانکی الاتحاد العراقی/ فرع اربیل بکەیت بەپێچەوانەوە دەست دەکرێت بە ڕێکارەکانی فرۆشتنی بەئاشکرا (المزایدە) مولکی سەرەوە کە تۆمارە بەناوت لە بە ر ێو ە بە ر ا ی ە تیە کە مـ ا ن .

هێور محمد احمد

بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی (دووەمی هەولێر) ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٣/٢٤

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (EVERY GREEN) لە بەرواری ٢٠١٩/٣/٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (گومرگی هەولێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دانووس/ عبدالله احمد مصطفی

ئامێرەکان:

١ - ئامێری تێکردنی مەواد بۆ نێو دەبە بێ ژمارە تێکردنی مەواد کۆمپرێسەر (S.N.RTM792-1308-٠٠٧٢) دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤ بەدوو ماتۆری کارەبای کارەکات هاوپێچ کۆمپرێسەری هەواو دووداندە تانکی خەزنی مەواد و تێکەلکردنی نرخ/ ١٢,٠٠٠,٠٠٠.

٢- ئامێری لێدانی بەروار بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١ بەیەك ماتۆری کارەبای کارەکات نرخ/ ٤,٢٠٠,٠٠٠.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/دەشتی هەولێر ژمارەی دۆسیە/١/انابە/٢٠١٩ ڕێکەوت/٢٠١٩/٣/٢٦ جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دەشتی هەولێر مولکی ژمارە ٣/٣٣١٨ ٧٦ کونە گورگ کەوتوەتە کونە گورگ دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار محمد مولود محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هشیار محمد صدیق بەبڕی/ ٧٩,٣٨٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / شێرزاد خضر دزەیی

١ – شوێن و ژمارەی/ ٣/٣٣١٨ ك ٧٦ کونە گورك

٢ – ڕەگەزو جۆری/ خانوو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ لەتۆماری هەمیشەیی هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ خانوویەکی دوو نهۆمی یە: نهۆمی یەکەم لەیەك ژوورو هۆل و مطبخ و حمام و مرافق پێك دێت نهۆمی دووەم لە دوو ژوورو هۆل و حمام و مرافق پێك دێت لە بلۆك و سقف مسلح کۆنکریت دروستکراوە.

٥ – ڕووبەرەکەی/١٢٥ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ خاوەن موولك تێدا نیشتە جێیە

٨ – نرخی قرساو/ ٧٨,٠٠٠,٠٠٠ حەفتا و هەشت ملیون دینار.

***

دادگای بەرایی سلێمانی/١

ژ. دۆسیە: ٢٠٤٦/ب/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٣/٢٥

ئاگاداری

دوابەدوای ئاگادارییان کە لە داوای ژمارە (٢٠٤٦/ب/٢٠١٨) بڵاوکرایەوە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ٧٧٩٣ لە ٢٠١٩/٢/١٨ وە لەبەر دەرکەوتنی ئارەزوومەندی کڕینی مولکی ژمارە (٢٦/٩١٥م٢ زرگتە) وە زیاد خستنە سەر ئەو نرخەی کە پێی فرۆشراوە لەلایەن ئارەزوومەندی (ضم) کردن بۆیە دادگا بریاری دا بە کردنەوەی دەرگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ جارێکی تر بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە کە بڵاوەکرێتەوە لەڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی ناوخۆی دا وە هەر ئارەزوومەندێك دەیەوێت بیکڕێت لە هاوبەشەکان و کەسانی تر با سەردانی ئەم دادگایە بکات وە لەگەڵ خۆیاندا بارمتەی یاسایی بهێنن بەڕێژەی ١٠٪ زیادکراوەکە کە بڕێتی یە لە (١١٠٠٠٠٠٠) یانزە ملیۆن دینار ئەگەر هاوبەش نەبێت بەڵام هاوبەش بەگوێرەی بەشەکەی لێی دەبوڕێت وە لە کۆتایی ماوەی یاسایی دیاری کراودا وە لەکات ژمێر (١٢) نیوەڕۆ لەڕۆژی کۆتایی بڵاوکردنەوەکە کەزیادکردن دەست پێ دەکات وە هەواڵە کردنی کۆتایی (الاحالە النهائیە) دەدرێت بە ئارەزوومەندی زیاد کەر وە ئەگەر ڕۆژی زیادکردن ڕێکەوتی پشوی ڕەسمی کرد ئەوا ڕۆژی دواتر دەبێت بە ڕۆژی زیادکردن وە ڕەسمی تۆمارکردن و بانگەواز لەسەر کڕیارە.

ژمارەی مولّك/ ٢٦/٩١٥م٢ زرگتە- جنسەکەی خانووە/ ملك صرف جنس و جۆری مولّك/ خانووەو مولّك صرفە

ڕووبەری مولّك/ ١٢٠م٢

نرخی نوێ/ ٩٢١٩٠٠٠٠ نەوەدو دوو ملیۆن و سەدو نەوەد هەزار دینار

پێکهاتەکەی/ خانوویەکی دوو نهۆمە، نهۆمی سەرزەوی/ دوو ژوورو هەیوان و مشتەمەلات لە حەوشەو یەك دوکان و ئەم دووکانە بەدەست کرێچی یەوەیە، نهۆمی سەرەوە دووژوورو یەك هەیوان و مشتەمەلات ڕووەو باکوری ڕۆژهەلاتە، و خانووەکە داواکار/ خاوەر کریم ی تیایە و چۆلی دەکات لەکاتی فرۆشتنی دا شێوازی خانووەکە ڕۆژهەلاتی یەو پلەی دروستکردنی کۆنە و دەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی ٢٠ مەتری زەرگەتەی کۆن سەروو قوتابخانەی ساراوا.

تێبینی/ پێویستە ڕۆژی زیادکردنەکە بارمتەی یاسایی بەچەکی پەسندکراو یان کەفالەتی مصرفی بهێنێت بەناوی دادگا بەرایی سلێمانی/١ لەگەڵ پێناسەی شارستانی خۆی یان کارتی نیشتمانی، لەگەڵ کارتی زانیاری.

دادوەری یەکەم/ اسماعیل عمر احمد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی

ژمارە: ٢٠١٨/٨٧٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٤

ئاگاداری

بۆ داواڵێکراوی جێبەجێکردن/ خەندە جلال درویش کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێ بوونت نادیارە ئاگادارت دەکەینەوە کە داواکاری جێبەجێکردن/ اراز عمر عبدالرحمن بریاری دادگای باری کەسی سلێمانی/٤ بەژمارە ٤٦٨٤/ ش/٢٠١٦ کە لە ٢٠١٨/١٠/٩ دەڕچووە تایبەت بە گەڕاندنەوەی هەردوو منداڵەکان بەناوی (ئاران و لیا) بۆ ئامێزی داواکار و بڕیارەکە لەلایەن ب/ داواکارەوە لە ٢٠١٨/٦/٢٥ جێبەجێکراوە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان. لەبەر ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕوون بۆتەوە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەڕێگەی شەرحی پێڕاگەیاندن کاری دادی موختاری گەرەکی (بەکرجۆ) بۆیە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەی لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆوە بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەکان بۆ ئامێزی داواکار بە پێچەوانەوە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێبەجێکردن بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕوون بۆتەوە لەڕێگەی شرحی ڕاگەیەنەری دادی و موختاری گەرەکی (ئازادی/ هەواڕە بەرزە) کە شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆوە لە ماوەی ١٥ پازدە ڕۆژدا کە دەستپێدەکات لەڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەڕۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بەپێچەوانەوە بەپێی ماددەی (٨٧) لەیاسای جێبەجێکردن اجراائاتی فرۆشتن بۆ مەڵکەکانی ئاماژە بۆکراوی سەرەوە دەکرێت تەنها لەسەر بەشەکانت لەهەردوو مولکی ٠/١٩ م٢٠ بەردەکەرِ ٦/١٤٥٧م٣٥ کانی سپیکە. جێبەجێکاری داد/ گولّە فریق حمە فرج

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ٤٠٠٦/ج/٢٠٠٥

ڕۆژ: ٢٠١٩/٢/٧

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: بوژان جوهر فتاح

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٦/٢) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی مۆبایل لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٥/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ قادر محمد نوری

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٢٦٢٢/ك/٢٠١٩

ڕۆژ: ٢٠١٩/٣/١٣

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: مصطفی احمد علی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٦/٢) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی مۆبایل لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٥/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ قادر محمد نوری

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ٤٨١/ك/٢٠١٩

ڕۆژ: ٢٠١٩/٢/٢١

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: بختیار عبدالسلام عبدالله

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢ ی.س) لەیاسای ی.س لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردستان)

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ٤٣٢/ك/٢٠١٩

ڕۆژ: ٢٠١٩/٢/٢١

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: چۆمان جزا عمر

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٥/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ قادر محمد نوری

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ٤٨١/ك/٢٠١٩

ڕۆژ: ٢٠١٩/٢/٢١

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: بختیار عبدالسلام عبدالله

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢ ی.س) لەیاسای ی.س لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردستان)

وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ قادر محمد نوری

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ٤٨١/ك/٢٠١٩

ڕۆژ: ٢٠١٩/٢/٢١

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: بختیار عبدالسلام عبدالله

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢ ی.س) لەیاسای ی.س لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردستان)

وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ شیرین علی حمەسور

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٨٧١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/١٨

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (عەدێ خەیلانی/ بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو. من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٨/١٢/١٧

ئاراس ڕۆوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (TELECOM AND POWER SOLUTION T.P.S) بۆ خزمەتگوزاری گەیاندن/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ قاسم محمد عزیز

ناونیشان/ هەولێر

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥١٤٦٠٦٠٢٢

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٢١١١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (FAMOUSFLY/ بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕۆوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە ئەو کۆمپانیای (ڕێبوار فارس حمدامین) بۆ بازرگانی و هێنانی ئاژەڵی زیندوو بەڕووبوومی ئاژەل و پەلەوەر/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر- ژووری پارێزەران)

پاکتاوکار/ کوردۆ ئازاد قادر

ناونیشان/ هەولێر- ژووری پارێزەران

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٢٣٢٤٩٧


ئاگاداری


ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە ینەوە کۆمپانیای (پارزینگ) بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی کەرستەی تەقەمەنی/سنوردار) بریاری گۆرینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (پارزینگ) بۆ کۆمپانیا (مەندۆ) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیان بکاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٦٠ م - کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی)

ئاراس ڕۆوف عارف


بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوکالەت

دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٦٢/ج/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٢/٦
ئاگاداری
تاوانبار/ رسول احمد عبدالله
ئەم دادگایە بەپێی داوای ژمارە ٦٢/ج/٢٠١٨ لە رۆژی ٢٠١٩/٢/٦ بڕیاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی ماددەی ٢٦٧ لەیاسای سزادان بەو پێیەی کە لەرۆژی دادگای کردندا ئامادە نەبوویت هەرچەندە ئاگادارکراویتەوە وە بەهۆی نیشتەجێبوونت بڕیارمان دا بەئاگادار کردنەوەت بەم بڕیارە لەڕێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆوە کە خۆت بدەیت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاسایدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بڕیارە نەکەیت ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ جبار احمد امین
* * *
دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١٩٥/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٣/٣
بۆ/ تۆمەتبارانی هەڵهاتوو (سوبات قادر علی و سیفات قادر علی)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگای بکرێیت بەپێی بەشی (٢٣ برگەی ٢) لەیاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەی کەتایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سیدصادق) کەتیایدا (یادگار احمد اورحمان) سکاڵای لەسەرت تۆمارکردووە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەرۆژی (٢٠١٩/٦/١١) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی بەمەبەستی دادگاییکردنت یاخود خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس و خۆت تەسلیم بکەیت بۆ ئەوەی بتهێنن بۆ بەردەم دادگا لەرۆژی دیاریکراوی سەرەوەدا بەپێچەوانەوە بەپاشملە (غیابی) دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیارئەبیت، پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان
دادوەر/ جمیل جمال محمد
* * *
دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١٨٨/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٣/٣
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (هەڵۆ ظاهر حمه صالح)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراو بۆ ئەوەی دادگای بکرێیت بەپێی بەشی (٢٣ برگەی ٢) لەیاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەی کەتایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سیدصادق) کەتیایدا (یادگار احمد اورحمان) سکاڵای لەسەرت تۆمارکردووە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەرۆژی (٢٠١٩/٦/١١) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی بەمەبەستی دادگاییکردنت یاخود خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس و خۆت تەسلیم بکەیت بۆ ئەوەی بتهێنن بۆ بەردەم دادگا لەرۆژی دیاریکراوی سەرەوەدا بەپێچەوانەوە بەپاشملە (غیابی) دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیارئەبیت، پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان
دادوەر/ جمیل جمال محمد
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی ٤
ژمارە: ٥٢٠٨/ ش / ٢٠١٨
بەروار: ٢٥ / ٣ / ٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار: ئاڵا کمال محمود / ناونیشان/ سلێمانی - تانجەرۆ / نزیك گوندی ژاڵە جاف
داوالەسەرکراو: سردەشت طیب حمه / ناونیشان/ سلێمانی - سەرچنار - بەرامبەر باجی دەرامەتی سلێمانی (داواکار) داوایەکی بە ژمارە (٥٢٠٨/ ش / ٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایەدا هاتووە بە جیابونەوە بە هۆکاری بەجێ هێشتن (هجر)، وە لەبەر ناداری شوێنی نیشتەجێبوونت، دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠١٩/٥/١٢) سەعات (١١:٠٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بڕیارێ نەنێرن ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .
دادوەر / سۆران عمر مەحوی
* * *
ریڤەبەریا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ
سەرۆکاتیا باژێرڤانیا شیلادزێ/ مو لکا یه تی
ژمارە: ١٨٩
میژوو: ٢٠١٩/٣/٢٦
راگەهاندنا نەخشەی
نڤیسارا ریڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ دگەهینیتە ئاگەهداریا خوارێ کو ژبەر نەبونا ناڤنیشانێ دروست یێ خاوەنێ داخازا ژمارە ١٣٢٠ ل ٢٠١٩/٢/١٤ ی نیشان ب نڤیسارا ریڤەبەریا نەخشە دانانا ئافەدانێ ل دهوك یا ژمارە (٤٩٥) ل ٢٠١٩/٢/١٤ ێ هیڤی یە بو ماوێ ٣٠ سیە روژان نەخشێ راستڤەکرنا نەخشێ رونکری یێ ژمارە ٣٨٥ کو تێدا روویەرێ ٤٤٠٠م٢ ژ پارچە زەڤیەکا ب رەگەز (گەشتیاری) هاتیە گهورین بو ٢٢ پارچێن نیشتەجێ ب روویەرێ ٢٠٠م٢ ل تەنیشت پروژێ دووبراستی بهێتە راگەهاندن د رۆژنامە هەوە دا ئەڤجا هەر لایەن و کەسەکێ یان هەر فەرمانگەهەکێ گازندەك یان تێبینیەك هەبیت لسەر وی نەخشەی بلا ئاگەهداریا سەرۆکاتیا باژێرڤانیا شێلادزێ بکەن دوی ماوێ دیاریکریدا چونکە پشتی بدوماهیك هاتنا ماوێ یاسایی کەسەکێ ماف نینە چ داخازی یا لسەر وی نەخشەی بکەت بو زانین.
دگەل ریزگرتنی
ئەندازیار/سربست حسین تازدین
سەرۆکێ باژێرڤانیا شێلادزێ
* * *
ریڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٢/٣٠٠/١/١
ریکەفت: ٢٠١٩/٢/١١
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرنڤیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (گورەپانا فروتنا کەرستێن ئافاهیا) کەرتێ (٤١) ملێ مەیدان ب روویەرێ (٢٥٠٠) م٢ بو ماوێ (٣) سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرنێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا شێلادزێ بکەت د ماوێ ٣٠ سی روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرنێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا شێلادزێ دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار
دیار بحری رسول
ریڤەبەرێ گشتی
* * *
بەریوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٧/خ/٢٠١٩
ریکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٦
ئاگەهداری
ریڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا یا قەرزدار (١- احمد خلف عبدالله ٢- منیفە خلف عبدالله ٣- هبوب خلف عبدالله) د مولکێ ژمارە (٢١٤٠/١ کەرتێ ١١ سمیل) ئەوا بناڤی (مورث) ی وان یی مریی (خالد خلف عبدالله) ئەڤجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ریڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ تەحصیلی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووندکرن :-
ژمارە وجە :- (٢١٤٠/١ کەرتێ ١١ سمیل - تاخی فەراشین)
رەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە ئێك تابقە
رووبەر :- (١٩٧ م٢)
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری :- (٦٠٠٠٠٠٠) شیست مەلیون دینار عیراقی
جێ بەجێ کاری داد
رییر سلیمان خالد
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٣/١٨
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (علی خلیل عثمان) لە بەرواری ٢٠١٩/٣/١٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (رێگای بنصلاوە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بلاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم
مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- میکسەری تێکەڵکردنی مواد بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥ شەش طەنی.
٢- کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥
٣- تێکردنی موادی پاککەرەوە بۆ ناو بوتڵ بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هە و لێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٠٤٤/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پارێزەر غازی فتاح سعید بریکاری تایبەتی کامران جلیل خلیل)
هۆشدار لێکراو: (رائد جبار سعدالله)
بەرێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر غازی فتاح سعید بریکاری تایبەتی کامران جلیل خلیل) بە ژمارە (٢٠/٤٥٣) لە ٢٠١٩/٢/٢٤ بەمەبەستی هۆشداری کردنت بۆ دانی کرێی دوکانەکەت لە رۆیال مۆڵ بەرووبەری ٤٠٠م٢ لە بەشی TO٣ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی شۆرش لە شاری هەولێر لە ٢٠١٩/٣/٢٤ بۆیە لەڕێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
شوان فوزی زکی
ل. دادنووسی یەکەم
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست
بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٢٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥
ئاگاداری
لەسەر داوای پارێزەر (صباح نوری اسماعیل) بریکاری هاوڵاتی (عماد یوسف نجف) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:- لە (نجف علی شمس الدین) بۆ (نجف علی شمسە) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٢١، ٢٤، ٤٠، ٧٤، ٧٩، ٦٩، ٨٨، ٩٠، ١٠٣، ١٠٤، ١٢٠، ١٣٧) کەرتی ٥٠/مطراد صالو, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی (٢٠١٩/٤/١٠) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
* * *





ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی :1713
ئسپانیا رازی بوو دەستبەرداری جەبەل تاریق ببێ .



سالی :1854
لە ماوەی شەڕی کریمیا ، شانشینی یەکگرتوو شەڕی لە دژی ئیمپراتۆریەتی رووسی راگەیاند .



سالی :1941
لە یوگسلافیا شۆڕشێک بە سەرۆکایەتی یوبب بروز تیتۆ بەرپا کرا .



سالی :1958
نیکیتا خرۆشۆڤ بوو بە سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت .



سالی :2001
ئەمەریکا ڤیتۆی لە دژی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش بەکار هێنا کە تایبەت بوو بە ناردنی چاودێری نێودەوڵەتی بە مەبەستی پاراستنی فەلەستینیەکان .



سالی :2016
هێزەکانی سووریا شاری تەدموری مێژوویی لە دەستی چەکدارانی داعش رزگار کرد .

رۆژنامەی سەندەی تایمز:

تیرێزا مای

دواین رۆژەکانی لە 10 داونینگ ستریت بەڕێ دەکات

11 وەزیر لە حکومەتەکەی مای بە نیازن مای لە پایەکەی دوور بخەنەوە و سەرۆکێکی کاتی بۆ حکوومەت دەستنیشان بکەن

ئا : ل . کاروباری نێودەوڵەتی

ماوەیەکە چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا بۆتە یەکێک لە گەرمترین بابەتەکانی میدیای جیهان ، ئەم دۆسیەیە وێڕای ئەوەی ناکۆکیەکی گەورەی لەنێو خودی پارتەکان و خەڵکی بەریتانیاش خولقاندووە ، هاوکات ئەندامانی دیکەی یەکێتی ئەورووپاشی دووچاری نیگەرانیەکی گەورە کردووە . لەو نێوەندەشدا چەند رۆژێکە باس لە ئەگەری لەسەرکار لادانی تیرێزا مای سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا دەکرێ .



سەندەی تایمز چی دەڵێ؟

رۆژنامەی سەندەی تایمزی بەریتانی لە راپۆرتێکدا کە رۆژی یەک شەمە بلاو کراوەتەوە ئاماژەی بە ئەگەری رووداتی کودەتایەکی وەزاری کردووە .لە راپۆرتەکەدا باس لەوە کراوە کە دوور نیە حکومەتەکەی تیرێزا مای ببێتە قوربانی ئەو کێبڕکێیەی سەبارەت بە چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا سەری هەڵداوە .لە راپۆرتەکەی رۆژنامەی ناوبراودا هاتووە : تیرێزا مای سەرۆکوەزیران چەند رۆژێکی کەمی لە 10 داونینگ ستریت ماوە و 11 وەزیر لە حکومەتەکەی مای بە نیازن مای لە پایەکەی دوور بخەنەوە و سەرۆکێکی کاتی بۆ حکومەت دەستنیشان بکەن . لەو بارەوە سەندەی تایمز نووسیویەتی: 11 وەزیری پایەبەرز دووپاتیان کردۆتەوە کە دەخوازن سەرۆکوەزیرانی ئێستا دەست لە کار بکێشێتەوە و ئەوان پلانیان بەدەستەوەیە لە کۆبوونەوەی حکومەت ئەم داوایە ئاراستەی مای بکەن ، هاوکات ئەوان هۆشداری دەدەن لەوەی ئەگەر داواکاریەکەیان جێبەجێ نەکرێ ، ئەوا بە کۆمەڵ دەست لە کارەکانیان دەکێشنەوە .

کۆتایی نزیکە

سەبارەت بەم راپۆرتەی رۆژنامەی سەندەی تایمز ، نوسینگەی سەرۆکوەزیران بێدەنگی هەڵبژارد . بە گوێرەی چەند سەرچاوەیەکیش ، ئێستا حکومەتی بەریتانیا سەرقاڵی گفتوگۆکردنە دەربارەی دیارکردنی خشتەیەکی زەمەنی سەبارەت بە دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران . هەمان ئەو رۆژنامەیە لەسەر زاری وەزیرێکی حکومەتەکەی مای دەڵێ : کۆتایی نزیک بۆتەوە .. ئەو لە ماوەی 10 رۆژدا دەڕوات .

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا هاتووە : دیقد لیدینگتۆنی جێگری مای یەکێکە لە بەربژێرە بەهێزەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی شوێنی مای بگرێتەوە ، لەوڵاشەوە کەسانێکی دیکە کار بۆ ئەوە دەکەن کە مایکل گۆڤی وەزیری ژینگە یان جێرمی هۆنتی وەزیری دەرەوە ببن بە سەرۆکوەزیرانی داهاتوو.

حەوت ئاراستە

بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە هاوکاتە لەگەڵ لێدوانی چەند پەرلەمانتارێکی سەر بە پارتی پارێزگارانی بەریتانیا سەبارەت بەوەی ئەگەر مای دەست لە کار بکێشێتەوە ، لەوانەیە سەبارەت بە پرۆژەی چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا پشتگیریەک وەدەست بێنێ .

هەروەها باس لەوەش دەکرێ کە پێشبینی دەکرێ خاتو مای لەنێو پەرلەمانتاراندا دەنگدانێک دەربارەی 7 ئاراستەی سەرەکی پێشنیازکراو دەربارەی چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا ئەنجام بدات . ئاراستەکانیش ئەمانەن :

پرۆژەکەی ئێستای سەرۆکوەزیران .

وازهێنان لە هەموو پرۆژەکان .

ئەنجامدانی راپرسیەکی دیکە پرۆژەی یەکێتی گومرگی کە پارتی کرێکاران پشتگیری لێدەکات .

پیادەکردنی سیستمی نەرویژ سەبارەت بە ناوچەی ئابووری ئەورووپی .

پیادەکردنی نمونەی بازرگانی کەنەدا لەگەڵ ئەمەریکا .

نەهێشتنی مادەی 50 و مانەوە لەناو یەکێتی ئەورووپا .

ئەڵمانیا

گەلەگورگ کێشەی سیاسی دەخولقێنێ!



ئا : ل.کاروباری نێودەوڵەتی

لە وڵاتی ئەڵمانیا ، گەڕانەوەی گەلەگورگ جگە لەوەی بۆتە مایەی سەرهەڵدانی رووبەڕووبوونەوەی تۆند لە نێوان ئەو شوانکارانەی دەخوازن مەڕ و ماڵیان بپارێزن لەگەڵ ژینگەپارێزەکان، ئەوانەی کار دەکەن لە پێناوی پاراستنی ئەو گیانەوەرانەی لە لێواری لەناوچوون نزیک بوونەتەوە، هاوکات خەریکە مەسەلەکە سەردەکەوێ و دەگاتە نێو چینی سیاسەتوانان، لەوە زیاتر خەریکە ئەو بابەتە دەبێتە مایەی خولقاندنی کێشەیەکی سیاسی.



هەواڵێک لە گاردیانەوە

بە گوێرەی هەواڵێکی رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی، زیاتر لە یەک سەدەیە ، ئەڵمانیا گورگی لێ نەماوە، ئەمەش بەهۆی راوکردنی نایاسایی ، بەڵام بەم دواییانە چەند گەلەگورێک سەرلەنوێ دەرکەوتوونەتەوە و لە ساڵی 2017ەوە 472 جار هێرشیان کردۆتە سەر رانەمەڕ و بزنی خەڵک و تا ئێستا 1667 مەڕ و بزیان خواردووە .

هەندێکیان تووڕن و هەندێکیش خۆشحاڵن

لەوەتەی هەردووک بەشەکەی ئەڵمانیا یەکیان گرتۆتەوە ، خەریکە ئەو گیانەوەرانەش دەگەڕێنەوە ناوچەکە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەهۆی شەڕ و سنووورەکانەوە لەناوبرابوون و رۆیان کردبوە ناوچەی تر ،بە تایبەتیش لەو بەشەی کە پێشتر بە ئەڵمانیای رۆژهەڵات ناودەبرا.

تووڕبوونی خاوەنی رانە مەڕ و بزنەکان ، کە دەخوازن بە هەموو شێوەیەک سەرچاوەی ژیانیان بپارێزن رووبەڕووی خۆشحاڵی کەسانێکی دیکە بۆتەوە کە ژینگەپارێزەکانن ، کە گرنگی بە پاراستنی ئەو گیانەوەرانە دەدەن کە لە لەناوچوون نزیک بوونەتەوە .لەو بارەوە وەزیری کشتوکاڵی ئەڵمانیا دەڵێ : ژمارە راگەیەنراوەکانی ئەم دواییە ئەوە دەردەخەن کە دەبێ حکومەت ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات و راوکردنی گورگ بە یاسایی بکات. دەبێ ئەوەش بزانین کە بەگوێرەی یاساکانی یەکێتی ئەورووپا ، راوکردنی گورگ قەدەغە کراوە ، تەنیا لە حالەتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و دروستکردنی مەترسی لەسەر ژیانی خەڵک نەبێ.

کێشە سیاسیەکە چیە؟

خاوەن مەڕو بزن داوا دەکەن ئەگەر رانەکانیان کەوتە بەر هەڕەشەی راستەوخۆ، دەبێ ڕێگەیان پێ بدرێ تەقە لە گیانەوەرە درندەکان بکەن ، لە بەرامبەردا ژمارەیەک پارتی سیاسی ئەڵمانی ، لەنێویاندا پارتی دیموکراتخوازی مەسیحی راستڕەوی میانڕەو رەزامەندی بەرامبەر بەو پێشنیازە دەربڕیوە ، بەڵام دەستەی حکومی دەڵێ: تەقەکردن لە گەلەگورگ تەنیا ڕێگەچارەیەکی کورتخایەنە و هیچی تر ، بۆیە وایە خەڵک خۆیان لەگەڵ ئەم بارودۆخە رابهێنن.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/3/27 ژمارە (5718)

بۆچوون

خەڵکی ئەورووپا: لە خەو هەڵسن !



ئێستا هەوڵێک لە ئارادایە لە پێناوی ڕێکخستنی لیستێکی یەکگرتوو و لایەنگری ئەورووپا، هەروەها لە چەند وڵاتێکی وەک فڕەنسا و پۆلەندا و سوید پرۆسەیەکی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی سیستمە حزبییەکان لە ئارادایە

جۆرج سۆرۆس

ئەورووپا نوستووە و نغرۆی جیهانی لەبیرچوونەوە بووە ، بۆیە پێویستە بەر لەوەی کار لەکار بترازێ ئەوان وەئاگا بێنەوە . ئەگەر ئەمە نەکەن ، بێگومان یەکێتی ئەورووپا هەمان ئەو ئاراستەیە دەگرێتە بەر کە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی 1991 ڕووی تێکرد . پێناچێ سەرکردە و هاوڵاتیانیشمان لەوە بگەن کە بە ساتێکی شۆڕشگێڕیدا گوزەر دەکەین و چوارچێوەی ئەگەرەکانیش لە فراوانبوون دان و ئەنجامەکانیش بە هیچ شێوەیەک مایەی دڵنیایی نین .زۆربەمان وای بۆ دەچین کە ئایندە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ئێستا دەچێ ، بەڵام مەرج نیە ئەمە وا بێ . بە درێژایی ماوەیەکی پڕ لە ڕووداودا ، چەندین قۆناغ بینی کە بە لەبارچوونی هاوسەنگی ڕادیکاڵی ناویان دەبەم ، ئێمە ئەمڕۆ لە قۆناغێکی هاوشێوەدا دەژین .

خاڵی وەرچەرخانی داهاتوو

هەڵبژاردنەمانی ئەورووپا لە ئایاری 2019 دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی داهاتوو ، بە داخەوە ناحەزانی ئەورووپا لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەبنە خاوەنی سیفەتی پێشبڕکێکردن ، هۆکارەکانیش زۆرن ، لە نێویاندا سیستمی پارتە کۆن و بەسەرچوەکان کە بە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا بڵاوەیان کردووە و نەبوونی ئامرازە یاساییەکانی تایبەت بە سزادانی ئەو ئەندامانەی پێشێڵی بنەماکانی دامەزرانی یەکێتی ئەورووپا دەکەن. ڕاستە یەکێتی ئەورووپا لە توانایدا هەیە یاسا بنەڕەتیەکانی بەسەر ئەو وڵاتانەدا بسەپێنێ کە دەخوازن بێن بە ئەندامی تازە ، بەڵام خاوەنی توانای پێویست نیە بۆ ناچارکردنی ملکەچکردنی ئەندامان . لە ڕاستیدا سیستمی پارتە بەسالاچوەکان ڕێگری دەکات لەوانەی دەخوازن بەهای سەرەکیەکانی یەکێتی ئەورووپا بپارێزن ، بەڵام یارمەتیدەری ئەوانەشە کە دەیانەوێ ئەلتەرناتیڤی جیاواز بۆ ئەم بەهایانە .

ئەڵمانیا

لە نێو یەکێتی ئەورووپا ،ئەڵمانیا دەوڵەتێکی خاوەن هەژموونە و بە هۆی سەرکەوتنی پارتی بەدیل لە پێناوی ئەڵمانیای تووندڕەو لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئەیلوڵی،پێناچێ هاوپەیمانی سیاسی نێوان پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی و پارتی یەکێتی کۆمەڵایەتی مەسیحی هاوەڵی دریژە بکێشێ . لەو هەڵبژاردنەدا و لە ماوەی زیاتر لە شەش دەیە ،پارتی یەکێتی کۆمەڵایەتی مەسیحی خرابترین ئەنجامی وەدەست هێنا و بۆ یەکەم جاریش پارتی بەدیل لە پێناوی ئەڵمانیا خۆی خزاندە ناو پەرلەمانی باڤاری . بەمەش پارتی ناوبراو هۆکاری بوونی هاوپەیمانی نێوان پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی و پارتی یەکێتی کۆمەڵایەتی مەسیحی نەهێشت .بەڵام هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانێتیە بەبێ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیکە ئەستەمە ڕووبدات و وەک دیاریشە ئەم ئیئتیلافەی ئێستا وەک جاران پشتگیریکاری ئەورووپا نابێ .بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای بێ ئومێدی نیە ، چونکە پارتی سەوزی ئەڵمانی وەک تاکە پارتی پشتگیریکار لە ئەورووپا سەری هەڵداوەتەوە و لە ڕاپرسیەکاندا پێشکەوتنی بەردەوام وەدەست دێنێ .

بەریتانیا

لە شانشینی یەکگرتووش ژێرخانی کۆنی حزبی ڕێگرە لەوەی جەماوەر بە دوای دەربڕینی شایستە و گونجاودا بگەڕێ و هەردووک پارتی کرێکاران و پارێزگاران بە دەستی ناکۆکی ناوخۆییەوە دەنااڵێنن ، بەڵام سەرکردەی هەردوو حزبەکە کۆکن لەسەر هاوکاریکردن لە پێناوی چوونە دەرەوەی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئەورووپا . لە ڕاستیدا بارودۆخەکان زۆر ئاڵۆزن و تەنانەت خودی بەریتانیەکان دەخوازن هەرچی زووە لێی دەربچن .بەڵام ئەمە بووە هۆی وروژاندنی باڵی ئێڤزسیۆنی ناو هەردووک پارت ، تەنانەت لە نێو پارتی کرێکاراندا خەریکە مەسەلەکە دەگاتە ئاستی یاخیبوون . لەوڵاش زۆرینەی بەریتانیەکان خەریکە هەست بە دەرەنجامە خراپەکانی چوونەدەرەوەیان لە یەکێتی ئەورووپا دەکەن .

ئیتاڵیا

ئەویش خۆی لە بەردەمی گرفتێکی هاوشێوەدا دەبینێتەوە . ساڵی 2017 یەکێتی ئەورووپا هەڵەیەکی گەورەی کرد کاتێک پیادەکردنی ڕێککەوتنی دبلنی سەپاند ، ئەمەش بێگومان بووە هۆی گرانکردنی باری وڵاتانێکی وەک ئیتاڵیا کە دەرگای یەکەمی هەڵۆژانی پەنابەرانە بۆ یەکێتی ئەورووپا . هەر ئەمەش وای لە دەنگدەرانی ئەم وڵاتە کرد بگەڕێنەوە باوەشی پارتی رابیتە و بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە کە بە ئاشکرا دژایەتی ئەورووپا و پەنابەران دەکەن . پارتی دیموکراتی دەسەڵاتداریش ڕووبەڕووی نا ئارامی و گێرەشێوێنی بووەوە .بەڵام ئێستا هەوڵێک لە ئارادایە لە پێناوی ڕێکخستنی لیستێکی یەکگرتوو و لایەنگری ئەورووپا ، هەروەها لە چەند وڵاتێکی وەک فەرەنسا و پۆلەندا و سوید پرۆسەیەکی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی سیستمە حزبییەکان لە ئارادایە .

ئەورووپا لە پێشی بەرژەوەندیەکانە

نازانین چۆن لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاری داهاتوودا ئەو پارتانەی لایەنگری ئەورووپان سەرکەوتن وەدەست دێنن ئەگەر پەرژەوەندیەکانی ئەورووپا نەخەنە پێش بەرژەوەندیەکانی خۆیان . ئێستاش مرۆڤ لە توانایدا هەیە لە پێناوی پاراستنی یەکێتی ئەورووپا بیانووی جۆراوجۆر بخولقێنێ ، بەڵام ئەمە پێویستی بە گۆڕینی هزر هەیە لەنێو یەکێتی ئەورووپادا . سەرکردایەتی ئێستای یەکێتیەکەمان هاوشێوەی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی سۆڤیەتە لە کاتی ڕووخانی وڵاتەکەیدا ، ئەو حزبەی تەنیا سەرقاڵی ڕاگەیاندنی مەراسیمەکان بوو .

دوو هەنگاو


لە ڕێگەی گرتنەبەری دوو هەنگاوی سەرەکیەوە دەتوانین یەکێتی ئەورووپا لە دوژمنانی بپارێزین :
دانان بە قەبارەی هەڕەشەی دوژمن و ناحەزان .
لە خەو هەڵساندنی زۆرینەی ئەو خەوتوانەی پشتگیری لە ئەورووپا دەکەن و کۆکردنەوەیان لە پێناوی بەرگریکردن لەو بەهایانەی یەکێتی ئەورووپایان لەسەر دامەزراوە ، ئەگینا دوور نیە لە داهاتوویەکی نزیکدا خەونی ئەورووپای یەکگرتوو ببێ بە مۆتەکەیەکی ترسناک .

وەرگێڕان و ئامادەکردن : ل. کاروباری نێودەوڵەتی

مانشێت




سکای نیوز :
بەهۆی گواستنەوەی سەربا ز و چەک بۆ سوریا ، فەرەنسا گەشتە ئاسمانیەکانی کۆمپانیای ماهان ئێری ئێرانی بۆ خاکی خۆی ڕاگرت .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات :
دوا کشاندنەوەیان لە نووسینگەی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا ، جارێکی دیکە کارمەندانی سەر بە حکومەتی کۆریای باکور گەڕانەوە شوێنی خۆیان .



ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت:
وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هۆشداری دا لە ئەنجامەکانی زیادبوونی ناسەقامگیری لە ڤەنزویلا .



ئەی ئێف پی :
حکومەتی چین بڕیاری کڕینی 300فڕۆکەی ئێرباسی دا .



ئیلاف :
وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند کە دوور نیە دوای داننانی ئەمەریکا بە سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلان ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسەقامگیریی زیاتر بەخۆیەوە ببینێ .



ئەلعەرەبیە:
وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا رازی بوو بە خەرجکردنی یەک ملیار دۆلار لە بودجەکەی بە مەبەستی بونیادنانی شورەی نێوان ئەمەریکا و مەکسیک .



گەندەڵی هاوواڵاتیان زیان بە کەرتی گەشتیاری دەگەیێنێت

نادر روستی

بە پێی پێناسەکان گەندەڵی بەهەدەردانی سامانی گشتی و زیان گەیاندنە بە سامانی گشتی و بەکارهێنانی پلە و پۆستە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی. گەندەڵی بەشێکی بەرچاوی سەرزمانی هاوڵاتیان، بەبێ ئەوەی هاوڵاتیان ئاگادارین کە بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیان لە بەرچاوی گەندەڵەکان گەندەڵترن ,دابینکردنی خزمەتگوزاری و پێشکەوتن و خەمخۆری بەرچاو و کارمەندە دڵسۆزەکانیش بۆتە قوربانی بەشێک لە بەرچاوی گەندەڵەکان، کاری باشیش بکرێ و خزمەتگوزاری شیاویش لە لایەن حکومەت پیشکەش بکرێ لە لایەن هەندێک لە هاوڵاتیان بێ بەها سەیر دەکرێ و هەندێک جار یەکسان بە سفر دەکرێ.



ئاماژەدان و خستنەبەرچاوی گەندەڵی هەندێک لە هاوڵاتیان هەرگیز پاساو هێنانەوە نییە بۆ گەندەڵی هەندێک بەرچاوی ناو دەسەڵات ,چونکە بەهەدەردانی سامانی گشتی و زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی هاوڵاتیان هەرکەسێک بیکات دواجار گەندەڵیە و دژی پێشکەوتنی وڵات و بەرژەوەندی گشتییە.

زۆر جار بینیومانە هاوڵاتی ئاسایی کە هیچ بەرپرسیارێتیکی لە پلە و پۆست لە ناو یەکە ئیداریەکان نییە و کاری سەربەخۆ دەکات، کارەکەی نەک بە باشی ناکات بەڵکو زۆر کەمتەرخەمە یان قێل لە کارەکەی دەکات. بەشێک لە وەستاکان کە دیوار دروست دەکەن کە دارتاشی دەکەن کە ئۆتمبێل چاکدەکەنەوە کە خزمەتگوزاریەکی ناومالاً پێشکەش دەکەن بە هۆی کەمتەرخەمی و نەشارەزایان ناچارت دەکەن چەندان جار بۆ هەمان کار رووبان تێبکەیتەوە و پارە و خەرجیکی چەند بەرامبەرت پێ خەرج بکەن و زیان بە داهات و گیرفانت بگەیەنن. ئەمە بۆ کرێکارێکی سادەش راستە و زۆرجار لە نەکردنی کارێی سادە بە دروستی هیلاک دەکات و خەرجی زیادت پێدەکات. بە هەمان شێوە بۆ فرۆشیاریش راستە کە کەرستە و کەلوپەلی نەشیاوت بە نرخی بەرز پێدەفرۆشی، تەنانەت هەندێک جار زیانی گەورەشت لێدەدات و لە ئەنجامی بابەتی تێکچوو توشی نەخۆشیت دەکات . بابێینە سەر بابەتی گەشت و گەشتیاری و بەهەدەردانی سامانی گشتی ,سەرەڕای ئەوەی ئەوانەی خەمخۆری پێشخستنی کەرتی گەشتیارین لە ناو حکومەت ژمارەیان زۆر کەمە و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ,ئامارژە بە چەند دیاردەیەکی قێزەونی هاوڵاتیان دەکەین. لە بەهار کاتێ هاوڵاتیان روو لە سەیرانگە و شوێنەکانی گەشتیاری دابین دەکەن بە سێ شێوازی سەرەکی دەبەنە هۆکار بۆ بەهەدەردانی سامانی گشتی و زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی. یەکەم : سالانە حکومەت لە رێگەی دامەزراوەکانی هەندێک خزمەتگوزاری بۆ سەیرانگە و شوێنەکانی گەشتیاری دابین دەکات، وەک زبڵدان، کەپر، شوێنی دانیشتن، ئاوەدەست، چاندنی گوڵ و درەختیش لە پارک و شوێنی گشتی و لە هەندێک شوێنیش دانانی یاری بۆ منداڵ و گەورە ,بەڵام لە دەستی هەندێک لە هاوڵاتیان تەمەنیان زۆر کورتە و زۆر زوو وێران دەکرێن یان دەبردرێن یان هەندێک جار دەستێنرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی هاوشاری و هاوڵاتیان، چونکە حکومەت ناچار دەکرێ بودجەیەک بۆ چاکردنەوەیان یان دانانی ژمارەیەکی نوێ تەرخان بکات، بەڵام ئەگەر ئەم تێکدان و وێرانکردنە روونەدات دەکرێ ئەم بودجەیە بۆ دروست کردنی قوتابخانەیەک یان دروست کردنی پارکێک یان زیادکردنی خزمەتگوزاری بۆ سەیرانگەکان تەرخان بکات.

دووەم: هاوڵاتیان کاتێ ڕوو لە سەرانگەکان و ناو سروشت دەکەن ژمارەیەکی زۆر لە پاشماوەی خۆراک و ماددەی زیان بەخش لە شوێنیی خۆیان جێدەهێڵن کە دەبێتە زیان بۆ ژینگە و پیسکردنی سەیرانگەکان، کە هەندێک ماددەی پلاستیکی کە لە نەوت دروست کراون زیاتر لە 200ساڵی پێویستە بۆ شیبوونەوە و لە ناوچوونی، جگە لەوەی بە هۆی پێکهاتەکەی زیانی زۆر بە خاک و ماددە ئۆرگانیەکەکان دەگەیەنن، ئەمەش زیان بە ژینگە و نەوەکانی داهاتو و سامانی گشتی دەگەیەنێت. ئەم ڕەفتارەش حکومەت و رێکخراوەکانی مەدەنی ناچاردەکەن هەڵمەتی پاکردنەوەیان بۆ ئەنجام بدەن کە ئەمەش پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر کارمەند و ئامێر و کات و بودجەیەکی زۆر هەیە ,سەرەڕای ئەوەی کە هەرگیز هەموو شوێنێک پاک ناکرێتەوە، بەڵام ئەگەر هەر هاوڵاتی و سەیرانکارێک پاشماوە و زبڵەکانی بخاتە ناو کیسەیەک و بیخاتە ناو ئەو ئوتومبێلەی کە پێی هێناوە و بگەیێنێتە ناو زبلدانی سەرشەقامی گشتی یان بیخاتە ناو زبڵدانی پێش ماڵی خۆی، ئەوە هەرگیز ئەو هەموو وزە و بودجەی ناوێت و دەکرێ بودجەکە بۆ جۆرێکی تری خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێ و ببێتە مایەی پێشکەوتنی وڵات.

سێیەم: تێدان و وێرانکردنی خزمەتگوزاریەکان و فرێدانی زبڵی پاشماوە و پیسکردنی ژینگەی سەیرانگە و شوێنە گشتیەکانی وەگ رێگە و پارکەکان کە گەشتیاران ڕووی تێدەکەن بە جۆرێک ناشیرن دەکەن کە گەشتیار بتۆرێن یان بەرچاوی گەشتیار بە جۆرێک پیشان بدەن کە گەشتیار بۆچوونی نەرێنیی لەسەر ئاستی تێگەیشتنی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان بۆ دروست ببێت. کەواتە هەموو ئەم زیانانە کە لە ئەنجامی ڕەفتاری بەشێک لە هاوڵاتیان دروست دەبن گشتی بە هەدەردانی سامانی گشتییە کە ئەمەش بە گەندەڵی هەژمار دەکرێ، بۆیە ناکرێ خۆمان گەندەڵ بین داوای نەهێشتنی گەندەڵی بکەین.

دوو پێشانگای گەشتیاری لە مانگی ئادار دا

لە 17ی ئادار پێشانگەی گەشتیاری خۆرهەڵاتی ناوەراستی گەشتیاری لە هەولێر بە سەرپەرشتی دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە لایەن کەرتی تایبەت بە بەشداری زیاتر لە 250کۆمپانی کرایەوە. لە کردنەوەی پێشانگەکەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەیدا بایەخ و ڕۆڵی کەتی گەشتیاری خستەڕوو، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاریش بە ژمارە پێشکەوتنەکانی گەشتوگوزاری لە دوای شەڕی داعش خستەڕوو. پیشانگە بە کۆمەلیچک چالاکیەوە تاکو 20 ئادار بەردابوو.

لە 25ی ئاداریش چوارەم کۆڕبەند و پێشەنگەی عێراقیش لە بەغدا کرایەوە. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە شاندێکی هەرێمی کوردستان بەسەرپەرشتی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ئامادەی کردنەوەی کۆڕبەند و پێشەنگەکە بوو.

ئامانجی سەرەکی دەستەی گەشتوگوزار لە هاوکاری و هەماهەنگی بۆ هەردوو پێشەنگەکە پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری و زیاد کردنی ژمارەی گەشتیاران بوو بۆ هەرێمی کوردستان.





سەیرانی هاوواڵاتیان پێچەوانەی جولەی گەشتیاریە

ئارام سمایل

دوای زستانێکی پڕاو پڕ لە بەفر و باران، سروشت خۆی خەملاندوە و بە سەوزایی دەشت و دەری داپۆشیوە. هاوڵاتیان لە یەکەم ڕۆژی نەورۆز ڕوویان کردە دەشت و دەر بۆ کات بەسەربردن و بینینی جوانیەکانی سروشت و هەڵمژینی هەوای پاک، ئەم جۆرە دەرچوون و سەیرانە بۆتە کولتوور و سالانە دووبارە دەبێتەوە.

ئەم پرۆسەیەش پێچاوانەی جولەی گەشتیاریە و دەتوانین بڵێین گرفت دەخاتە بەردەم کەرتی گەشتیاری و شەکەتی دەکات، بەڵام ئەمە وەرزی گەشتیاریە و تاک بەتاکی کۆمەڵگە ئارەزووی سەیران دەکات ناکرێت ڕێگری لەمەش بکرێت.

هاتنەدەرەوەی بەڵێشاوی هاوڵاتیان شەقامە سەرەکیەکانی نێوان شار و بەتایبەتیش دەروازەی شارەکان تا ئاستی پەکخستن گرفت دروستدەکات.

سروشتی ناوچە گەشتیاریەکان تێکدەدات و لەڕووی ژینگەییەوە زیانی زۆری پێدەگەیەنێت، دارەکان ڕووبەڕووی شکان و لەناوچوون دەبنەوە و زبڵ و پاشماوەیەکی ئێجگار زۆریش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بێ گوێدانە هیچ یاسا و ڕێسایەک فرێدەدرێنە سروشتەوە، لەهەمور لایەکەوە ژاوە ژاو دروست دەبێت، بەرزکردنەوەی لەڕادەبەدەری دەنگی ئاواز و گۆرانی، لێدانی بێ هۆکاری ئامرازەکانی ئاگادارکردنەوە (هۆرن) و دەنگە جارس کارەکەی ماتۆرسکلەکان لەسەرووی هەمووانەوەیە.

جگە لەمانەش خزمەتگوزاریە گەشتیاریەکان توانای بەرگەگرتنی ئەم ڕێژە زۆرە و خێرا چارەسەرکردنی نابێت، چونکە هاونیشتمانی بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەچوارچێوەی گروپ و دەزگای تایبەتەوە لەشوێنەکاندا جێگیرناکرێن و پەرش و بڵاون بەهەموو لایەکدا هاونیشتمانیش ڕەنگە چەند جارێک شوێنەکەی بگۆڕێت، تەنانەت لە شوێنە سەخت و دژوارەکانیش کەڕێگای هاتوچۆی نیە و ناتوانرێت خزمەتگوزاری بۆ ببردرێت، هاوڵاتی بۆی دەچن و لەوێدا چێژوەردەگرن.

خزمەتگوزاری گشتی بۆ سەیرانگە و ناوچە گەشتیاریەکان سنوردارن و ناکرێت لە سەر هەر گرد و تەپۆلکە و لوتکە شاخ و گوندێک خزمەتگوزاری دابین بکرێت، بۆ چارەسەری سەرجەمی ئەم گرفتانە هۆشیاربوونەوەی تاک لەسەرووی هەمووشتێکەوەیە و گرفتەکان چارەس دەکات.

بەڵام گەشتیار جیاوازترە بەشێوەی گروپ و ڕێکخرا و لەڕێگەی تایبەتەوە یان بەشێوەی خێزان و کۆمەڵە هاوڕێ دەچنە ناوچە و بنکە گەشتیاریەکان ئەم شوێنانەش لەبەرامبەر دابینکردن و بەخشینی خزمەتگوزاریەکان داهاتیان دەبێت، ئەم داهاتە جگە لەوەی بەشێک دەبێتە سودی ماددی بۆ خاون شوێنەکانی پشودان و مانەوەی گەشتیاران و بەشێکیشی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکارێک بۆ بوژاندنەوە و پەرەپێدانی ناوچە گەشتیاریەکان.

ئەم شوێنە بناسە

سیلاڤا گوندێ سوریێ

بێوار سندی

ئەف سیلاڤە دکەڤیتە سنوریێ قەزا زاخو نزیکا ٣٠ کم ل سەنتەریێ باژێریێ زاخو دیرە، ئەف سیلاڤە سیلاڤەکا دەستکردە ل سالا ٢٠١٧ هاتیە دروستکرن ژلایێ چەند هاولاتییێن گوندێ صوریا هاتیە دروستکرن ل سەر روبارەکێ ئاڤەکا سازگار و زەلال جهەکێ فێنک، ل دەوروبەرێن ڤێ سیلاڤێ چەندین کەپرێن گەشتیاری هەنە ، بلندا هیا سیلاڤێ نزیکێ ١٠ مەترانە ، ئەف سیلاڤە جهەکێ بالکێش جوان و دلڤەکەرە، تایبەتی د وەرزێن هاڤینێ دا روژانە سەدان گەشتیار سەردانا ڤێ سیلاڤێ دکەن ژبەرکو دڤی وەرزیدا پلا گەرماتیا ل ڤی گوندی نزمە جهەکێ زور فێنکە.







www.xebat.net
چوار شەممە 2019/3/27 ژمارە (5718)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

چەند داتایەک لەسەریارییەکانی یانەی هەولێر لەخولی نایابی عێراق



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

خولی نایابی کوردستان هەفتەی داهاتوو پێی دەنێتە نێو هەفتەی بیستەم، واتە هەر یانەیەک لە خولەکەدا 19یاری ئەنجام داوە، یانەی هەولێریش یەکێکە لەو یانانەی لەنێو خولەکەدا 19یاری ئەنجام داوە ، تیپی یانەی هەولێر لەکۆی ئەم نۆزدە یارییەدا تەنها حەوت سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و پێنج یەکسانبوون و 7دۆراندنی هەیە، ئێستا لەپلەی هەشتەمی ریزبەندی خولەکەدا بەشێوەیەکی کاتی جێگیر بووە، بەگشتی ئەگەر سەیری یارییەکانی یانەی هەولێر بکەیت لەگەڵ کام یانە براوە بووە و لەگەڵ کام یانەش تووشی شکست هاتووە، بەپێی خشتەی یارییەکان یانەی هەولێر لە 3یاری یەکەمی سەرەتای خولەکەدا بەرانبەر سەماوە وحدود و شورتە تووشی شکست هات، لەیاری چوارەمدا بەرانبەر ئەمانەی بەغدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا ، داوی ئەو یارییە دووبارە هەولێر لەگەڵ یانەی نەجەف تووشی دۆراندن هات، دوای ئەمە هەولێر دوویاری لەسەر یەکدی سەرکەوتنی بەدەستهێنا ، لەوانە توانی هەر یەک لەیانەکانی مینا و کەرخ بباتەوە، پاشان دوای ئەم ئەنجامە باشە دووبارە لەگەڵ یانەی نەوتی وەسەت تووشی دۆراندن هات، بەڵام پاش ئەم دۆراندنە یانەی هەولێر توانی لەیانەی زەورا بەئەنجامێکی گەورە بباتەوە و تیایدا چوار گۆڵی لێ تۆمار کرد، بەپێی داتاکان واتە هەولێر لەکۆی 19یاری حەوت بردنەوەو حەوت دۆراندن و پێنج یەکسانبوونی لەریزبەندی خولەکەدا تۆمار کردووە، ئەو ئەنجامەیش بەبەراورد لەگەڵ خولی نایابی کوردستان زۆر باشترە، چونکە لەخولی کوردستان یانەی هەولێری پاڵەوانی چەندین وەرزی ڕابردوو ئێستا مەترسی دابەزینی بۆ ڕیزی پلەیەکەکانی کوردستانی لێی نیشتووە، ئەو یارییانەی یانەی هەولێر لەخولی کوردستان ماویەتی، دەبێت هەر چۆنێک بێت لە 2تا 3یاری کەمتر تووشی شکست نەبێت،چونکە لەیارییەکانی داهاتوودا ئەگەر تووشی دوو یان سێ شکست هات، ئەوا مەترسی دابەزینی بۆ ڕیزی پلە یەکەکان دەبێت، بۆیە جیاوازی یانەی هەولێر لەخولی عێراق و خولی کوردستان یەکجار زۆرە، پێویستە یانەی هەولێر وەک خولی نایابی عێراق هەوڵی جددی بدات تالەمەترسی دابەزینی بۆ خولی یانەپلەیەکانی کوردستان رزگاری بێت و دووبارە دڵی هاندەران نەرەنجێنێت کەماوەیەکی زۆرە ئەو یانەیە لەئەنجامە خراپەکانی لەهەردوو خولی عێراق و کوردستان بەردەوامە.



هیوستن گەیشتە کۆتاییەکان

یانەی هیوستن ڕۆکێتس چووە ریزی ئەو تیپانەی کەگەیشتوونەتە کۆتاییەکانی خولی یەکگرتووی پیشەگەرانی تۆپی باسکەی ئەمریکا ، دوای گەیشتنیان بە سەرکەوتنی ژمارە 47لەکۆی 74یاری ئەم وەرزەدا، بەمەش گەیشتەوە هەردوو یانەی پێشەوەی گرووپی ڕۆژئاوا گۆڵدن ستایت واریزەرو دنڤەر ناگتس لە قۆناغی کۆتاییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا. لەوکاتەی 10یانە چوونە دەرەوەی کۆتاییەکانی ئەم وەرزە، کە چواریان لەهەرێمی ڕۆژهەلات بوون، ئەوانیش هۆکس، شیکاگۆ پۆلز، کلیڤلاند کڤالیارێز، نیۆیۆرۆک نیکس، 6یانە لەهەرێمی ڕۆژئاوا ئەوانیش مینسۆتا تیمبەر وۆلڤز، لۆس ئەنگلۆس، نیۆ ئۆرلیانز، میمفیس گریزلەرز، دالاس مافریکس و فینیکس سانز.



یارییەکی کچانی یۆڤینتۆس ریکۆردی ئامادەبوونی جەماوەری شکاند

کچانی یانەی یۆڤینتۆس لەیەکەم یارییاندا لەسەر یاریگای ئەلیانس بەئامادەبوونی 39هەزار هاندەر توانیان بەئەنجامی 0-1لە یانەی ڤیۆرنتینا ببەنەوە، کە ئەمەش زۆرترین ژمارەی جەماوەرە لە یارییەکی کچانی خولی ئیتالیادا ئامادە دەبن.

ریکۆردی پێشووتر کە لەیاری کچان ئامادە ببون گەیشتبووە 14هەزار هاندەر، بەڵام ئەمجارە لە یاریی یۆڤی ڤیۆرنتینا ئەو ریکۆردە شکا و ژمارەی ئامادەبووان گەیشتە 39هەزار کەس، کە زۆرینەیان هاندەی یانەی یۆڤینتۆس بوون و تەنها 121کەس هاندەری ڤیۆرنتینا بوون.

نیشتووە، ئەو یارییانەی یانەی هەولێر لەخولی کوردستان ماویەتی، دەبێت هەر چۆنێک بێت لە 2تا 3یاری کەمتر تووشی شکست نەبێت،چونکە لەیارییەکانی داهاتوودا ئەگەر تووشی دوو یان سێ شکست هات، ئەوا مەترسی دابەزینی بۆ ڕیزی پلە یەکەکان دەبێت، بۆیە جیاوازی یانەی هەولێر لەخولی عێراق و خولی کوردستان یەکجار زۆرە، پێویستە یانەی هەولێر وەک خولی نایابی عێراق هەوڵی جددی بدات تالەمەترسی دابەزینی بۆ خولی یانەپلەیەکانی کوردستان رزگاری بێت و دووبارە دڵی هاندەران نەرەنجێنێت کەماوەیەکی زۆرە ئەو یانەیە لەئەنجامە خراپەکانی لەهەردوو خولی عێراق و کوردستان بەردەوامە.

ئۆرگوای بووە پاڵەوانی جامی دۆستانەی چینی



هەڵبژاردەی ئۆرگوای توانی نازناوی پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی جامی دۆستانەی چینی لە تۆپی پێ بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی لە یاریی کۆتاییدا بەئەنجامی 0-4 گۆڵ لەهەڵبژاردەی تایلاندی بردەوە.

ئەم بەشداربیە ئۆرگوای کە لەمۆندیالی ڕووسیای 2018توانی بگاتە چوارگۆشەی زێرین، بۆ ڕاهێنەر ئۆسکار تافاریز ئامادەباشییەکە بۆ پاڵەوانێتی کوپا ئەمریکا کە ولاتی بەڕازیل میواندارای دەکات، لەیاریبەکی دیاریکردنی پلەی سییەمیش هەڵبژاردەی ئۆزباکستان توانی لە هەڵبژاردەی چین 0-1گۆڵ بباتەوە و پلەی سێیەم بەدەست بهێنێت.

محەمەد سەلاح و جیسی عەبدۆ هەرایەک لە دوبەی مۆل دەنێنەوە

لە پەراوێزی پشووەکەیدا، محەمەد سەلاح یاریزانی هەڵبژاردەی میسر و یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی لەناکاو سەردانی ولاتی ئیماراتی کرد، ئەویش بەمەبەستی وێنەگرتنی ریکلامێکی تەلەفزیۆنی بۆ یەکێک لە کۆمپانیاکانی فرۆشتنی جل و بەرگی وەرزشی.

جیسی عەبدۆ ڕاگەیەندکار و هونەرمەندی لە ئینستاگرامی خۆیدا وێنەیەکی لەگەڵ محەمەد سەلاح بڵاوکردۆتەوە و نوسیویەتی: (ئەی سەلاح تۆ شانازی میسر و شانازی هەموو عەرەبی)، وینەکەش لە ناو دوبەی مۆڵ گیراوە و دوابەدوای بڵاوبوونەوەشی هەرایەکی زۆری لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان نایەوە و بووە باسێکی گەرم لەنێو هەوادارانی ئەو یاریزانە، کە وێنەکە بۆ یاریزانێکی عەرەب گونجاو نییە و نەدەبوو محەمەد سەلاح ڕێگە بە جیسی عەبدۆ بدات کە بەوشێوەیە باوەشی پێبدات و وێنەی لەگەڵ بگرێت.



گلەیی لێدەکەن، دەڵێن لەسەرخۆیە
لۆکاکۆ: بەپێچەوانەوە من خێراترین یاریزانی مان یونایتدم

لۆکاکۆ ئەستێرەی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی وەسفی خۆی دەکات کە ئەو خێراترین یاریزانی یانەی مانچستەر یونایتدە. لۆکاکۆ لەپەراویزی ئەو ڕەخنانەی بەردەوام لەلایەن هاندەرانی یانەکەیەوە ئاراستەی دەکرێت کە گوایە یاریزانێکی زۆر خاوە لەناو یاریگا و خێرا نییە، لەوەڵامدا گوتی: بەو ڕەخنەیە زولم لێدەکەن، چونکە بەپێچەوانەوە من خێراترین یاریزانی یانەی مان یونایتدم، هیوادارم ڕەخنەکانتان لەشوینی خۆی بێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed, 27. Mar. 2019 No: (5718)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



نەژاد عزیز سورمێ

کۆمەڵگە... تەکنەلۆژیا... میدیا پەراوێزێک لەناو تێکستدا

بیرکردنەوە لە پێشکەوتنی بە پلان دیواری ترس و دڵەڕاوکێ دەڕوخێنێ و سنووران والا دەکا و دەرگایان دەکاتەوە بۆ ناو ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئێستا لەسەر زارو زمانانە، مەبەستم (کۆمەڵگەی مەدەنی)یە ..

کە باس لە پلان و نەخشەیش دەکرێ، ئەوە ناگەیەنێ هەروا بەئاسانی و بێ گرێ و گرفت دەگەینە ئەو قۆناخە... ئەمە مەسەلەیەکە کاری دەوێ، کۆشش و ماندووبوونی دەوێ...(جیدیەت)ی لە بیروبۆچوون و هەڵسوکەوت و هەوڵدان بۆ خۆ دەربازکردن لە گومان و ڕاڕایی و خۆپەرستی لە سنووران بەدەر و پاشماوە کەڵەکەبووەکانی دواکەوتوویی بە گیانی ئینتیمای گەڕەکە.

ئەگەر (تاقەتت هەبێ) بیری لێ بکەیەوە، ئێمە حاڵی حازر لە گەلێک بواری جیاجیادا تەکنەلۆژیای نوێمان لەدەستە بە تایبەتی لە بواری پێکگەیشتن و گەیاندندا، بەڵام با بپرسین تا چەند توانیمانە لەگەڵ مەودا و ڕەهەندە پێشڤەبڕ و پاشڤەبڕەکانیدا بێینەوە... باس لێرەوە دێتە گۆڕێ، ئێمە بە کولتوور و بیرکردنەوەی قۆناخی شوانکارەیی و کشتوکاڵییەوە.. هاتووین چوویینە پێش کۆمپیوتەر و ناو تۆڕی ئەنتەرنێت وسواری پێشکەوتووترین ئۆتۆمبیل بووین!

تۆ تەماشا میدیاشمان بەهەمان پێوەر چووەتە ناو تونێلێک تا ئێستا ئەوسەری دیار نییە... ئەو ڕوناهییەی ناو تونێلیش کە بەرپێی خۆمانی پێ دەبینین، ڕوناهی دەسکردە، شەوقی ئەو گلۆپانەیە تێیدا هەڵکراون... تونێل کە ڕوناهیەکی ناگاتێ... چ جای ئەوەی ئەوسەری دیار نەبێ... لەوەش سەیرتر، لەو ساتەی هەستی لەخۆڕازیبوونمان لە ئاست کار و کردەوەکانمان کز دەبێ هەر لەو کاتەدا خەیاڵی خۆدیدەیی دامانەدگرێ و بەجۆرێک خۆمان لێ ون دەبێ بەرپێی خۆیشمان نابینین...

ئەم وڵاتەی ئێمە کە لە قسان هەر لەدێرەوە بێشکەی شارستانییەت بووە، کە بەڕاستیش هەروا بووە، ئەوە قسەی من نییە، کنەو پشکنینە ئارکیۆلۆژیەکان وایان سەلماندوە، ئایا ئێمە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە خۆمان پرسیوە، ئەو هاوسەنگییە چۆن و بۆ تێکچوو... ئەو باڵانسەمان بۆ پێ ڕانەگیراوە..؟

ئایا ڕاستە ئۆباڵی هەموو هەوڵە سیزیفیەکانمان هەمیشە بخەینە پاڵ خەڵکی تر و فاکتەری دیکەی دەرەوەی خۆمان؟

بەرانبەر پرسێکی ئاوەها، ڕەنگە دیسان قەوانە کۆنەکەی نەبوونی ئازادی و چی و چی لێبدەینەوە... لێرەشدا باس نە لە ئازادی ڕەهایە، کە لە هیچ کونجێکی ئەم دنیایەدا نییە و نە لە ئازادی بەقەدخۆ... باس لەو پەراوێزەیە کە ئەمڕۆ دەزگاکانی میدیا هەیانەو تا ئێستا نرخی نەزانراوە.... یا بە واتایەکی دیکە بەرهەستیی ئەو دەزگایانە لە بەرابەر دەسەڵات و خەڵک نەگەیوەتە ئەو ڕادەیەی شتان لە واقیعی خۆیاندا بخوێنینەوە نەک بە چاویلکەی واقعێکی نامۆ و وێکنەچوو، هەر ئەوەیشە بەرژەوەندییە چارەنووسسازەکانی لە مامەڵەدا لەبەرچاوان دوور ڕاگرتووە، بە نموونە ئەمڕۆ ئەوەی بە ئەزموونی کوردستان ناسراوە بە هەموو ڕەهەند و مەوداکانییەوە و لەگەڵ ئەو تەنکەتەمە نائومێدییەش وای لێ دەخوێندرێتەوە لەبەر ئاستانەی وەرچەرخانێکی تازەدا بێ، پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان لەوێنەی دووڕیانێکی یەکلاکەرەوە لە ئاستۆدا دەردەکەون...

بێگومان وەختێ کار دەگاتە مەسەلەیەکی لەو ڕەنگە، ڕەخنە و ئیرادەیشمان لێی هەبێ، بەشێکی بەرپرسیاریەتی هەنگاوهەڵێنان و هەڵوێست وەرگرتن دەکەوێتە ئەستۆی هەڵسوڕاوانی میدیا و دەزگاکانی، بەتایبەتی لەوەی دەچێتەوە ناو هەر دوو بواری پەروەردە و تەندورستی کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە و ستراتیژی لە بینای ئینساندا دەگێڕن...

ڕێگایەکی ترمان لەبەردەمدا نییە، یا دەبێ هەبین، یا هەبین... ئەم ئەزموونە بە هەموو لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیفەکانییەوە ئاسان نەهاتووە (باوەکو کەموکوڕییەکان بەری ئەم ڕاستییەیشیان گرتبێ) هەزاران ڕۆڵەی دڵسۆزی دیار و نادیار تا ڕادەی خۆفیداکردن بۆی، پێوەی ماندوو بوون.. خۆنەبان کردن لێی، بەهەندنەگرتنی میژوو و وەک هەمیشە نەخوێندنەوەی پەندو عیبرەتەکانیەتی..

هەرگیز ڕۆژگارە چارەنووسسازەکان بە کەمتەرخەمی و بێتموبالاتی و سەرقاڵ کردنی نەوەی نوێ (کە سبەی بەرپرسیاریەتی چارەنووسسازیان دەکەوێتە ئەستۆ) بە ڕووکەشایەتی و چاوڵەدەری و خۆنەخوێندنەوەو لەدەستدانی متمانە و ئینتیما و دواخستنی لەوەی پێویستە دوانەخرێ تێناپەڕن..

دەزگاکانی میدیا هەقە ئەمڕۆ لە شایانترین شێوەیدا سوود لەو پەراوێزە بەردەستە بۆ هەموو ئەو پرس و ڕوانینە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی لە گۆڕێن وەربگرن، ئەوان بە هەر ئاراستەیەکدا بڕۆن یاخود لە هەر کەناڕێکدا بگیرسێنەوە، لەسەریانە ئەگەر پێشزانییەکیان هەبێ بۆ ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکان لە بەشداری پێکردن و بەرچاوڕوونی و خەڵک باخەبەر کردن نەوەستن، چونکە هەر ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە و سیمایان لەو ڕیکلامانە جوانتر و سەرنجڕاکێشتر دەردەخا بڵاویان دەکەنەوە .

گرینگە ئەو دەزگایانە لە کارەکانیاندا هەوڵ بدەن بڕیاربەدەستان ڕووە شاراوەکان لە وەکو خۆی ڕوونتر ببینن.، بەڵام گرنگیشە لە ئاست و پێکهاتە و هاوکێشەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەمە بکەن با گرفیان دیهێنێکی تێکەڵ و پێکەلیش بنوێنێ...

ئەوە ئێمەین کەلاشیش دەدروین و ئەنتەرنێتیش بەکاردەهێنین و سیاسەتیش دەکەین و دیپلۆماتکاریشین و نەخوێندەواریشین و سواری نوێترین ئۆتۆمبێلیش دەبین کە دوا تەکنیکی تێدایە، ئاژەڵ و پەلەوەر و تەماتەو خەیاریش لە دەرەوە دەهێنین ..!

ئەوە ئێمەین لە پێناوی بوونی خۆماندا نانی وشکمان خواردووە و بێکەس بەچۆل و چیایان کەوتووین، ئێمەین ڕۆژگارە تاڵەکانمان لەبیر دەکەین و هیوامان پشت گوێ و ئایندەمان ڕۆژێ بە چاو و زەینی خۆمان نەبینیوە، هەر ئێمەشین دەبین بە هاوپەیمانی زلهێزەکانی دنیا، کە دیسان بەپێوانەی بەرژەوەندی، جارێ فەرشی سوورمان بۆ ڕادەخەن و جارێ پشتمان تێ دەکەن و بکوژ و بڕانمان تێبەردەدەن .

ئێمە وا دەخوازێ هەوڵ بدەین هاوکێشە تازەکان بە چاوی ئەمڕۆ ببینین و بڕیار بدەین هەموومان پێکەوە بژین نەک یەک یەک، ئەوە میژوو و پێشهاتەکانی ڕابردوومانە ئامادەی مەترسییەکانمان پێ دەڵێ تا ئەگەر سبەینێ حیسابێکمان پڕ بە هەناسەی خۆمان، پاش ئەو هەموو زوڵم و غەدری ڕابردوو بۆ نەکرا کە مافی ڕەوای خۆمانە، تین و تاوی ئەوەمان تێدا بێ ئەوەی ئێستا لە ڕووی میوانەوازییەوە یا لە خۆنەدیتن یا پاراستنی چەند بەرژەوەندیەکی کاتی بێهوودە، بێدەنگی لێ کراوە، بەهۆی زۆر ئەگەر کە بێگومان لە مووقەلێشان ون نین، هەر وا نەمێنێتەوە...

زانکۆی سەلاحەدین بڕوانامەی دکتۆرای فەخری دەبەخشێتە کۆچەر بیرکار



زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر مەڕاسیمی ڕێزلێنان و بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە زانای گەورەی کورد(پ.د.کۆچەر بیرکار) ساز دەکات.

ئەنجومەنی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر لە دانیشتنی ژمارە(٢)ی ڕێکەوتی(١٠/٨/ ٢٠١٨) بڕیاریدا بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەبەخشێتە زانای گەورەی کورد (پ.د.کۆچەر بیرکار) بەرامبەر وەرگرتنی بەرزترین خەڵاتی میدالیای فیلدز لە بواری ماتماتیک لە سەر ئاستی جیهان، بۆ ئەم مەبەستە لە کاتژمێر(٢)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی ٢٧/٣/ ٢٠١٩ لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا لە شاری هەولێر زانکۆی سەلاحەدین ڕێورەسمێکی ڕێزلێنان و بەخشین بەڕێوە دەبات. لە مەڕاسیمەکەدا جگە لە پێشکەشکردنی چەند وتارێک، چەند چالاکییەکی کلتووری بەڕێوەدەچن و پاشان لەلایەن سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدینەوە بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە زانای بلیمەتی کورد کۆچەر بیرکار دەبەخشرێت.



نەجات حەمید.. سەلامەتییە

هاوکارمان نەجات حەمید بەرپرسی لاپەڕەی هزرو هونەر ماوەیەکە لەسەر جێ کەوتووە بەهۆی نەشتەرگەرییەوە، بەناوی سەرنووسەرو کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە، هیوای سەلامەتی و زوو چاکبوونەوەی بۆ دەخوازین.

سینەماکاری فەڕەنسی (ئێوا هوسۆن) ئازایەتی و لەخۆبردوویی ژنانی کوردی پیشانی جیهاندا

(کچانی خۆر) فیلمی بەرچاوی فستیڤاڵی نێودەوڵەتی (کان)ی فەڕەنسا بوو





ئا- بەرهەم شێخ عزەدین

فیلمی سینەمایی (کچانی خۆر) لە دەرهێنانی (ئێوا هوسۆن) و بە دەور گێڕانی ئەکتەری ناودای ئێرانی (گوڵشیفتە فەراهانی)و ئەکتەری ناودای فەڕەنسی (ئیمانوئێل بەرەکۆت) و هەروەها سەباردت بە بەرخۆدانی کچانی کوردی کۆبانێ لە دژی گرووپی تیرۆریستی داعش؛ کە لە یەکەمین بەشداریی نێو دەوڵەتی خۆیدا لە بەشی " پێشبڕکێی سەرەکی" حەفتاو یەکەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "کان" لە وڵاتی فەڕەنسا نمایشکراو لە لایەن ڕەخنەگران و ڕۆژنامەنووسانی ناودای سینەمایی جیهانەوە ڕەنگدانەوەی جۆراو جۆری بە دواوە بوو.

(کچانی خۆر) فیلمێکی شەڕی فیمێنیزمییە

پێتێر براشاو ڕەخنەگری گۆڤاری (گاردییەن) سەبارەت بە فیلمی سینەمایی (کچانی خۆر) نووسیویەتی: (ئێوا هوسۆن) دەرهێنەری فەڕەنسی "کچانی خۆر" لە ساز کردنی نوێترین فیلمی خۆیدا کە درامایەکی پارتیزانییە بینەر دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بە بڕوای من، (کچانی خۆر) فیلمێکی شەڕی فیمێنیزمییە: بەرخۆدان، پڕ لە هێماو مەترسیدارە. ئەم فیلمە وەکو فیلمەکانی دیکەی ئەم ژەنەرالە، بەرهەمێکی دوور لەپێچ و پەناو دوو لایەنەیە کە باش و خراپ تیایدا ڕوون و ئاشکرایە. بە تایبەت دوو دیمەنی ئەکشێنی ئەم فیلمە لەوانە: هەڵاتنی (بەهار) بە دەور گێڕانی "گوڵشیفتە فەراهانی" لەگەڵ ژنانی دیکەی کە بە دیل گیراون یەکێکە لەو دیمەنانەی کە بە جوانی وێنە گیراوەو کاریگەرییەکی باشی لە سەر بینەر هەیە.

شەڕ ئەو توانایەی هەیە کە نایەکسانی ڕەگەزیی و کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەوە بگێڕێتەوە

لی ماڕشاڵ) ڕەخنەگری ماڵپەڕی سینەمایی "ئیسکرین دەیلی" نووسیوییەتی: پەیامی فیمێنیستی ئەم فیلمە ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەی کە بە چ شێوەیەک شەڕ ئەو توانایەی هەیە کە نایەکسانی ڕەگەزیی و کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەوە بگێڕێتەوە. "گوڵشیفتە فەراهانی" و "ئیمانوئێل بەرەکۆت" لەم فیلمەدا تواناو داهێنانی خۆیان بۆ دەور گێڕانی ڕۆڵەکانیان نیشاندواەو بە باشی لەم فیلمەدا کەڵکیان لێوەرگیراوە.

ئازایەتی و بێباکی و لەخۆبردوویی ژنانی کورد

(ئێوا هوسۆن) ئاگادار بوون لە ڕەفتاری نامرۆڤانەی داعش لەگەڵ ئێزدییەکان لە کوردستانی عێراق و بەسەرهاتە خەمناک و دڵتەزێنەکانی ژنان و کچانی بەدیلگیراوی کوردی بە ئەنگێزەی سەرەکیی خۆی لە باسکردنی ئەم بابەتە ناو برد. بە گوتەی ئەم دەرهێنەرە ناوداره فەڕەنسییە، ئازایەتی و بێباکی و لە خۆبردوویی ژنانی کورد لە خەباتی چەکدارانە لەگەڵ داعش بە ڕاستی کاریگەری لەسەر ئەو هەبوو، هەر بەم هۆیەشەوە بڕیاریداوە، چەند گۆشەیەک لەم خەباتە قارەمانانەیە وێنە بگرێت.

(ئێوا هوسۆن) یەکێکە لە سینەماکارانی ژنی ناوداری سینەمای فەڕەنسا بەرهەمگەلێکی دەرەوشاوەی وەکو (بە هیوای مردن)، (بۆ ئەوانەی کە هەمیشە ئاڵۆزن) و (گەنگ بەنگ)ی لە کارنامەی پیشەیی خۆیدا هەیە.

گرووپی موزیکی (داز ڕودبار زەمین)



ڕێبوار هەورامی: ئەم گرووپە جوانە موزیکییە لە هەرێمی (کرمانی) باشووری ئێران دروست بووە و بەناوەکانی (ڕودباری باشوور) و (داز داز) کە جۆرێکە لە داری خورما کە لە هەرێمی کرمان و بلوجستاندا هەیە، زۆربەی گۆرانیەکانیشیان بە دیالێکتی (ڕودباری) یە، ئەم گرووپە موزیکیە هونەریە بە سەرپەرشتی (فیردوس ئەمیری) دروست بووە و (نەغمە ئەسفەهانی) و (مەسعود حەسەن پور) دوو گۆرانیبێژی دیاری ئەم گرووپەن، بەرهەمەکانیان لە ڕووی موزیک و ئاوازەوە دەوڵەمەندن بەڵام لە ڕووی تەکنیکی وێنەگرتنەوە هەڕاریەکی پێوە دیارە چونکە سەرجەم کارەکانیان لەسەر ئەرک و ماندوو بونی خۆیانە، لە بەرهەمەکانیاندا گرنگیەکی زۆر بە کەلتوور ڕەسەنایەتی هەرێمی کرمان دەدەن و بە جلوبەرگی ناوچەکەوە نمایشی خۆیان دەکەن.